
رۆمان
دزێک بیرەوەریم
دەنوسێتەوە
شوان حەسەن
PicCollage

# دزێک بیرەوەریم دەنووسێتەوە

- رۆمان -

نووسینی: شوان حەسەن

- سوپاس بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی یارمەتیان داوم، ناوهێنانیان بۆ کاتی پێویست هەڵدەگرم.

هەینیە و گەڕەک بە ڕووت وقووتی لەسەر پشت لێی ڕاکشاوە. چڵکاوی ماڵان، ئەو بەیانیە بۆنی سەرجێیی لێدێ، پیاوەکان بە خاوێنی لەسەر جێگەکانیان لێڕادەکشێن و ژنەکانیش هێشتا کەزیەکانیان دڵۆپ دڵۆپ تەڕاتی پشتیان دەنووسێتەوە، هەموو کەسێک ئەو کۆدە سادەیە دەزانێ.

ئێرە چەند هەزار مەترێک لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی شوێنەوارێکەوە دوورە کە تائێستا مرۆڤی تێدا دەژی.

بە ڕستەی دوایی دڵخۆشتر بە..

ئێرە چەند کیلۆمەترێک لەو ئەشکەفتەوە دوورە کە مرۆڤی نیاندرتالیان تێیدا دۆزیەوەتەوە، (تۆ ڕاست دەکەیت وشەی نیاندرتال دەمانباتەوە بۆ جوگرافیاو مێژوویکی جودا) دیارە شوێنەوارناسان مەبەستیان هاوشێوەکەیەتی.

دڵنیابوونمان لەو ڕاستیە ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراوانتر دەکات کە هەرگیز وابیر نەکەینەوە، ئێرە لەسەر نەخشەی جیهاندا نیە، ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێ کە مرۆڤایەتی لێرەوە بەرەو وشکایی هەنگاوی نابێ. ئەگەر ئەوەش جێگەی گومان بێ، دەکەوێتە خانەی گومانە خۆشەکانەوە، ئەوە نیە لەکاتێکدا دەڵێین نوح کەسێکی ئەفسانەیی بووە و هەمان چیرۆک لە داستانی گلگامێشیشدا هاتووە! لەلایەکیتریش شەڕ لەسەر ئەوە دەکەین و چەندان بەڵگە دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەشتیەکە لەسەر لوتکەیەک نیشتۆتەوە کە دەکەوێتە کوردستان، شوێنەوارناسێک هەیە لەتەلەفزیۆن دیتم دەیگوت: دەکەوێتە ناو جەرگەی کوردستان!!

خۆ دەکرێ مرۆڤ ئەو پرسیارەش بکات: ئایا ئەو مەسەلەیە چ لە پێوەرە گشتیەکە دەگۆڕێ؟ خۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەر سەرەتایی دەژی، دەبێ شانازی بەڕابردوو چ ئاوێنەیەک بێ بۆ ئێستای؟! نازانم!

پاش کەمێکیتر حوسێن دێ و بەدەم پێکەنینەوە باسی دوێنێ شەومان بۆ دەکات، ئەو لە گێڕانەوە هێندە ورد و بەتوانایە وای لێکردووم بەدوای تێبینیەکانی ئەودا بگەڕێم.

ئێ وایە بۆ باوکم لە هەموو شتێک یەکەمەو نابێ نانیش بخۆین هەتا ئەو نێتەوە، جگە لەوەش سینگی مریشکەکەش هەر بۆ ئەوە. تەنها لە خۆشوشتن لە دوای هەموومانە، حوسێن گوتەنی هەر بۆ ئەوە نیە کە ئێمە بنووین و ئەویش . . . ئەمن هەر نایەتە سەر زمانم باسیشی بکەم، نەفرەتت لێبێ حوسێن! کەتنەکەشی پێکردووم ئەو نەعلەتیە نەک هەر شەرم دەکەم بیگێڕمەوە، کە دایکیشی دەبینم سەرم شۆڕدەکەمەوە، خۆ دەزانم ئەوەی لەنێوانمان ڕوویدا خەون بوو، بەڵام چۆن دەبێ خەونی ئەوها ببینم؟!

حوسێن دەڵێ: هەموو ئێوارەی پێنجشەمان باوکم ئەکتەرێکی توورەیە و هەر زوو دەستپێدەکات کاتێ نانەکەی تەواوکرد، قاپەکە بەتوندی لە پێشە خۆی لادەدات و دەڵێ: هیچم پێناخورێ، خێرا لایدەن..

خۆشیەکە لەوەیە هەمووشی تەواوکردووە، بابم بۆ ئەوەی نائارامیەک دروستبکات هەر لە حەوشە بەپێوە هاتوچۆدەکات، هەنجەت بە هەموو شتێک دەگرێ، چەند پێنجشەمەیەک بەر لە ئێستا گوتی:

- ئەو گلۆپە بۆ وا کزە؟

کەس پێڕانەگەیشت وەلامی بداتەوە هەر بە خۆی:

- ئێ چۆن کز نابێ، بە ملی شکاتان ئەوەندە درەنگ دەخەون، چا نیە نەشسووتایە!

حوسێن ئەو قسانە کە دەگێڕێتەوە لە زۆربەیان چاو لە باوکی دەکات، ناڵێم لە لاساییکردنەوە زۆر زیرەکە بەڵام کە لاسایی باوکی دەکاتەوە زۆر پێدەچێ، دوێنێ تەماشی فیلمەکمان دەکرد یەکەم جار بوو، یەکەم جاربوو نمایش دەکرا، لەناکاو باوکم گوتی:

- ناکە دیسان سەیری ئەو فلیمە بکەنەوە ؟

+ بابە ئەوە یەکمجارە داوێ.

- یەکەم جاری چ! هیچ پووچ، ئەو سەر حیزەم سەد جار دیتیە.

+ پیاوەکەت دیتیە، بەس فیلمەکەت نەدیتیە.

باش بوو ئەمن نەبووم عەلی بوو، زللەیەکی مزری خوارد.

-ئەدی ئەمن باسی چ دەکەم ئەفەندی! دوایی ئەتو تەماشای چ دەکەی خۆ عەرەبیش نازانی دەماغسز..

حوسێن ئەوەشی باس کرد کە لە قورئاندا هاتووە،دوای جووت بوون یان کە خەون بە شەیتانەوە ببینین، دەبێ خۆمان بسمیل بکەین، چونکە پیسە.

ئێستا دەبێت بچینەوە کۆڵان، پاشان دێینە سەر ئەو باسە، بابزانین ئەو دەنگە دەنگە چیە!

- هەموو خەتایی کوڕی دووسایدیە.

+ ئەحمەدۆک بەسەری سپی بۆ بوختان بۆ خەلک دەکەیت؟! لەترسی فاتە نەبوایە لەمێژبوو ئەتوش دەتکردە دوو ژن.

مام ئەحمەد هەر وایە قسەیەک فڕێدەدات و ئەگەر ئاشکرابێ ئەوە خۆی بێدەنگ دەکات. هەر چەندە وا دیارە بەکری پلکە مامزیان لەگەڵدایە و قوتوویەکی نیدۆ چەند بەردێکیان تێکردووە و بە پەتکێک لە کلکی سەگەکەیان بەستاوە و بە هاوار هاواری خۆیان و دەنگی بەردەکانی ناو قوتوەکە، سەگەکەیان هەراسان کردووە.

منداڵەکان رادەوەستن و کۆلان کشومات دەبێ.

ئامانج لەولاوە هات بە نەرمی سەگەکەی لە پەنایەک ڕاگرت بە شێوەیەک بۆ سەگەکە دەچێ، گومان دەکەیت کە پێشتر یەکتر نەناسن، دەیەوێ گرێیەکە لە کلکی سەگەکە بکاتەوە، بەڵام وا شەتەک دراوە پێی ناکرێتەوە، چەقۆکەی لە گیرفانی دەردێنێ و پەتەکە لە نزیک کلکی دەبڕێ، دەرگاکەی ماڵی مام قادر دەکرێتەوە و دەنگ دێتەوە ناو گەڕەک، سەگەکە لە ترسا ڕادەکات و ئامانجیش چەقۆکەی لە گیرفانی دەنێ و بەو کارەش هەردوو لێکدانەوە لەسەر خۆی گەرمتر دەکات، یەکێکیان کە ئازایە وکارێکی چاکی کرد، دووەمیان بۆ چەقۆی پێیە گەر شەڕانی نەبێ! کەچی کەسێکیتر هەیە کە ماوەیەکە هاتوونەتە ئەو گەڕەکە و خوێندنەوەیەکی میهرەبانی بۆ دەکات،لەنامەیەک و هەندێک وردەکاری گەر دەستم کەوت، لەکاتی خۆی پێکەوە دەیخوێنینەوە ، وا هەست دەکەم زۆرم نەماوە بیگەمێ.

ئامانج چەندان جار بەرێکەوت لەگەڵ شەماڵ و برادەرەکانی راوەستایە و بەڵکو پێش ئەویش دەیانناسی، بەس بۆ ئەو تەنها کوڕی گەڕەکن و تێکەڵاویان نابێ، بەڵام چەند جارێکە لەبەر شەماڵ وا هەڵدەکەوی کە لەگەڵیان دەوەستێ، بەڵام کەمدوویییەکەی هیچ لێکخشانێکی لەو نێوانە جێنەهێشتیە، بەڵام شەماڵ هێندە

خۆشیدەویٚ هەر بە ئامانجی برام باسی دەکات، جگە لەوەش هاتوچۆی خێزانییان هەیە.

ئەو ئێوارەیەش کە بەلایاندا ڕەتبوو نیازی وەستانی نەبوو، بەڵام ئەو ڕستەیەی شەماڵ وای لێکرد بوەستیٚ:

-کەمێک بوەستە دوایی پێکەوە دەڕۆین ئیشم پێتە!

دەتگوت نیازیان وایە خۆیان بۆ شانۆگەرییەک ئامادەبکەن، تۆ وا بکە وئەمن وا دەکەم، لەپڕ سالار ملی ئارامی گرت و گوتی:

بخوێنە..

ئارام لەحالەتی دانیشتن بوو و دەلەرزی..

بخوێنە بە ناوی خودا

ئارام خەریک بوو پشتاوپشت بەر بێتەوە و کردیە پێکەنین ، بەڵام سالار شێوە جدیەتی پێوە دیاربوو.

ئارام گوتی:

- لیکاوت کەوتە پشتی ملم.

سالار ڕووی لە برادەران کرد:

ئاخر پێم ناڵێن مرۆڤ چۆن فێری خوێندن دەبیٚ؟

شەماڵ یەکسەر بەپێکەنینەوە گوتی:

لەوانەیە مەبەستی ئەوە بیٚ، ناو لەپی خۆی بخوێنێتەوە.

هەر یەکەو قسەیەکی دەکرد، ئامانج چەندی دەکرد لەو خۆشیە بگات کە ئەوان هەیانبوو نەیدەتوانی، جگە لە سەرسوڕمانی کەسێکیتر ئاگای لێنەبوو.

کاتێ لەگەڵ شەماڵ لەبرادەران جودابوونەوە، شەماڵ بەدوورو درێژی بۆی باسکرد، ئامانج نەدەچووە ئەقڵی کە ئەو دەست و پێ سپیانە لە خوێندن بەولاوە باسی شتێکیتر بکەن، کەسیش نا گاڵتە بە خواو پێغەمبەر دەکەن.
کە لێک جودابوونەوە هەر کەسێک ئامانجی دیتبا هەستیدەکرد بەنجبوونێکی پێوە دیارە یاخود بەزمانی گەڕەک هێرببۆوە کە گەیشتە ماڵەوەش زولێخا و ئاواز گاڵتەیان لەگەڵ کرد، بەڵام شێوەی پێکەنینەکەی هەر ئەوەی لێدەخوێندرایەوە.

❋❋❋❋

چووە سەربان و پاکەت و شخاتەکەی لە ناو گۆرەویەکەی دەرکرد و بەدەم بەرێکردنی دووکەڵ بۆ دەوربەری، رستەکانی شەماڵوانی دووبارە دەکردەوە، گەر کەمێک لێینزیک بوویتایە گوێت لەو ڕستانە دەبوو:
خوایە تۆبە گووم خوارد!
خوایە ئەمن نەبووم ئەوان وایانگوت!
خوایە بمبەخشە!
کاتێ هەموو هاتنە سەربان، هەستیدەکرد دووری جێگاکەی لەوان بەتایبەتی لەو شەوە لەبەرژەوەندی ئەودا نیە، بۆیە جێگامان دوورکردەوە تا بۆن وجوولەی خەیاڵی نەگاتە ئەوان، کەچی کە دەچێتە ژێر بە تانیەکەی هەرچی شێخ و مەشایخ هەیە دەوری دەدەن، جارێ مەلا ئەنوەر هەر وازی لێناهێنی کە ددانەکانی چیڕ دەکاتەوە و باسی ئاگر و دۆزەخی بۆ دەکات: ئەوجا پەنا بۆ کێ دەبەیت، کەس بە هاناتەوە نایەت قوربەسەر، بۆ قەرزەکانی خوات نەداوە؟ هەی بێ وەڵام، هەر بەوەندەش ڕانەوەستایت چووی لەدیار ئەو کافرانە ڕاوەستایت؟!

ئەی لەو شەوە، بڕوا ناکەم شەوی یەڵدا هێندە درێژ بێ، گەورەترین ئازاری شەو بۆ من ئەوەیە کە کاتی خەو دادێ سنووری جوولەم لەبازنەی جێگاکەم دەرناچێ.

-هەستە کورم، برۆ نان بکرە.

ئەو ڕستەیە جگە لەوەی کە دەبێتە هەواڵێکی خۆش واتە ئەو شەوەشمان بەڕێکرد ولە هەمان کاتدا دەکەوێتە زەمەنێکی خۆشیش، پەلەم لێمەکە بۆت دەگێڕمەوە.

نانەواخانە زۆربەی کات قەڵەباڵغە. نا تۆزێک پەلەم کرد با بەر لەوەی بچینە ئەوێندەر، ڕاستیەکتان بۆ بدرکێنم، ئەو چەند مانگەی دوایی نەبێت، ئامانج قەت حەزی نە دەکرد بچێتە نانکڕین، یا نەچینە وردەکاری بۆ؟ لەبەرچی؟ تادوایی.......

دەچین و بەشە خۆشەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، لەوانەیە هەندێک لە ئێوە چوویێتە ئەو نانەواخانەیە و کچێکی قژ سۆر تا گەردن، جارێک لە ماڵی برادەرێکم ئەو بەسەرهاتەم گێڕایەوە، هاوسەری برادەرەکەم گوتی: ئەو شێوە قژ بڕینە پێیدەڵێن کارێ. ڕەنگی پێستی سۆرباو و لێوی کە زۆر جوانە نازانم چۆن وەسفی بکەم. نازانم بۆ وشەیەک نیە یەکسەر جوانیەکە بۆ مرۆڤ نیشانبدات. لێو ئەو شوێنەی چێژی خۆشەویستی لێشاردراوەتەوە، گەر بڵێم جوانی لێو وشەش شیرنتر دەکات لەوانەیە خەڵکێک لێم تووڕەبێت، ئێ چیبکەم ئەو کچە بەو پێوەرە کوردیەی کە هەیە، بەشەک لە جوانیەکەی لەدەست دەدات کە دەڵێن شەرتی جوانی کچ چاو و برۆیە، کەچی ئەو برۆیەکانی ئەوەندە کاڵ بوون تا نزیک نەبوویتایە نەتدەبینین چاوەکانیشی جوان بوون بەڵام بچووک، ئەوە نەبێت نەتوانم داکۆکی لە جوانیی ئەو بکەم، ئازیزان، لە جوانناسیی مۆدیرن پێوەرێک

هەیە، لە روحی جوانی نزیکترە کە دەڵێت: هەموو ئەو بەشانەی مرۆڤ زێدە جوانن کە فۆرمێک دروست دەکەن. ئەو کچەش کە ئامانج ناوی لێنابوو بولبولی خورمایی هەر کە ڕووبەڕووی دەبوویتەوە لێوەکانی سەرنجی ڕادەکێشایت، با ئەوەش بڵێم کولمەکانیشی جوان بوون.

دوو مەکسی هەیە یەکێکیان سۆرە و ئەویتریان شینەکی کاڵە کە ئێستا لەبەری کردووە و لە بزە گۆڕینەوەماندا شەپۆل دەدات، بە چاو و خەندە هەموو شتێکمان یەکلا کردیتەوە، تەنێ لەسەر ئەوە ماوەتەوە کە داواکەی باوکی جێبەجێ بکەم، کارێک بدۆزمەوە.

تکایە بوەستە حەزدەکەم گوێم لە دەنگی بێت.

- هەشت نانت دەوێ وەک هەموو ڕۆژێ؟

دیتت دارای نانەوا بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە ئاگای لێیەتی چۆن پرسیاری لێکرد، ئەمن جارێ واز لەو دێنم، هەستی بیستنم کۆدەکەمەوە لە نێوان پێکەنیندا وسەرلەقاندنەکەی تەنها یەک وشە دەڵێ کە بەڵێیە، ئەگەر لێی بێئاگابم لەدەستم دەچێ.

تادێ زیاتر بەڕووی دارا پێدەکەنێ، ئەمنیش خۆ لەوە دەگەم کە هەڵەکە هی ئێمەیە، لەوانەیە قسەکەی حوسێن ڕاست بێ، بیەوێ ئەمن غیرەتەک بدەمە خۆم و زیاتر بچمە پێش، بەس بەو شێوەیە کە من نەزانم نیشانەی پرسیار یان سەرسوڕمان دانێم ، بڕوادەکەن دارا نەک هەر ناوبانگی خراپە، بەڵکو بەهەرەیەکی سەیریشی هەیە لە کێشکردنی ژنان، جا چ ناوێکی لێدەنێن کەیفی خۆتانە، باوەڕپێهێنان یان هەڵخەلەتاندن!

ڕۆژێک پێیگوتم : ئامانج لەبەر چاوی تۆ نەبێت لە نێوان دوو نانی گەرمی دەنێم.

زۆر داغ لە دڵبووم، بۆ خۆم لە هەڵێک دەگەڕام
+گوێبگرە دارای هیچ و پووچ، سنووری خۆت نەزانیت، چاوت دەردێنم.
پێتـان سـەیر نەبێـت کە وەڵامی نەدامەوە، لەبەرئەوەی یەکترمـان دەناسـی، ئەو دەیزانی لێیدەدەم و ئەمنیش دەمزانی ئەو پیاوی پارە و ڕابواردنە.
لەو ڕۆژەوە نێوانمان تێکچووە.

❊❊❊❊

کە حوسێن لەدەرگای دا، ئامانج  دەستی لە نان هەڵگرتبوو.
- بابڕۆین
ڕۆیشتن و لە دەرگای ماڵی کاروانیشیان داو پێکەوە و بە ئاسایی  کۆڵانەکەیـان بە خێرایی بڕی، بۆ ئەوەی جغارەکانیان داگیرسێنن، بێگومان ئەوە خاڵێکی گرنگە لە نەریتـی کـۆڵان دا، چـونکە تـۆ مـولکی هەمـوو کۆڵانیـت، قسـە خـۆش و وجموجۆڵەکـانی حوسـێن بە دەگـمەن ڕێگـە بەوە دەدەن کە ئەو دوو هـاوڕێیەی

لەگەڵیەتی نیشانەی پرسیار بە دەم و چاویانەوە دیار بێ، هەتا ئەمنیش زۆر جار ویستوومە بزانم کاروان یا ئامانج چی دەڵێن، لەبەر خێرایی وەڵامی حوسێن نەمتوانیوە چاو بخەمە سەر ئەوان، ئاخر کاروان بەلاش نیە کە دەڵێت: حوسێن لە ماڵەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە ڕۆژی داهاتوو باسی چی بکات.

ئەمن دەزانم ئامانج دەیەوێ پرسیار بکات، بەڵام ئایا پێڕادەگا یان نا، ئەوە نازانم ؟ شتێکی سەیر روویدا، کاروان بەدەستی ڕاستەی دەستی چەپەی حوسێنی گرت و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، دیارە ئەوەیان لا ئاشکرا بوو کە غوبارێک دەم و چاوی ئامانجی داپۆشیوە.

- هیچ بووە ئامانج؟

دەمەوێ دوو پرسیار بکەم.

با وشەی قەبە و گەورە بۆ شێوەی ئەوان دانەنێم، بەڵام هەست دەکەیت جدیەت زیاتر کۆیکردوونەتەوە، ئەوەشیان زۆر خۆش و جوانە جگە لەوەی کە زۆر چاک لە گچکەترین جوولەی یەکتر تێکدەگەن ، زۆر بە خەمی یەکەوەشن، هەروەها ئاسوودەییش بە ئاسانی لەدەم و چاویان دەخوێنیەوە کاتێ یەکێکیان سەرکەوتنێک بەدەست دێنێ، با ئەو وتەی کۆڵانیشتان بۆ باس بکەم کە قسە دێتە سەر باسی برادەرایەتی ، دەڵێن:

وەک ئامانج و حوسێن و کاروان..

ئەوەشت لەبیر نەچێت ئەی ئەو کەسەی ئەو نووسینە دەخوێنیتەوە، دوو برادەری تەبا زۆرن، بەڵام ئەمن تەبایی سێم کەم بیستووە.

-قەت گومانتان لە بوونی خوا هەبووە؟

-توخوا ئەوە پرسیارە! خوایە تۆبە ئەستەغفیرەڵا.

- نەخێر قەت گومانمان نەبووە، ئەمن پرسیارەک لە تۆ دەکەم توخوا ئەوە قسەی شەماڵوان نیە؟

- ئێ براکەم ئێمە چ کێشەیەک و کەموکوڕیەکمان هەیە ؟ بۆ خۆمان لەو پرسیارە بێ مانایانە بدەین، دوایی چ سوودەکی هەیە؟

حوسێن درێژەی پێدا: چۆن ڕێگەت دا ئەو پرسیارە بخەنە مێشکت؟

- دواتر شتێکی شەماڵت بۆ دەگێڕمەوە، ئیدی بەهەموو ژیانت سەلامی لێناکەی، بەس ئێستا بە خوای پێت ناڵێم.

- کاروان سوێند مەخۆ، حەزدەکەم بۆم باس بکەیت تا بۆت بسەلمێنم کە درۆیە، تۆ دەزانیت ئەمن شەماڵم خۆشدەوێ.!

-باشە لە کاتی خۆی پێت دەڵێم.

بێ دەنگی هاتە نێوانیان و چەند هەنگاوێک لە گەڵیان ڕۆیشت.

-توخوا پرسیاری دووەمیش بکە، گەر وەک پرسیاری یەکەمە هەر مەیکە.

بە ئاخ هەڵکێشانەوە،

-بولبولی خورمایی لە گومان و نیگەرانی دەمخنکێنێ و سەرەتاکەی نادۆزمەوە.

-ئەگەر ئەمن بوومایە...

-حوسێن!

-ببوورە، مەبەستم تووشی هەمان حالەتی تۆ بوومایە.

-کچ نەیدوێنی نازانی چی لەمێشکی دەخولێتەوە، هەنگاو نەهاوێشتنی تۆش بارودۆخەکەی بێ ماناکردووە..

کاروان وایگوت:

- چاوەکەم مەبەستم بولبولی خورمایی نیە، بەڵام دەڵێم کچێک سەیرم بکات و لەگەڵم پێبکەنێ، یەکسەر قسەی لەگەڵ دەکەم، دیتت چم بە کچە قژ درێژەکە گوت، سەرەتا تووڕەبوو بەس کە هۆی تووڕەبوونەکەیم زانی وەڵامم داوە پێکەنی .

- شێت دەبم ،رەفزم بداتێ.

-نازانم بۆ هێندە بیر لە لایەنی خراپ دەکەیتەوە؟ خۆ من چەند جار لەنانەواخانەکە دیتوومە، کچە بە چاو هەموو شتێکت پێدەڵێ، بڕوام پێبکە رەفزت بداتێ، لەو دوو دڵیە باشترە.

-ئەوهام پێخۆشترە لەرەفزەکە، بۆ خۆم بە ئاسوودەیی لەگەڵ خەیاڵەکەمدا دەژیم.

-چت پێخۆشترە، تۆ نازانیت گەمەی قبوڵکردن چەند خۆشە، دەنا یەک دەقەش ڕانەدەوەستایت، دەزانم ڕاستیت پێناخۆشە بەڵام بڕوام پێبکە ئەوها بەردەوام بیت بولبولی خورمایی چاوەڕوانت ناکات.

-دەبێ ئێوە لەسەر هەقبن، بەڵام زۆر بیر لەڕەفزەکە دەکەمەوە.

-رەفز چیە، قسەیەکی خۆش هەموو دنیا دەهێنێ، مام جەمیل دەیگوت: ماچی یار هەزار حەیزەران دێنێ هە، هەهەهەهە.

-ئەگەر رەفزم بداتێ ئەویشم دەچێ و نانەواخانەکەشم دەچێ و نزیکترین نانەواخانە ئەوەی ماڵی مام قادرە کە 15 دەقیقە دوورە هەهەهەهەهەهە.

تووشی چەند هاوپۆلێک بوون و بەدەم بابەتی سەرپێییەوە گەیشتنە قوتابخانە.

ژیان زۆر بە سادە دەڕوات و نازانی مرۆڤەکان بە چ دڵیان خۆشە، هەر پێدەکەنن. گەر بێ و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو قۆناغە و ئێستا بکەیت، تەمتومانێک بەر چاوەکانت دەگرێ، بەس با ئەو زەمەنە بە جێنهەیڵین، ئەگەرچی ژیان لێرە سادە

وساكار و بێ ئامرازترە، کەچی مرۆڤەکان دڵیان خۆشە بەوەی کە هەموویان لە خەیاڵی خۆیان هاوڕان کە شتێک هەیە ناوی هیوایە.

ئەمن ناڵێم بێهیواکانی ئێستا بە دوام کەون، کێ دەڵێ لەوانەیە لەگەڵم بێن وچرۆ دەربکەن...

چیتان زەرەر کردووە، بۆ نایەن؟

دەزانن تا ئێستا کەس نازانێ بۆچ جاری دووەم ئامانج حەزی کرد بچێتەوە لایان و هۆیەکەشی لای کەس نەدرکاندووە.

تۆ سەیری بکە وا نزیکی ئەوان دەبێتەوە و قەیتانی کالەکەی شل دەکاتەوە و دووبارە توندی دەکاتەوە، شەماڵ پشتی لەوە، بەڵام ئاوڕدانەوە خێراکەی و چوونی بۆ لای وەک ئەوە وایە کەسێک پێی گوتبێ.

-ئەگەر ئیشێکی تایبەتت نیە، وەرە لەگەڵ ئێمە بوەستە.

-ئەمن تەنها پەیوەندیم لەگەڵ تۆ هەیە و قەت بە تایبەت لەگەڵ وان نەوەستایمە.

-ئەوان تۆیان زۆر خۆشدەوێت، حەزدەکەن لە نزیکەوە بتناسن.

شەماڵ دەستی لە ملیکرد و پێکەوە بەرەو لای برادەرەکان ڕۆیشتن.

دوای چاک و چۆنی بێدەنگیەک قوڕگی ڕاوەستانەکەی وشککرد و ئامانجی خستە حالەتێکی ناجێگر و خەریک بوو جغارەیەک دەربهێنێ، بەڵام پەشیمانبۆوە، هەستیکرد خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە.

ئەحمەد گوتی:

سەد خۆزگەم بە مەسیحیەکان، خۆ ئەوان لە وانەی دین دەچنە دەرەوە.

-باشە بۆ ئێمە تەنها ئیسلام دەخوێنین؟ خۆ ئەوانی دیکەش دینن، بۆ ناوی لێنانێن وانەی ئیسلام بە تەنها؟!
ئازاد وا هاتە ناو بابەتەکە.
-مرۆڤ نابێ خۆزگە بە هیچ دینێک بخوازێت، ڕاستە لە هەندەک شت جیاوازیان هەیە، ئەمنیش لای کاکم وام باسکرد ئەو گوتی: بە وردەکاریەکان هەڵمەخەڵەتێ هەموو دینەکان لە شتە سەرەکیەکان هاوڕان و بۆ ئامانجە گەورەکەیان مرۆڤەکان لە قالب دەدەن.
ئامانج جگە لەوەی بە باشی لە قسەکانی سالار نەدەگەیشت، بەڵام هەوڵیدەدا بە قسەکان ڕابگات، هەرچەندە ئەو کاتیش ئەوەی نەدەزانی کە سالار برایەکی مامۆستای زانکۆیە و برایەکیشی پێشمەرگەیە.
-وایە ئەمنیش لەگەڵ دوو هاوپۆلی مەسیحی قسەم کردیە، تەنها ئەو قسانەیان پێخۆشە کە دژی ئیسلامە، بەڵام کە باسی مەسیحیەتییان لەگەڵ بکەیت یەکسەر تووڕەدەبن، بەڵام ئەوەی کە لێیان تێگەیشتم و پێم سەیر بوو ئەوان دین کۆیان دەکاتەوە.
ئێوە دەزانن کە ئەکرەم زمان دەگرێ، بۆیە ئەو ڕستانەی زۆر بە دوور و درێژی تەواو کرد.
شەماڵ تا ئەو کاتە قسەی نەکردبوو، تەنها بە چاوەکانی سەرنجی ئامانجی بۆ قسەکان ڕادەکێشا و تەنها ئەوەندەی گوت: ئەگەر مرۆڤ بەوردی لە قسەکانی ئازاد بکۆڵێتەوە، لەوە دەگات کە بۆ ئێمە تەنها ئیسلام دەخوێنین، نیشانەی ئەوەیە کە ئیسلام کەسێکیتر قبوڵ ناکات.

ئامانج لە نێوان پرسیار و وەڵامدا نازانێ چۆن دەستەکانی بشارێتەوە و واهەست دەکەم گفتوگۆیەکەی پێخۆشە وبەڵام کە بەباتەکان ڕاناگات هەست بەبێ دەسەڵاتی خۆی دەکات ئەوەش بۆ ئەو، ئەو ژینگەیە نیە کە کەسێک بێت و پێشەنگایەتی لێبستێنێ .

بزانین باسی چی دەکەن؟ باسی کتێبێک دەکەن بە جوانە و ڕاست دەکەی بۆ یەکتری تەواوی دەکەن. شەماڵ بۆ ئەوەی ئامانج بێنێتە ناو بابەتەکەوە ئاسانکاریمان بۆ دەکات: برا ئەو ڕۆمانە باسی کوڕێک دەکات کەناوی پاڤێلە، ئەو کوڕە لە ڕێکخراوێکی نهێنی کار دەکات و دەگیرێ، دایکی هەڵدەستێ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی کوڕەکەی، جا سیاسەت چ لەو ئافرەتە دەکات ؟ چ گۆڕانکاریەکی بەسەر دادەهێنێت و دنیایەک پرسیاریتر لای خوێنەر درووست دەکات، دەگوترێت کەم کەس هەیە لە دنیا ئەو ڕۆمانەی نەخوێندبێتەوە .

ڕووی کردە عومەر: ئەگەر کەس پێی نەگوتوویت ئەوە بیدە ئامانجی برام.

دیاربوو عومەر پێیگوت: کە بەشەکی کەمی مایە، سبەی ئێوارە بۆت دێنم، لەو کاتە برا گچکەکەی ئازاد هات و پێیڕاگەیاند کە باوکی گوتوویەتی با بێتەوە، ئەوانیتریش وردە وردە پەرتەیان لێکرد و ئامانج و شەماڵیش پێکەوە کەوتنە ڕێ.

-بۆ منت تووشی ئەو کتێبە کرد، خۆ بەخۆت دەزانی ئەمن ڕقم لە کتێبە.

-ئەوە وەک کتێبی قوتابخانە نیە، دڵنیابە حەزی لێدەکەیت.

ئێ، گەورەیی قەبارەکەی ترساندی، بۆیە تادرەنگانی شەو دەستی بۆ نەبرد، هەموو چوونە سەربان ئەو هێشتا لە خوارەوە بوو، دەتگوت چاوشارکێ لەگەڵ کتێبەکە دەکات، بەدوای ئەو شوێنانەدا گەڕا کە ئەوان باسیان کردبوو

نەیدۆزینەوە، ئا ئەوەم بەبیر هاتەوە جارێک بەڕێکەوت هاوڕێیەک ئەوەی بۆ گێڕامەوە، گوتی: دلێر (ناوی ئامانجە لە پێشمەرگایەتی) گوتوویەتی یەکەم کتێبم کە خوێندەوە لەبەر ئەوە بوو حەزمدەکرد لە چەند برادەرێکی نوێ نزیک ببمەوە، بەڵام دوایی هەر خوێندنەوە و سیاسەتیش بوو، وای لێکردم لێیان دوورکەومەوە؟

هەرچەندە ئەوە پرسیارەکی لای من درووستکرد و بەشێوەیەک لێم کرد، لەوەلامدا گوتی: سەیرە چۆن تاقەتی ئەو پرسیارانەت هەیە؟

کاتێ دەست بەخوێندنەوەی دەکات، هێندە دەچێتە ناو خوێندنەوەی خەودەبیاتەوە، کە بە خەبەری دێنن جاری یەکەمە کتێبەکی لەسەر سینگ دەبینن، ئەگەر ئاوات نەیگوتبا ئەوە کتێبی قوتابخانە نیە، باوکی دڵی زۆر پێخۆش دەبوو، بەڵام ئاوات خۆ هێندە گەورەو زیرەک نەبوو، چۆن زانی ئەوە کتێبی قوتابخانە نیە ؟ سەیرە قەت ئەو پرسیارەم لێی نەکردووە، تازەش هیچ.

❊❊❊❊

ئەو بەیانیەش نانکڕین و بولبولی خورمایی هەمان چیرۆکی خۆیان نووسیەوە.

جیاوازیەکە لە دوای قوتابخانە دەست پێدەکات، بە کاراون وحوسێنی گوت: چاوەڕوانم مەکەن ئەمن ئیشم هەیە. لە ماڵێ کتێبەکەی بە دەستەوەگرت و ئەو شوێنانەی کە ئەوان باسیان کردبوو چێژو و وزەی زیاتری پێدەبەخشی.

پەنجاونۆ لاپەڕەی مابوو کە (تاریک و ڕوون)ی مامۆستا هێمنیان بۆ هێنا، ئەمن شاهێدی بۆ دەدەم کە (لەکوێوە بۆ کوێ)ی هێندە پێخۆش بوو دووجاری خوێندەوە. دەزانم دەتەوێ بڵێیت سێ جار! بەڵام جاری سێیەم دوای نزیکەی (16) ساڵ بوو، چەند تێبینیەکی جوانی لە مامۆستا هێمن گرتبوو.

+ بۆ بڵاوی ناکەیتەوە؟

- هۆ زۆرن، گرنگترینیان ئەوەیە زەوقی نووسینم نیە، واتە چێژ لە نووسین وەرناگرم بەقەدەر ئەوەی کە دەخوێنمەوە، گەورەیی هێمن و قبوڵ نەکردنی خەڵک لەرەخنەگرتن لێی و ناشیرنی رەخنەی کوردی، کەسیش ئەمن ناناسێ و لەو ناوە خوازراوانە قێزم دەبێتەوە کە بەبێ بەزییانە سووکایەتی بە خەلک دەکەن، هەستدەکەم نەتەوەکەم نەگەیشتۆتە قوناغی جەدەل، واتە بە هەند هەڵگرتنی حالەت و دیاردەکان.

ئەمن چەندی سەردێنم و دەبەم لەو دەمە تەنها دوو تێبینیم بەبیر دێ، وەک ئەو ناتوانم دایرێژم، چونکە کاغەزەکەی لەدەستم وەرگرت و دڕاندی، بەس هەوڵدەدەم مەبەستەکە بگەیەنم، هێمن دەڵێت:

لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن

لە کوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟!

جگە لەوەی نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دنیا چاک و خراپی تێدایە، بەڵام پەیمان بۆ نەتەوە نابێت، بەڵکو تایبەتە بە تاک.

کەچی لە شیعرێکیتردا ئەوها باسی نەتەوەیەک دەکات کە کێشەی سیاسی لە گەڵ دەسەڵاتەکەی هەیە:

دیدەکەی بە خوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا

بۆیە مەیلی وا بەکێشە و فیتنە و خوێن ڕشتنە

ڕستەیەک کۆتاییەکەم لەبیرە، ئەمن دژی ئەوەم کە داوا لە نووسەر بکرێت چۆن بنووسێ و یاخود نووسینەکەی پەیامدار بێ، بەڵام ناتوانم دەستخۆشی لە نووسەرێک بکەم کە لایەنە مرۆڤایەتیەکەی فەرامۆش بکات.

بە داخەوە وەک گوتم، لەو کات و ساتە بەس هێندەم بەبیردێتەوە، بەڵام بەڵێن بێ، هەر کاتێک تێبنی دیکەم بەبیر بێتەوە بڵاوی بکەمەوە، بۆ ئەوەش نیە پرۆفیشنالی خۆمتان بۆ باس بکەم، بەس تازە بۆ جارێکیتر چاوم بە سەرچاوەکەدا خشاندیە.  لەوانەیە تۆش ئەو گلەییە لە من بکەیت و بڵێیت کە ئەو حەز نەکات، تۆ بۆ بڵاویدەکەیتەوە؟ چونکێ ئەمن بڕوام وایە دەبێت قسە بکەین، چونکە بێدەنگی هەموومان دەکوژێ. لە ژیانی سیاسی هەموو کات خۆشەویستیم بۆ ئەو کەسانە بێپایان بووە کە لەسەر پەتی سێدارەش بە جەلادەکانیان گوتووە: ڕۆژی ئێوەش ئاوادەبێ..

بە بێدەنگی نەڕۆیشتوون، ئەمن وام.

+ ئەمن ڕووداوەکەت لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام نامەوێ تۆ تووشی کێشە بیت، ئامانجی برام، حەزدەکەم لەو دنیایە دوورکەویتەوە.

- شەماڵ، لە چی دووردەکەومەوە ئەوە کۆمەڵگەی منە، ئەوەی زللەیەکت لێبدات، دەبێت دووی لێبدەیتەوە، دەنا تێناگات.

+ ئەگەر هەر کەسێ و کێشەیەکی هەبێ، بچێ بە دەستی خۆی چارەسەری بکات، ئەوا دڵنیابە کۆمەڵێکی تەندروست  پێکنایەت.

- سەیرە تۆش ئەو هەستەم لا دروستدەکەیت کە هەڵەم کردووە.

حوسێن و کاروان بە هەناسەسواری هاتن، کاروان یەکسەر دانیشت، بەس حوسێن هێشتا بە پێوەیە، نازانم گەرماوەکەی سەر جادەت لەبیرە کە بە بەهانەی فراوانکردنی شەقام رووخاندیان، جا ئەوان ئێستا لەوێ کۆبوونەتەوە.

+بۆ واز لەو شێتیە ناهێنیت براکەم؟ یەکەم شت بەتەنیا چوویت، دووەم بۆ بە چەقۆ لە نەبەزت دا؟

-حوسێن تکایە دانیشە، چتان دەسکەوت، ئەمن تەنها ئەوەندە دەزانم کە لە نەبەز و شێرکۆی دایە، ئەویش داکم باسیکرد، خۆ بە خۆی هیچ ناگێڕێتەوە.

حوسێن بەر لەوەی قسە بکات بە خێرایی دەستی لەگیرفانەکانی دەدا، دیاربوو ئامانج تێگەیشت کە لە مشەوەشیان پاکەتەکەی لێکەوتووە، بۆیە جغارەیەکی بۆ درێژ کرد، شەماڵ تکای لێکرد کە قسە بکات:

حەمەی پلکە زاری ئەوەی بۆ ئامانج گێڕاوەتەوە کە لوقمان و نەبەز و شێرکو لەگەڵ تۆیان کردووە.

چووم لەدەرگەی ماڵی لوقمانم دا، بابی هاتە دەرێ و چەندی گوتم ئیشم پێی هەیە، نەیهێشت بیبینم، دوایی چوومە لای شێرکۆ، ئەو ئەوهای گێڕایەوە کە ئامانجی دیتووە و داوای لێکردووە، پیاسەیەک بکەن گوتی کەمێک دوور کەوتینەوە پێی گوتم: گوێبگرە ناپیاو، ئەو قسانەی لەسەر شەماڵ بڵاوتانکردیتەوە دەچن و دەڵێن بوختانێکە بۆمان هەڵبەستیە .

گوتم: بۆ؟

بەمست و پێلەقە کەوتە سەرم، پێڕانەگەیشتم دەست بکەمەوە، هەڵنەهاتبام خوا دەزانێ چی لێدەکردم، تەواو شێت ببوو، لوقمان گوتی:

که هات لەدەرگەی دا، دەموچاویم دیت، زانیم شەڕی لێدەباریٚ، چەندی گوتی: وەرە هەتا ئێرە بچین ئیشم پێتە. گوتم: هەرچیت هەیە لێرە بیلێ. تەنها ئەوەندەی پێگوتم: باشە، تازە، لەسەرت بووە دووقات و ڕۆیشت.
چەندی کردمان لەگەڵمان بێ، بە ناچاری چووین لەدەرگای ماڵی نەبەزمان دا و کاروان دە ئەتو بگێڕەوە قوڕگم وشک بوو:
پاش ئەوەی چووینە ژووریٚ، نەبەز دەست و شانی بە لەفاف بەسترابۆوە و ماڵ بۆنی هەرۆگیفەکی بێتامی لێدەهات، جاریٚ خاڵەکی لەوێبوو هەر دەیکوشت و نەیدەشاردەوە، بە هەر حال ئەوجا ئەمن چەند ڕقم لەو نەبەزە خۆریە دەبێتەوە لێی نزیک بوومەوە گوتم:  چۆن بوو؟
گوتی: لەگەڵ دوو برادەر لە سەری کۆلانێ بووین ، ئامانج هات و بەبێ سەلام گوتی: وەرە هەتا ئەولای بچین.  لە ڕێگە دوای کەمێک ڕاوەستا و تەماشای کردم و تفەکی لەناو چاومکرد، ئەمنیش مستەکم بۆ هاوێشت، خۆی لادا و چەقۆیەکی دەرکرد، لەشانمی دا -کاروان ئاماژەی بە شانی چەپی کرد- دەستم راستکردەوە لێی بدەم، چەقۆیەکی دیکەی لە ناو لەپم دا، باش بوو برادەرەکانم گەیشتنێ و دووریانخستمەوە.  ویستی ئەوە بگێڕێتەوە چۆن تەداوی کراوە و نازانم چی وچی،
گوتمان: بەردەکی لەسەر دانێ و دوایی قسەی لەسەر دەکەین.
کاروان بێ ئەوەی کەس هەست پێبکات، لە پڕ ڕووی کردە شەماڵ و گوتی: ئەوەی کە دەڵێن لێمان کردیە، راستە؟
-بەڵێ ڕاستە، غەدریان لێکردووم، بەڵام لای خەلک ناگێڕنەوە چۆن بوو؟
- گرنگ ئەوەیە کارەکەیان کردووە.
کاروان راوەستە، شەماڵ بگێڕەوە چۆن بوو؟ ئامانج وایگوت.

+ ئێوە دەزانن هەمووی ساڵەک و پێنج مانگە ئێمە هاتووینەتە ئەو گەڕەکە، بە هەرحال ڕۆژێک نیوەڕۆ بوو هاتمە لای مزگەفتێ، لوقمان لەوێبوو، لەگەڵم کەوتە قسە، ئەمنیش زۆرم پێخۆشبوو، دوایی شێرکۆ هات و کەمێک لەگەڵمان دانیشت و گوتی: ئێستا دێمەوە. کە هاتەوە نەبەزی لەگەڵ بوو، خۆیان کردە برام و ئەگەر هەر کێشەیەکم هەبوو یا پێویستم بە هەر شتێک بوو، ئەوا ئەوان ئامادەن لەسەرم بە جواب بێن، بابڕۆین پیاسەیەک بکەین کە گەیشتینە لای گۆڕستانەکە، ئەو کاتە ئەمن و شێرکۆ پێکەوە دەڕۆیشتین، نەبەز ولوقمانیش لە پێشمانەوە، لوقمان ئاوڕی داوە و گوتی: دەبێ دێڵە نەزابێ؟ گوتیان: دەبا بچین سەیری بکەین. کردیانە گاڵتە وپێکەنین.

-ئێ تۆ بۆ دەچوویت ئەگەر..

ئامانج نەیهێشت تەواوی بکات ،تەنها گوتی کاروان... و دوایی ڕووی لە شەماڵ کرد.

+ جەوێکی وایان درووستکرد کە دەبێ وریابین، گەر دێڵە زابێ، ئەوا دڕتر دەبێ، جار جارە ڕادەوەستان و هەستیان ڕادەگرت و هێواش هێواش دەڕۆیشتن، ئەمن نەک هەرباوەڕم کردبوو بگرە بەڕاستی دەترسام، گەیشتینە ئەو شوێنەی کە دیوارەکانی دەوری کۆمەڵەک گۆڕ سیمی دڕکیان بە سەرەوە بوو.

-دەرگەکەی کەسکە؟

- دەرگەکەم نەدیت، لەپڕ شێرکۆ لەپشتڕا گرتمی و هەردوو دەستی لەسەر سینگم گرێدا و نەبەزیش چەقۆیەکی دەرکرد و بە پلاکەکان بوو، چونکە کە نزیکی کردەوە دەنگی هات، لەسەر ملی دانام و داوای بێدەنگیان لێکردم ، ئەگەر ڕێگەیان بدەم ئەوەی ئەوان دەیانەوێ لەگەڵم بکەن، دەمکەنە هاوڕێی خۆیان،

ترسی ئەو حالەتە چاوڕوان نەکراوە تۆقاندبوومی. نـاڵێم هەستم بەوە نەدەکرد کە شێرکۆ خۆی لێدەخشاندم، بەس بڕوام پێبکەن چەقۆکەی نەبەزیش کە لەملم ڕادەچوو خوێنی لێدەهێنا، نازانم شلبوونەوەی دەستی شێرکۆ بـوو یـان کۆبـوونەوەی هێـزم بـوو کە ئەو دەرفەتەی بـۆ ڕەخسـاندم یـاخود خـوێنەکەی ملم بـوو کەمێـک نەبەزی ترسـاند؟ نـازانم، هەڵاتـم ولەدوام بـوون، قـاچم بە کێلێـک کەوت و بەربـوومەوە-پـانتۆڵەکەی هەڵکـردو شـوێنی بـرینەکەی نیشـاندان- بـاش بـوو زوو هەستامەوە و کەوتمە دەرەوەی گۆڕستانەکە.

+ بەس نەتدەزانی شێرکۆ چیت لێدەکات لە پشتەوە؟

-کاک کاروان نازانم دەتەوێت چیترت بۆ باس بکەم؟

+قەت تووشیان نەبوویتەوە؟

-بەڵێ دوای ئەوە لوقمان ڕێگەی لێگرتم و گوتی: لای کەس باسی نەکەیت، دەنـا خراپت بە سەر دێنین. پاش ئەوەی کە دڵنیابوون کەکەسم نیە داکۆکیم لێبکـات و بەخۆشم دەرەقەتیان نـاییم، دەستیان بەوە کرد کە ئـازایەتی خۆیـان لای خەڵـک باس بکەن، جارێک خەریک بوو هێرش بۆ نەبەز ببەم کە پێیگوتم: کەی ئێمەش تامت بکەین؟ شێرکۆ دەڵێت زۆر خۆش بوو. هێرشەکەم نەبرد، نەوێرام.

ڕوخسەت وەرگرتنەکەی ئامانج لە کاروان وحوسێن سەیربوو، کە دەیەوێت پیاسەک لەگەڵ شـەماڵ بکـات، کە کەمەک دوور کەوتـنەوە ئەوەیـان گـوێ لێبـوو حوسـێن گوتیە کاروان: بۆ واز لەو پرسیارە قوڕانە ناهێنێ؟

بەڵام هەنگاوەکـــان وەڵامەکەی کاروانیـــان نەگەیانـــد، هەرچەنـــدە لێیـــان دووردەکەوتـنەوە، بەڵام ئامـانج هەرهیچـی نەگـوت، بـۆیە شـەماڵ کەوتە قسـە و

پێیڕاگەیاند کە پێی ناخۆشە خۆی بێنێتە ڕیزی ئەوان و دەکرا بە شێوەیکیتر ئەو کێشەیە چارەسەر کرابا.

دەستنووسێکی ئامانجم دۆزیوەتەوە، باس لەو ڕۆژە دەکات، بەڵام بە گوێرەی بەروارەکەی، بەبڕوای خۆم و سروەی خوشکم، دەبێ شەش ڕۆژ دوای ڕووداوەکە بووبێ.

لە کۆی ئەو ڕووداوە کە ویستم داکۆکیەک لە زولمێکراوێک بکەم و خۆم بە لە سەر هەق زانی، کەچی بە داخەوە بەو کارە ناوی ئەو هاوڕێیە شیرنەم زیاتر زڕاند، لەبەرئەوەی خەڵک زیاتریان پرسی و زیاتریان خستە سەرێ کە وای لێکردم پەشیمان ببمەوە، دەبا هەنجەتم بەشتێکیتر پێگرتبان. ئەگینا باوەڕ ناکەم بە ئاشتی چاکتر بوایە، وەک دەڵێن کۆتری ئاشتی لە شوێنێک هێلانە دەکات کە ئەقلی تێدا مەوجود بێ.

ئاوات لەبەردەمیان قیت بۆوە و گوتی: بابە گوتی هەر ئێستا بێتەوە.

❊❊❊❊

هێشتا دەرگای نەکردبۆوە دەنگی باوکی دەهات، کەچووە ژووریٚ باوکی بە جنێودان بۆ لای هات و زللەیەکی لە بناگوێی دا. زولێخا دەڵێت لەڕاوەستان و تەماشاکردنەکەی هەستم کرد زۆری نەمابوو ئەو جارە لە بابم بداتەوە.

ئامانج وەک خۆی کێشەیەکی هەیە جگە لەکەمدووییەکەی ئەگەر لێشی نەپرسن کەم شت باس دەکات، ڕاستە ئەو جارە باوکی مەجالی نەدایێ .

مام نادر لە جیرانەتی بەوە بەناوبانگە ئەگەر منداڵەکانی لە کۆڵان بەشەڕ بێن، لەسەر هەقیش بن، ئەو لەمنداڵەکانی خۆی دەدات، دەڵێت: حەیا چوونە جیران و جیران لەسەر منداڵ بەشەڕ بێن. بۆ زانیاریتان ئەو ڕۆژە باوکی شێرکۆ تووشی مام نادر بووە و پێی گوتووە: ئامانجت پێ ئاقڵ نەکرێت، بۆتی ئاقڵ دەکەم..

دەڵێن مام نادر بەپێکەنین وەڵامی داوەتەوە: بە کەیفی خۆت بکە ئامانج کوڕی تۆیە و شێرکۆش هی من.

فاتم و سروە هاتنە ژووریٚ ،لەو کاتەی مام نادر هاواری دەکرد:

-کەی دەبیە بەشەڕ؟ شەڕەک نەکرا تۆی لەگەڵ نەبیت!

-کاکە ڕاوەستە، بە خوای خەتای ئامانج نەبووە، شەڕەکەی لەسەر شەماڵ و سروە کردووە، هەی بەقوربانی بم،(ئەو بەقوربانی بمەی ئەوەندە خۆشە ژنەکانی کۆڵان لاسایی دەکەنەوە و پلکە زاریٚ دەڵێ وا دەزانی بە شتەکەی دەڵێت).

مام نادر زۆر ڕێز لە فاتم خان دەگرێ، کەچی کافیە وای پیشاندەدات خاڵی لاوازی مێردەکەیەتی، بۆیە هەمیشە دەڵێ: دنیا ئەوهای لێهاتیە بۆ ئەوەی دڵی نادر نەرم بکەین، دەبێت بچین واستە لای فاتە بکەین. مام نادر هەر پێدەکەنی، دەنا چیرۆکی شەوی بووکێنی فاتم و مامۆستا جەوهەری سەد جار گێڕایتەوە کە مامۆستا ترسایە و فاتم دەرگای لەسەر داخستیە و هانیدایە تا بەزاوا بووە، بەڵام مام نادر دەڵێ: ژن دەبێ ئەوها بێ، کافیە زیاتر تووڕە دەبێ.

دیارە دایکی شەماڵ وخوشکەکەی ئاراميیان گەڕاندەوە ماڵەکە، زولێخا هاتە لای ئامانج:

دەزانی سروە گوتی: پێیبلێ ئێستا زیاترم خۆشدەوێ.

هێندە دڵم توندە ئەگەر بێ و کۆتاییەکەتان بۆ بگێڕمەوە، لەوانەیە حەز بە خوێندنەوەی سەرەتاکە نەکەن، بەڵام با ڕێز لەوتەیەکی مارکس بگرین کە هاوڕێیەکم زۆر جار باسی دەکات: بۆ ئەوەی لە ئەنجام بگەیت، دەبێت هۆیەکان شیبکەیتەوە.

❊❊❊❊

دایکی شەماڵ ماوەیەکی زۆرە پێم دەڵێت خواردنەکی خۆشت بۆ دەکەم دەبێ بێیت، دوای خۆدزینەوەیەکی زۆر ئەوڕۆ بێئەوەی هیچ بە هانەیەک مابێت کەتاقیم نەکردبێتەوە گیرام، کە چووم کفتەیەکی زۆر خۆشی کردبوو، بائەوەش بڵێم دایکم

دەستاوی زۆر ناخۆشە، هەرچەندە ئەو هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کەبابم نەخۆشە و هەموو شتێک ناخوات، لە هەندەک شوێن هەقی خۆیتی بۆ نموونە بابم دوژمنی سیرە، داکیشم دەڵێ بامیە بێ سیر نابێ، با درێژی نەکەمەوە، بە کورتیەکەی لەبەر شەرمە نەبێ کەس لەدڵەوە دەست خۆشی لە دایکم نەکردووە، لە پاشەملەش گوێم لێبووە. بابچینەوە لای کفتەکەی پلکە فاتم وەک دەڵێن عەیب نەبێ، بە کودی نۆ مانگە شلەکەی کردبوو. ئەو پشکە گۆشتانەی کە تێیکردبوو جگە لەناسکیەکەی تامی کفتەکەیان هەڵمژی بوو، کفتە کەوچکت بۆ دەبرد دەتەقی، لەوانەیە تۆش بپرسی ئەوها ناسک چۆن هەڵنەوەشابۆوە؟ هەر دەتوانم لە وەڵامدا بڵێم نازانم؟

بەڵام ئەوەی کە نەیدەهێشت خواردنەکەم بە دڵ بکەوێت، سروە بوو، پرسیار وهەوڵی سەرنج ڕاکێشانەکەی هەراسانی کردبووم، حوسێن جارێک پێیگوتم:

+بۆ هەوڵنادەیت پەیوەندی لەگەڵ سروە ببەستی، هەموو ئەو خالانەی تێدایە کە تۆ باسی دەکەی، خوێندەوار و جوان و کراوەیە.

-برا جگە لە خوشک و برایەتی هیچ هەستێکیترم بۆی نیە، دواییش ئەو ماڵە دەرگەیان بۆ من لەسەر پشتە ، چۆن خۆم نمەک حەرام دەکەم!

باسی ڕۆمانی (براکوژی)مان دەکرد، خۆشیشە ئەوە بڵێم یەکەم کتێبە کە خاوەنیم، مەبەستم ئەوەیە کە کڕیومە، دیاربوو سروەش خوێندبوویەوە، چونکە گوتی: ئەو شوێنەم پێخۆشە کە لە پێشمەرگەکە دەپرسن مارکست خوێندۆتەوە؟ دەڵێت نەخێر پێویست ناکات، چونکە هاوڕێ لینین خوێندیتیەوە. ئەمنیش ئەوەم زۆر پێخۆش بوو، کە باسیکرد زۆر پێکەنیم لەگەڵی.

دواتر شەماڵ کتێبێکیتری هێنا بەناوی مەتریالیزمی دیالکتیک و گوتی: ئەو کتێبە بە شێوەیەکی زانستی ئەوەت بۆ دەسەلمێنێ کە مادە بەر ئەقلە، نەک وەک دیندارەکان دەڵێن ئەقل بەر لەمادەیە.

لە ڕۆیشتنێ کتێبەکەی خۆم و ئەوەی شەماڵم لە دەست بوو کە سروە لێی وەرگرتم و بزر بوو، لە حەوشە بۆی هێنامەوە، لەناو عەلاگەیەکی دانابوو گوتی: ئەوها باشترە با تووشی کێشەیەک نەبیت. بە چاو ئاماژەیەکی بۆ عەلاگەکە کرد بەڵام تێنەگەیشتم، فرسەتێکیتری وەرگرت ئەو کاتەی کە شەماڵ لەگەڵ دایکی خافڵابوو:

نامەیەکم بۆ خستیە نا و ڕۆمانەکە، توخوا بیخوێنەوە.

شڵاژام، خەریک بوو عەلاگەکە بەجێبهێڵم و بڕۆم.

-ئەمنیش لەگەڵت دێمە دەرێ.

ئەمن دەزانم شەماڵ حەز لەباسکردنی قوتابخانە دەکات، بۆ ئەوەی لە کتێبەکانی دەستمی دوورخەمەوە، بە پرسیاری لە قوتابخانە چۆنی بابەتێکم درووست کرد، بەڵامنامەوێ بیگێڕمەوە لەبەر ئەوەی هەر ویستم کات بکوژم، شتێکی ناشیرنیشم کرد لەو کاتەی لە گەرمەی قسە بوو، گوتم: ئەو کتێبانە دادەنێم، دوایی قسەکانت تەواو بکە.

چ لەو نامەیە بکەم؟ سەرەتا بڕیارمدا بیسوتێنم، بە هەر حال باسکردنی ئەو حالەتە دەروونیە بێزارکەرو ناخۆشە، لەکاتێکدا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە نامەکە دەخوێنمەوە. ئەمن بۆ خۆم وام کە فیلمێک دەبینم بەتایبەتی لە فیلمە ئەمریکیەکان پاڵەوانەکە کە دەیانەوێت بۆ کارێکی بنێرن، سەرەتا نازێکی زۆر دەکات و دواییش هەر دەچێ، لەڕاستیدا ئەگەر نەچێت فیلمەکەی هەر سەرەتایی

دەبێ ، بۆیە منیش وا هەستدەکەم کە باسی نامەکەم کرد بیخوێنمەوە باشترە، دەنا هەر باسم نەدەکرد و تۆش نەتدەزانی، بەڵام کە زانیت کردوومەتەوە، گرنگی بە بارە دەروونیەکەم نادەیت، دە تۆش ڕاستگۆ بەو بڵێ وایە؟

نامەکەم کردەوە، دووپەڕە گوڵەباغ کە هێشتا تەڕاتیان پێوە دیاربوو لەناو نامەکە بوون، ئەوە وای لێکردم زۆر بە وریایی بیانخەمە سەر بەرگی نامەکەو نامەکە بخوێنمەوە.

بەناوی خۆشەویستی

تکایە. . . تکایە.

تانامەکە تەواو دەبێت گوێم لێبگرە.

تۆ بە بەردەوامی وا نیشاندەدەیت کەمن خوشکتم، ئەمن لەوە ناگەم بۆ دەبێ ئێمە خوشک وبرا بین؟!، لەکاتێکدا بە هیچ شێوەیەک نابین بە خزمی یەکتریش، جگە لە ڕێکەوتی دراوسێ بوونمان نەبێت و گونجانی خێزانیمان. کەواتە پرسیارەکە ئەوها دەست پێدەکەم، دیارە تۆ ڕەوشتی منت بەدڵە ئەگینا کەس، کەسێکی خراپ ناکات بە خوشکی خۆی، بڕواناکەم ئەمنیشت پێ ناشیرن بێ، چونکە گومانم لە جوانیی خۆم نیە، بە لەخۆبایی لێکی مەدەوە. خۆشمدەوێیت و لەوە ناگەم بۆ نەبین بە دوو خۆشەویست؟!

ئەوەی کە تێگەیشتووم ئەوەیە کە تۆ هەموو شتێک بەوە لێکدەدەیتەوە کە لە پیاوەتیت کەم دەکاتەوە. ئایا دەتەوێت دنیایەک بگۆڕیت و بۆ ئەوەی خۆت بگۆڕیت؟ دەتەوێت وەک باوک و باپیرانت خێزان درووست بکەیت؟ پێم نالێیت چ ڕێگایەک هەیە لەو شارە کچ و کوڕێک یەکتر بناسن؟ بە جار جار سەیرکردن و نامە گۆڕینەوە؟ ئەو نامانەی کە لەکتێب وگۆڤارەکان دەیدزن یاخود دۆستێک بۆیان دەنووسن، جیاوازیەکە ئەوەیە ناسینی من و تۆ چاکترین ڕێگەیە بۆ یەکتر ناسینی دوو مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیە. پێمبڵێ یاخود لەخۆت بپرسەو بەڵام تکایە بە ئەنجامێک وەرە دەرێ، بۆ یەکەمین جار کە منت بینی سەیرت کردم و پێکەنیت سەرنجەکەت جگە لە خۆشەویستی بۆنی چیدیکەی لێدەهات؟

پاشان بوویتە دۆستی برام و هاتوچۆمان دەستی پێکرد و گۆڕایت، بەس ئەمن نەک هەر وەک خۆمم بەرامبەر تۆ بەڵکو تا زیاتر ئاشنات بم زیاترم خۆشدەوێیت. ئێستا ئەوەشم پێخۆشە کە گۆڕانەکانت زیاتر بەدڵی براکەمن. زۆر جار ئەوەشم پێخۆشە کە خۆشەویستیم قبوڵ ناکەیت، چونکە ڕەوشت بەرزیەکەت گەورەترت دەکات لەلام، دوا تکام ئەوەیە هیوادارم بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانەدا بگەڕێیت کە من و تۆ نزیک دەکاتەوە نەک پێچەوانەکەی، لەوەش دڵنیابە ماڵی ئێمە قەت بەو چاوە سەیری تۆ ناکەن کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، بەڵکو دایکم ئاگاداری هەستی منە و زۆریشی پێخۆشە کە نزیکتر بیت.

هیوادارم تێم بگەیت کە ناتوانم بیر لە کەسێکیتر بکەمەوە.

بڕوام پێدەکەیت کە دڵم دەشکێنی و دەگریم بە فرمێسکەکان دڵم خۆشە کە بۆ تۆیە.

چاوەڕوانی وەڵامتم

خۆشەویستت تا مردن (س)

****

بەر لەوەی بچمە کاری هاوینە، کەمەک زانیارم لەسەر سوارە هەبوو، کاروان، دوو هاوینی پێشوو کاری لەگەڵ کردبوو، بەڵام ئەو ساڵ کاروان بە هۆی ئەو پێکانەی لەتۆپی پێ تووشی ببوو، قاچی لە گەچ گیرابوو نەیتوانی بچێتە کار، بە ئەحمەدی کاکی گوتبوو کە من ببات تا چاک دەبێتەوە، چاک بوونەوەکەشی لێدەگەڕێین زۆری پێدەچێ و چیرۆکەکەشی هێندە دواکەوتوو و ناخۆشە، ئیتر. .
سوارە ئەو کوڕەیە کە کچێکی خۆشدەوێ، بە مەیادە حەناوی دەچێ، هەموو کاسێتەکانی کڕیوە و لە هەموو خۆشتر ئەوەیە کە عەرەبییەکەی لە چەند وشەیەک زیاتر نیە، بەڵام لەبەر خاتری خۆشەویستەکەی دنیایەک زانیاری لەسەر ئەو گۆرانیبێژە کۆکردۆتەوە، خەڵکی کوێیەو کەی دەستی بەگۆرانی کردووەو کێ هاندەری بووە، بە ڕاستی زۆر ڕێزت لێدەگرێ کەباسی ئەو دەکات و گوێی لێدەگری، مرۆڤ ئەگەر ڕاستیەکە نەزانێ ئەوەی لێتێکدەچێ کە ئایا ئەشقی دەنگی مەیادەیە یاخود خۆشەویستیەکەی بۆ ئەدیبە وایلێکردووە، هێندە بە زمانی ئەشق بدوێ؟ دۆستێکی کە پاشتر زانیم ناوی سیروانە چەند ڕستەیەکی بۆ کردبووە کوردی جار جارە دەیڵێتەوە لەسەر هەمان ئاواز:

ڕابردوو بۆتۆ

سبەی بۆتۆ

ئەوی دواییش هەر بۆتۆ. .

له ڕۆژی سێیەمی کارکردن بووم، گومانم کرد کە سوارە زۆر دەربارەی من دەزانێ ، چونکە باسێکم کردەوە کە یەکەم جارم بوو، سوارە بە دەزانم وەڵامی دامەوە.

+کاروان ڕاستم پێبڵێ چیت دەربارەی من لای سوارە باسکردووە؟

-بە خوای هەر ئەوەندەم گوتووە کە حەز لە کچێک دەکەیت و تا ئێستا قسەت لەگەڵ نەکردووە، حەز لە سیاسەت دەکەیت و چەند جارەک بەشداری خۆپیشاندانت کردووە، کتێب دەخوێنیتەوە، باوەڕت بە خوا نیە.

+نەتگوتووە حەز لەچ خواردنەک و لە چ ڕەنگەک دەکەم؟

- بەسەری بابم سوارە کوڕەکی زۆر چاکە و ئەمنیش لەخۆشەویستی ئەو قسانەم کردیە.

+کاروان تۆ نەبایت کەسێکیتر با، دەمزانی چیم پێدەگوت.

-ببوورە.

+ هەر دەبێت بتبوورم، سەبور گوتەنی خۆ ناتکوژم.

ئامانج وتەیکی بە بەردەوامی لەسەر دەمە کە دەڵێ: کەسە نزیکەکان کەرامەتت دەشکێنن. کە نەشیگوتووە گومانم نیە گەر بڵێم بیری لێکردۆتەوە چونکە ئەو زیادەڕۆیی لە تێگەیشتنی کەرامەت دەکرد، بەڵام ئەوە ئەو بوو. تۆ بیربکەوە پەیوەندی چەند ناخۆشە لەگەڵ یەکێک کە پێشتر هەموو شتێکت بزانێ، بڕوابکەن خەریک بوو پەیوەندیەکە تێک بدەم، وایە کە سوارەم ناسی پەشیمان بوومەوە کە ئەو بیرەشم بەخەیاڵدا هات. سوارە دەتگوت نیگەرانیەکەی ئامانجی دەزانی، هاتە لایی و زۆر بە سەیری دەستی بە قسە کرد:

+کاروان و ئەحمەد کوڕی چاکن، بەڵام کوڕی خەبات کردن نین.

-بەڵام ئەوەیان باشە، ئەگەر دۆستایەتی شۆڕش ناکەن، دژایەتیشی ناکەن.

+ئەمن مرۆڤی بێلایەن بە ترسنۆک دەزانم.
-بەس ئەوان بێلایەن نین، بەڵکو لایەنی ئەوان خۆپاراستنە.
+خەڵک دەبێ خۆی یەکلابکاتەوە، ئەوە کێشەی ناسنامەیە.
-ناتوانی داوا لەخەڵک بکەیت ببێتە سیاسی.
+ئەوە داواکردنێکی دڵسافانەیە، مرۆڤ بوون واتە بەرپرسیاریەتی، گشت تاکەکانی نیشتمانی داگیرکراو بە بێخواستی خۆیان سیاسین.
ئەو دەمەی سوارەم ناسی، ئەو کەسەم دیتەوە کە لەروحم نزیک بوو، ئەمنیش هەمان بیروڕام هەبوو، کە زەبروزەنگ خەڵک زووتر بەئاگا دێنێ و دوژمنیش ناچار دەکات چۆک دابدات، چونکە لە خۆپیشاندانەکان دەمدیت چۆن دەسەڵاتدارو لایەنگرەکانیان دەکەونە گیانی ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتە. ئەگەر ڕێگەم بدەن ئەو ڕستەیەش دەڵێم کە لەوانەیە هەندێک کەس پێیان ناخۆش بێ، ئازایەتی و دڵسۆزی سوارە بۆ نیشتمان وای لێدەکردم قسەکانی ئەوم لە لا خۆشتر بێ وەک لەزاری خەڵکانیتر. بەهەر حال وردە وردە ئەوەم بۆ روون بۆوە کە ئەو قسەیەی کاروان تەواو ڕاست نەبوو کە دەیگوت: سوارە هەموو قسەیەکم لا دەکات. بەڵکو چیرۆکی دڵداریەکەشی بە تەواوی نە دەزانی.
ئەمن ئەوەی زیاد ئازارم دەدات ئەوەیە کە ناتوانم هیچ بۆ هاوڕێیەکم بکەم کە دەبینم پێویستی بە یارمەتیە، خۆ گەر بڵێم لە ڕاستیدا هیوایەک نەمابوو بۆ ئەوەی هاوڕێکەم و خۆشەویستەکەی پێک بگەن، دڵنیابن لەوەی کە بەدوای بە هانەیەک ناگەڕێم بۆ خۆدزینەوە لە بەهاناوە هاتنی برادەرم، ئێستاش لەبەر چاومە کە سوارە بەرەو شاخ ڕۆیشت، پێیگوتم: گەر شەهیدیش بم، دڵم زۆر

خۆشـه، یەکەم لەپێنـاو نیشـتمانێکە کە شـایەنی ئەوەیە خـۆمی بەقوربـان بـکەم ،دووەمیش ئەو بەڵێنەی کە بە ئەدیبەم داوە، دێتە دی .

چ بڵێم هاوڕێ! لەو وڵاتە حالەتەکان ئەوەنـدە ئـاڵۆزن، مرۆڤ نـازانێ چۆن لێـی دەربچێ و بەرۆکی کێ بگرێ! هەرچەندە چیرۆکەکەکەت لەزمانی ئەو بۆ دەگێڕمەوە و چیرۆکەکە تەواو کۆتایی هاتووە و تاکە شتێک کە تۆ دەتـوانی گلەیـی لێبکەیت ئەوە منم ئەگینا....

رۆژێک ئەدیبە و سوارە پێکەوە دەبن، براکەی ئەدیبە تووشیان دەبێ، بە جنێـودان ئەدیبە دەنێرێتەوە ماڵێ و لەگەڵ سوارەش دەبێتە دەنگە دەنگ و قسەی نـاخۆش، هەرچەنـدە سوارە دەڵـێ: بـرا ئەمن نیـازم خراپ نیە، بەڵکو لەو نزیکـانە کەس وکارم بۆ داخوازی دەنێرمە لاتان.

براکەی کە دەگەڕێتەوە مـاڵێ لە پێش هەموویـان چی دیتـووە دەگێـڕێتەوە و بـرا گەورەکەشـی لەوێبـووە، ئەدیـبە گوتـویەتی جگە لەلێـدان وکوتـانەکە سـێ رۆژ بەستمیانەوە و داکم بەدزی نان وئـاوی بـۆ دەهێنـام ،ئەوانەشم قبـوڵ بـوو، ئەگەر براگەورەکەم ئەو سوێندەی بە تەلاق نەخواردایە کە نابێت شوو بە سـوارە بکەم، تکای لە سوارەش کردووە کە ئاگای لە خۆی بێت، گوتوویانە ئەوەی لەسەر ناچێ.

+باش بوو هەر نەیانکوشت.

-ئامانج گیان، تۆ نازانیت لەو وڵاتە چەندان شێوە هەیە بۆ کوشتن، دە ئەوەنـدە بۆ کوشتنی ئافرەت، ئەدیبە لەیەکێک لەنامەکـانی بـۆی نووسیوم دەڵێت نیـازیـان وایە بە زۆر لە کوڕەمامێکی گێلم مـارەبکەن، دەڵێت ئەو کـوڕە شـەوان کە دەیەوێ بچێتە ئـاودەست، دایکی بەئاگا دێنێ.

+بۆ هەڵیناگریت و لەگەڵ خۆت نایبەیتە ناو شۆڕش، خۆ خەڵکی وا هەیە لەناو شۆڕش.

-راستە هەیە، بەڵام ئەو کەسانە ناوی شۆڕشیان زراندوە چۆن ئەمن کاری وا دەکەم.

زۆر جوان بوو کە کراسی خەمی دڕی وبە بزەیەکی شیرینەوە بەو دێرە هۆنراوەی مامۆستا هێمن نیگای بەرەو چیاکان هەڵبڕی .

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە

دووری لەژن نامرادی

بەڵام لە ژن خۆشەویستتر

لەلای من ئەتۆی ئازادی

(سەیرە ئامانج کە لەو وڵاتە پێشکەوتووەش بووە تێبینی لەسەر ئەو دێرە نە نووسیوە کەزمانی کۆمەڵگەی یەک ڕەگەزی تێیدا زاڵە. شەماڵ)

سوارە کەم کتێبی دەخوێندەوە، بەڵام لە کاری نهێنی زۆر بەتوانابوو، پاش ئەوەی ئەمنی ناسی و باوەڕی پێمکرد، هەرچەند بە قسەی ئەو ئاگاداریم لەبارودۆخ و هەواڵەکان ئەو گومانەی لای ئەو دروست کردبوو کە ئەمن حزبیم، بەڵام کە دڵنیابوو و زانیشی دەمەوێت کاری نهێنی بکەم، ماوەیەک بە دۆستی حزبیان هێشتمەوە و پاشان بوومە ئەندام .

(دوای ڕاپەڕین کە ئامانج هاتەوە چەند جارێک یەکتریمان دیت و شەوێکیش پێکەوە ماینەوە، مەبەستەکەم لەو باسە ئاشکرا دەکەم، لێم پرسی: دەڵێن تۆ و سوارە جگە لە هێنانی پێشمەرگە بۆ شار بە نهێنی، چەند چالاکیەکی چەکداریشتان ئەنجامداوە؟

-دەزانی قسەنەکردن و بەنهێنی هێشتنەوەی هەندێک شت لە سوودی گشتیە، لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا لەقۆناغی چەکداریدا دەژین ئەوەی دوێنێ دوژمانمان بوو، ئەورۆ بەشێکی زۆری لەگەڵت ولات بەڕێوە دەبات و دەتوانێ تۆڵەی ئەو کاتت لێبکاتەوە و خۆشی بکات بە شۆڕشگێڕ.

سوارە شەهید بووە و ئامانجیش قسە ناکات، کەواتە ئەو مێژووە مرد، هەرچەندە هەندەک رووداو هەیە قسەیەکی زۆر هەیە کە ئامانج و سوارە لەگەڵ بووبن، بەلام قسەنەکردنیان وای کردووە هەندێک پاڵەوان لەژێر خاک هەڵستنەوە و بێشەرمانە خۆیان بکەن بە ئەکتەری ئەو رووداوانە. شەماڵ)

با ئەو یادگاریەش بنووسم، رۆژێک سوارە کتێبێکی بۆ هێنام کە بەرنامەی حزب بوو، کەسێک بە دەستخەتێکی خۆش چار دێری لەسەر نووسیبوو:

ئافرەتی کورد

مرۆڤی کورد

تا نەچێتە کۆڕی خەبات خۆی نادۆزێتەوە

کە خۆیشی دۆزیەوە سۆسیالیستە!

(خاوەن ئەو دەستنووسە، ئەگەر لە ژیاندابێ، تکایە نامەیەک بۆ مایلەکەم بنێرە. شەماڵ)

کاری نهێنی هەستی سەرکەوتنێکی گەورەی پێبەخشیم، سەرەتا هەر پۆستەری شەهیدانمان لە دیوار و عامودەکان دەدا و رۆژی دوایی سەیری کاردانەوەکانمان دەکرد، زۆر خۆش بوو، جارێک سوارە گوتی: کرێکار ڕاست دەکات هەستێکی زۆر خۆشە.

+ چی دەڵێت؟

-کرێکار دەیگوت ئاواتمە شەهید ببم و بە خۆم پۆستەرەکەی خۆم لە دیوار هەڵواسم و ڕۆژی دوایی لەناو خەڵک ڕاوەستم و گوێم لێبێت بزانم خەڵک چ دەڵێن .

خەونەکانیشمان وەک خۆمان سادە و هەژارن.

هێندەی کە لە سوارە گەیشتم، باوەڕنەبوونەکەشی بەرامبەر بە خوا لە گومانەکانی خەیامەوە وەرگیرابوون، لەبەرئەوە وا دەڵێم هەر کە قسە لەسەر دین بکرایە، ئەو نموونەیەکی لە چوارینەیەکی خەیام دەهێنایەوە:

بۆ هاتمە سەر زەوی لە بەر چی چوونم

بە هرەی چبوو بۆ خودا نەبوون و بوونم؟!

دەیگوت: ئەمن لەو شانۆگەریە تێناگەم. وەک گوتم ئەو گومانەکانی خەیامی پەسند کردبوو، بۆیە جارێک لەگەڵ فەرمان دانیشتبووین، سوارە گوتی: لەوە ناگەم خوا ئەو هەموو حۆری و ناز و نیعمەتە دەدات بە ئیمانندارەکانی، ئەدی بۆ هێندە لەمردن دەترسن و نایەن لە پێناو ئەو خاک و میللەتە کەرامەتی خۆیان بپارێزن؟ کەواتە ئەوانیش بە شێوەیەک لەشێوەکان لە گومان دەژین، بەڵام ترسنۆکییان ڕێگەیان پێنادات وا بڵێن، بەشەرەفم ئێمە لەوان جوانترین، بەبێ ئەوەی بەڵێنی هیچ شتێکمان پێبدرێ لە پێناو بەختەوەری ئەو میللەتە گەنجی و جوانیی خۆمان دەکەینە قوربانی.

سوارە بە ڕێگەیەکی ئاسان کۆی چوارینەکانی خەیامی لەبەرکردبوو، جگە لە کتێبەکە کە هەژار موکریانی کردبووی بەکوردی، هەژار بە دەنگی خۆشی کتێبەکەی لە کاسێت تۆمارکردبوو. کاتێ ڕۆیشت کاسێتەکەی بە دیاری دامێ.

+تۆ چۆن بێ خەیام دەژی ! بیبە لەگەڵ خۆت.

-ناتوانم گوێی لێبگرم، بەس کتێبەکە دەبەم.
هەر حەزمکرد بزانم کاسێت و وێنەکانی مەیادە حەناوی چ لێکردووە.
+لەگەڵ وێنە و نامەکانی ئەدیبەم جوان پێچانەوە و لە چاڵێکم شاردنەوە.
ئەگەر حەز دەکەیت لەگەڵ من یادی سوارە بکەیتەوە، دوای ئەوەی کە لێک دابڕاین و چیتر یەکترمان نەدیتەوە، سوارە لە پێشمەرگایەتی زوو شەهید بوو، بەڵام ئەوەت پێ نالێم لە چ حزبێک بووە و چۆن شەهید بوو، ئەگەر حەز دەکەیت وێنەیەکی لە خەیاڵی خۆت درووست بکەیت، ئەوە گوگول یا خود یوتوب یا هەر شوێنێکیتر وەک ڕێزلێنانێک کتێبەکە داخەو بنووسە مەیادە حەناوی، گوێ لە یەکێک لە گۆرانیەکانی بگرە، بەڵام سوارە یەکێک لە کاسێتەکانی کردبووە دوو گۆرانی کە زۆری حەز لێبوو:
انا بعشقك انا. . . .
یاخود
كان يا مكان
بۆ ماوەیەک پشوو. . . .

❊❊❊❊

کاتێ زانیم ئامانج چەند جارێک لە جیاتی قوتابخانە چۆتە کار، زۆرم پێناخۆش بوو، ویستم بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتە قسەی لەگەڵ بکەم، ئەوەی ئەمن لەژیاندا تێبینم کردووە لە کاتێکدا خۆت بۆ ئامۆژگاری یاخود چاکەیەک

ئامادە دەکەیت، لە سەدا نۆهەدی کاتەکەی بۆ بەرامبەرەکەت گونجاو نیە، ڕێک لەگەڵ ئامانج تووشی ئەو حالەتە بووم، وەک بڵێیت لە بۆسە بم، هەر قسەیەکی دەکرد دەمویست ڕێچکەکە بۆ ئەوشوێنە ببەم کە خۆم دەمەوێ، چەند جارێک هەستم کرد ئامانج هەست ڕادەگرێ، بەتایبەتی کە پێمگوت: هەندێک شت هەن بەڵگەنەویستن و تۆ لێیان ڕادەکەیت. بەڵام بۆ ئەوەی لێم نەڕەنجێ، بابەتەکەم هێور دەکردەوە، چەندی کردم لەو شێوەیەم باشتر بۆ نەدەهات.

+هەموو کەس دەزانێ کە خوێندن باشە، بۆ خۆتی لێدەدزیتەوە؟

-خۆ من نەمگوتووە باش نیە، بەڵام حەزی لێناکەم، کە دەچمە قوتابخانە، هەست بەخنکان دەکەم.

+وەرە لە وانەکان یارمەتیت دەدەم.

-دەزانی تۆ وەک باوکم قسەدەکەیت، ئەمن دەڵێم حەزم لێنیە، تۆ دەڵێیت یارمەتیت دەدەم، هەستدەکەم وانەکان وشک و بێ مانان، ئەمن بەدوای ئازادی خۆمدا دەگەڕێم و واهەستدەکەم کە کار دەکەم کەمێک ئازادیم زۆرترە، هەندەک پارە دەدەمە ماڵێ و کەمتر هەقیان بەسەرمەوەیە، لەقوتابخانە خۆم ون دەکەم.

+هەموو کەس دەزانێ لەوەدا هەڵەیت، لە وڵاتی ئێمە شەهادە چارەنووسە، ئەوەشت لەبیر نەچێت گەر نەخوێنیت، یەک دوو ساڵیتر دەبیت بە سەرباز، بۆ زانیاریت گەر خوێندن نەبووایە ئەو ساڵ لەبەرەی جەنگ بووم.

-جەنگ دنیایەک شەهادەدار و خەڵکیتری کردە سووتەمەنی.

+بەڵام خوێندن ئەمنی بۆ چەند ساڵیتر پاراستووە.

-با ئەو ڕاستیەت پێبڵێم جەنگ ڕاوەستی و ڕانەوەستی ئەمن نابم بەسەربازی دوژمن، ناتوانم وەکو ئێوە قسە بە حوکمەت بڵێم و خزمەتیشی بکەم، کە دژم واتە دژم.
+هاوار مەکە براکەم، ئەمن حەز دەکەم بتپارێزم.
-ڕۆژێک دادێ کە خۆشت پێناپارێزرێ، با وا سەیری ئەو وڵاتە نەکەین کە تەنها من و تۆی تێدایە.
+ هەر چۆنێک بێت خوێندن بۆ من هیوایە.
-دایکیشم ئێمەی پێهیوایە،بەس بۆخۆی ناژێت وەک درەخت وایە.
+ هەڵدێیت لە وەڵامەکان، دەزانم بۆ جگەرەکێشانەکەشت هەمان وەڵام دەبینیتەوە.
کە بێ دەنگ بوو، زانیم تووڕە بووە، هەوڵمدا هەست بکات قسەکانم زیاتر لە خۆشەویستیە، کەچی یەکجاری تێک چوو.
+ ئەو شەوە ئەمن و ئارام بووین، تۆ و سوارەمان دیت زۆر بەبێ باکی پۆستەری شەهیدانتان لە دیوار دەدا، دەڵێی سیاسەتیش بەبێ منەتی دەکەیت؟
-هەست ناکەیت ئامۆژگاریەکانت بێ تامن، دوایی ئەمن کەی و لەکوێت لێناپرسم، هێندەت پێدەڵێم کە ئەمن نەبووم چۆن دەزانی ئەوە من بووم؟ دوایی دامانانا ئەمن بووم بە چ هەقێک تاقیبم دەکەیت؟! (خۆی دڵنیا بوو کە ئەوە چونکە زۆر لێیان نزیک بووینەوە لەگەڵ ئارام، تاقیب کردنیش نەبوو بەڵکو ڕێکەوت بوو، ئەو شەوە بوو کە براکەی کارزان لە سەربازی بە سەردان هاتبۆوە، بەشەرەفم ئارام سەرەتا دیتی ئەمن هەر ئاگام لێنەبوو، ڕۆژی دوایی گەڕەک ئەوها شێوا بوو، چاو سێبەرێکی زەبەلاح بوو، گیرفانەکانی کۆڵانی دەپشکنی، لە سەیرکردنی براش

دەترسایت، وات دەزانی گومانت لێدەکات، ئەو ڕۆژە چاوی من لەسەر ئامانج بوو، ئێستاش پێمنەگوتووە کە دیتم پەنجەی دۆشاو مژەی بە سیکۆتین بوو)

جگارەکەی فڕێداو ڕۆیشت، کەوتمە دوای، زانیم ئێستا ئاشتی نەکەمەوە، زۆر زەحمەت دەبێت، باش بوو دەستم لەملی کرد، لەگەڵ ئەوەی لەسەر هەقیش بووم، کەچی داوای لێبوردنم لێکرد، بەڵام ئێستا کە ئەو ڕووداوە دەنووسمەوە تاکە هەڵە کە کردبم ئەوە بوو کاتەکی گونجاوم هەڵنەبژارد بۆ قسەکانم.

نزیکەی دوو هەفتە لە چاوەڕوانی، وەڵامی ئەو چیرۆکەم لە گۆڤاری بەیان بۆ هاتەوە ، لە گۆشەیەکی بچووک بە سێ ڕستەی ناخۆش: بۆ خاوەنی چیرۆکی (منداڵ و ناپاکی)، "نووسینەکەت شایەنی بڵاوکردنەوە نیە، لەڕووی تەکنیک و ناوەڕۆک لاوازە و ناچێتە خانەی چیرۆک، لە جیهانی منداڵ نەگەیشتوویت، چونکە منداڵ لە ئەدەبدا سیمبۆلێکە بۆ جوانی و پاکی، تۆ هاتوویت گەورەیی خۆت لەمنداڵێک گچکەکردۆتەوە". ئەگەر ئەو ڕەخنەگرە ڕاست بکات ئەوە دەبێت ئەو مەیدانەش چۆل بکەم، چونکە تێکشکانمی تێدایە. چوومە لای مامۆستا بەکر، بۆئەوەی پەیوەندی خۆم و مامۆستاتان بە دووروودرێژی بۆ باس نەکەم، لە ئێستادا بەس ئەوەندەتان بۆ باس دەکەم، کە باسەکەم لەگەڵ کردەوە و چیرۆک و گۆڤارەکەم دایێ، لەجیاتی ئەوە چیرۆکەکەتان پیشان دەدەم و سەرنجی ئەویش لەسەر چیرۆکەکە.

(منداڵ و پاکی)

دەڵێن ئاساییە کە منداڵ کۆمەڵەک سیفات و ڕەوشتی بگەڕێتەوە سەر کەس وکاری یاخود نزیکتر بڵێین دایک وباوکی. ئەمن دەمەوێ بە پێچەوانەی ئەو شاعیر و ئەدیبانەی کە باسی پاکی وجوانیی دنیای منداڵ دەکەن، لایەنێکیترتان بۆ

بگێڕمەوە کە نزیکترە لە کۆمەڵی ئێمە. ئێمە خێزانێکین سێ برا و پێنج خوشک، دووشمان لێ مردووە، دەنا دەبووین بە دە، ئاواتمان تەمەنی هەفت ساڵە و پاڵەوانی ئەو چیرۆکەیە و دەستە ڕاستی باوکمە، تاکە منداڵە لەنزیک باوکم دانیشێ و هەر ئەویش بۆی هەیە پارچەیەک لە سینگی مریشکەکەی بەردەمی باوکم بخوات، نا ببوورن ئەو ڕستەیە کەمێک دەسکاری دەکەم، چونکە ئەو ڕستەیە لە ڕاستیدا نزیکترە دەڵێن خاڵی بە هێزی چیرۆک لەڕاستگۆیی نووسەردایە، ئاوات تاکە منداڵە کە باوکم بە دەستی خۆی پارچەیەک سینگی مریشکی دەداتە دەست، ئێمەش زەقەی چاومان دێ.

بەڵێ کە باوکم لەماڵ نەبێ، ئاوات ڕۆڵی باوکم دەبینێ و بەر لەنان خواردن ڕاپۆرتێکی تەواو دەدات بە باوکم، لەگەڵ کۆمەڵەک شت کەلەخەیاڵی خۆی زیادی دەکات، ئەمن دەزانم ئێوە باوکم ناناسن، ئەو پیاوە زەختی بەرزە و خواردنی ئەو دەبێ کەم خوێ بێ، ئەو ڕۆژە لەکاتی جوداکردنەوەی خواردنەکەی ئەو، ئاوازی خوشکم گوتوویەتی دەڵێم یەک چەنگە خوێ تێکەم، بۆ نەگبەتی ئاوات گوێی لێبووە، هەرچەندە دایکم تکای زۆر لێکردبوو کە نەیگێڕێتەوە.

سفرەکەیان ئامادە کردبوو، ئاوات لەتەنیشت باوکم دانیشت و گوتی: ئەورۆ ئاواز یەک چەنگە خوێ لە مەرەگەکە کرد و گوتی بەشکەم زەختی دەفرێ و لەکۆڵمان دەبێتەوە. سەیری ئەو ڕێکەوتە سەیرە بکە لەو کاتە ئاواز خواردنی لەسەر سفرەکە دادەنا، بڕوا بکەن نازانم چۆن باوکم دەستی گەیشتێ، قژی گرت و ڕایکێشایە پێشە خۆی و تفێکی لێکرد، پاڵەکی پێوەنا و زیرەی لێهەستا، قاچی بەرزکردەوە و خوێن ڕێچکەی بەست، تومەز لەگەڵ ڕاکێشانەکە پەرداغەکانی سەر

سفرەکە پێککەوتن و شکان، ئەو بەدبەختەش خۆ خاوەنی قاچی خۆی نەبووە، تابزانێ لە کوێی داناوە.

دایکم هەموو جارێک پێیدەڵێ: کوڕم بگێڕەوە قەیدی ناکا، بەس چۆنە ئەوها، بەڵام ئەمن وەک دایکمم نەکردووە بەڕاستی لێمداوە و چاوم لێ سۆرکردیتەوە، هیچ سوودی نیە، زولێخا گوتەنی ئەو ساڵ لەبەر قوتابیەکان کەمتر کاتی بۆ ئێمە هەیە، لەویش دەڵێن خۆشەویسترین قوتابیی مامۆستا سالمە.

دەڵێن هەر ماڵ و تایفەو نەتەوەیەک وتەی خۆیان هەیە، لەماڵی ئێمەش دەڵێن خوایە ئاوات بەکەس نەگرێ.

ڕۆژی دوایی مامۆستا بەکر چیرۆک و گۆڤارەکەی دامەوە و سەرنجەکانی خۆشی بۆ نووسیبووم: کە دەنووسیت گرنگی بە کەس مەدە، نووسەرەکانی ئێمە حەزناکەن بە ڕاستگۆیی باسی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن، ئەوان زیاتر باوەڕیان بەو کۆمەڵگەیە هەیە کە لە خەیاڵی خۆیان درووستیان کردووە. ئەو ڕەخنانە بۆ دڵخۆشکردنی خۆیانە، ئەگینا مەحالە تۆ بتوانی بەبێ جیهانێکی ئارام منداڵ پەروەردە بکەیت، بە تایبەتی لێرە منداڵ گەورە دەبێت بەبێ ئەوەی قۆناغی منداڵی ببڕێت، ئەمن بۆ خۆم بیرۆکە سەرەکیەکەی چیرۆکەکەم پێخۆشە و هاوڕاشم لەگەڵت کە شتێک نیە لە جیهانی منداڵی بە ناوی پاکی، منداڵیش وەک گەورە لەو ژینگەیە دەژی، چۆن دەتوانین لێکیان جودابکەینەوە. دەست خۆش، هەوڵبدە کەمێک کار لەسەر داڕشتنەوەکەی بکەیت.

ئەمن دەزانم ئامانج مامۆستا بەکری خۆش دەوێ، بەڵام مامۆستا بەکر زیاتر لە شێت دەچوو، لە جل وبەرگ و قژ، هەتا شێوازی وانە گوتنەوەکەیشی، بۆنموونە ئەگەر قوتابیەک پرسیارەکی لێکردبا، هێندەهەقی دەدا ئەو قوتابیە هەقی

ئەوانیتری دەخوارد، چونکە ئێمە دەمانزانی قوتابی هەیە بەس بۆ ئەوەی کاتەکە بکوژێ، پرسیار دەکات و بەگاڵتەش دەڵێت تێنەگەیشتم تا دووبارەی بکاتەوە، مامۆستا بەکریش هێندە دڵسۆز بوو قەت ماندوو نەدەبوو، حەز دەکەی لەسەر جادە ڕایگرە و پرسیاری لێبکە، وەڵامت دەداتەوە، دەتگوت ئەو مرۆڤە خۆی بەقەرداری ئەو وتەیە دەزانێ کە بە بەردەوامی لەسەر زاری بوو:" بۆئەوەی لەو بەدبەختی و نەهامەتیە ڕزگارمان بێ، دەبێ نەخوێندەواری لەناو ببەین". جا هەندەک قوتابی گاڵتەیان بەشێوەی قسەکردنەکەی دەکرد، کە دەیگوت: گوێبگرە کەسم یاخود دانیشە کەسەکەم. ئەمن زۆر جار دیتوومە کە ئامانج خۆی لە قوتابیەکان تووڕەدەکات کە گاڵتەی پێدەکەن، ئەمن هیچ بەڵگەیەکم لەدەست نیە بەڵکو ئامانج دەیگوت: مامۆستا بەعسیەکان و یەکێتی قوتابیان لەپشت ئەو کارەوەن. جارێک بە مامۆستام گوت یارمەتیم بدا تا وا بکەین ئامانج حەز لە خوێندن بکات، کەچی گوتی: دەترسم بوێریەکەی و بێدەنگیەکەی تووشی کێشەی بکەن، ئەمن وای دەبینم ئەو دوو سیفەتە پێکەوە لە مرۆڤدا تووشی بڕیاری خراپی دەکەن.

ئەوە نیە بولبولی خورمایم لەبیر چووبێتەوە، بەڵام کاتی چوونە سەر کارم هێندە زوو بوو کە دەچوومە نانەواخانەکە، ئەو هێشتا نەهاتبوو، ڕۆژی هەینیان شانسێکم هەبوو بۆ دیتنی، کەچی دایکم بە ئاگای نەدەهێنام و یەکەم جار ئاواتی ناردبوو، بەڵام وەک دەزانن ئاوات تاقانەی بابەیە، بۆیە باوکم نەیهێشتبوو بە خۆی دەچوو، تکایەکی زۆرم لەدایکم کرد دیاربوو سوودی نەبوو، ڕاستیەکەی بۆ خۆشم خەوم گرانە و وەک دەڵێن بەیانیان لە حەفت خەودام. کاتێ ژیانی قوتابخانەم دەستپێکردەوە، دووبارە ژیانی نانەواخانەشم دەستپێکردەوە، بەڵام

ئەو جارە بۆ هەتایێ گۆڕاو و چیتر بولبولی خورمایی لە گۆشەیەکی خەیاڵم ماڵێکی نەما بۆ مۆمیا کردن. هەر ئێوە نا بەڵکو برادەرە نزیکەکانیشم لە گێڕانەوەی بێزار ببوون.

-ئەو پێمپێکەنی وئەمنیش پێپێکەنیم.

-ئێ دوایی؟

هیچ نەبوو زیادی بکەم، ئەوە نەبێ جارەک بە مەکسیە سۆرەکەی بوو کە پێدەکەنی جارەک بە شینە کاڵەکەی، ئەوەیتر لە خەیاڵی خۆم بوو، هەر شەرمیشم دەکرد بیگێڕمەوە وانیە؟ چونکە ئەو دەبێتە هاوسەر و دایکی منداڵەکانم، خۆ وەک و ئەوانە نیە کە حوسێن و کاروان دەیانگرن، تکایە بە زەمکردنی وەرمەگرن، بەس ئەوان بۆ خۆیان دەڵێن بۆ ڕابواردنە. ئەوەی کە ڕوویدا بولبولی خورمایی هەر سەیریشی نەدەکردم، بەڵکو کوڕێکیتر کە پرچی گرواژە بوو، دوایی تێگەیشتم نۆرەشیان لە دوای یەک بوو، لە ڕۆیشتنیش لەنزیک یەکتر دەڕۆیشتن، ڕاستیەکەی ئەو ڕۆژە کەمەک زگم بەژان کەوت، بەڵام بە وایە و وانیە کەمێک خۆم ئارام کردەوە، بەڵام ڕۆژی دووەم گومان بوو یەقین، زیادەڕۆییم نەکردووە گەر بڵێم نازانم چۆن نانم وەرگرت و چۆن گەیشتمەوە ماڵێ، ئەو ڕستەیەی دایکمتان بۆ دەنووسمەوە کە گوزارشت لە بارودۆخەکەم دەکات:

هەستە کوڕم نان بخۆ، دەنا بە قوتابخانە ڕاناگەیت، لەوەتەی هاتیەوە لەسەر چاو کەوتوویت.

لەوانەیە زوو بێ بۆ ئەو قسەیە، بەڵام واپێدەچێ، نووسین، قوتابخانە، دڵداری، ئەو دنیایە نەبێ کە بەئارامی تێیدا بسوڕێمەوە، کەوتن و هەستانێکی

زۆری تێدابێ کە ئەمن بەرگەیان نەگرم یاخود ئەو سەبرەم نەبێ، دەترسم زۆر بکەومە ناو ئەو جیهانەو ناسنامەی خۆم لەدەست بدەم. هەرچەندە حوسێن و کاروان دوێنێ باسی ئەو کچەیان کرد کە گوایە سەیری من دەکات، ئاخر ئەمن لەبەر خۆشەویستی وان نەبێ، هەر شەرم دەکەم بەو ڕێگەیەدا بچم و بکەومە ناو ئەو هەموو کچە و تێکەڵ بەو کوڕانە ببم کە دیارە بۆ لەو کاتە بەوێدا دەچن، بۆیە سەرم بەرز ناکەمەوە، بەس ئەو جارە دەتگوت حوسێن بێئاگایی قۆزتەوە، بادرۆ نەکەم زۆر مەمنوونیم.

سەیری ئەو کچە قژ کورتەی ناوەڕاست بکە.

لەو کاتەی کە ئاوڕم داوە کەمێک ڕەت ببوو، دەتگوت گوێی لەدەنگی حوسێن بووە، پێکەوە ئاوڕمان داوە و چاومان کەوتە ناو چاوی یەکتر، بزەیەک گرێی هەنگاوەکانمانی کردەوە، خۆ من ناتوانم لێو بخوێنمەوە، بەڵام گومانم نیە کە وشەی(سڵاو)ی لێدەرچووو، کە بەشەرمەوە باسم کرد کاروان گوتی ڕاستە وایگوت.

شەو بیرم کردەوە، یان دەبێت دڵداریەک بکەم شایەنی گێڕانەوە بێت یاخود وازبێنم، قسەکەی سوارە ڕاستە گەرچی کەمێکێکیشم پێ ناخۆش بوو، ئەوەی تۆ و بولبولی خورمایی دەکەوێتە قالبی دڵداری هەرزەکارییەوە.

❊ ❊ ❊ ❊

بەسەری منداڵەکانم حەز ناکەم لەجیاتی ئامانج ڕووداوەکان بگێڕمەوە، بەڵام دوو هۆ هەن کە هەندەک جار وام لێدێ قسە بکەم، یەکەم ئەوەیە کە لەگەڵ ئامانجم باسکردووە ئەو بەچاکی بەبیری نایەتەوە، بۆیە حەز دەکەم بیرەوەریەکە پوخت بێ، دووەم ئەو دەستنووسانەی ئامانج کە کۆمکردوونەتەوە و بۆخۆشی پێی سەیرە،

ئەگینا ئەمن لە ئێوە تامەزرۆترم کە بۆ خۆی دەدوێ، کە باسی خۆی و شادیە دەکات، ئەو بەشەی لەبیردەچێ، کە گەڕاوە دوای سالآنێکی زۆر ئەو چیرۆکەم پێنیشاندا لە خۆشیان خەنی بوو، فەرموون سەیری نووسینەکە بکەن بەدەست خەتی خۆی.

**ڤینۆسم چۆن ناسی؟**

زۆر جار کە فێری وشەیەکی نوێ دەبیت، وا هەست دەکەیت فێرە زانستێک بوویت و پێتخۆشە بەگوێی هەموو خەڵکیدا بچرپێنی، بەلآم ناشتەوێ خەڵک وا تێبگات لەکاتی بەکارهێنان نیازی خۆدەرخستنت هەیە، ئێستا ئەوەندەی باشە شاعیرەکان ئەوەیان کردووە بە بەهانە و دەڵێن حەز لە خوێنەری تەمبەڵ ناکەین، بۆیە ماناکەت پێناڵێن، ئەمن واناکەم وشەکەی من وێنەیە ئەگەر وشەکە نەزانی، ئەوا لە جوانی خەیاڵەکە ناگەیت، تازە فێری وشەی بولڤار بوویمە لەفارسیەوە، دەڵێن خۆی فەرەنسیە، هەر بۆ خۆی ئەوەندە زۆە و ناتوانم لەوە زیاتر لەڕەسەنی وشەکەدا بگەڕێم.

لەگەڵ وێنەی وشەکە خەیاڵم بەڕێ دەکەم(شەقامێکی درەختدار)، ئەو نیوەڕۆیە ی کە ڤینۆسم دیت لەئاوڕدانەوەیەک سێبەری درەختەکان بوون بە پشتی ئەو، لەسەرخۆ دەیان ڕوێنم نەبادا زوو ئاوا بێت و وشەکانم چێوەیەکی بۆ درووست نەکات، لەدەنگی سلآوەکەی دۆڵێک بمانگرێتە خۆی و ڕامان بهەژێنێ، ئای کە بەختەوەرە ئەو کەسەی دڵدارێکی هەیە!

بۆیە منیش هەر کە زانیم ئەو خوای جوانیە، خۆم کرد بە خوای کات و بە یەک چاوقوچان دووشەمەم کرد بە سێشەمە و بەرەو ڕێگەی قوتابخانە ڕۆیشتم ، بەلآم

بۆ بەدبەختی ترومبێلێک لێیدام، عەرشەکەمی لوولدا، گریانی دایکم بە ئاگای هێنام:

کوڕەکەم بە چاو چوو، ئەورۆ بەکراسی نوێ و قژی تەڕەوە چووە دەرێ، تووشی ئەو بەزمە بوو!!

دوو هاوپۆلی من بەویان ڕاگەیاندبوو کە چیم بە سەرهاتووە و پەرێشانیی ئەویشیان بۆ هێنام، هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم نووسی و هاوڕێیەکانم بۆیان بردم، حوسێن نامەکەی خستە ناو شخارتەیەکی بەتاڵ و دنکەکانیشی خستبووە گیرفانی، کە بەبەر دەرگای ماڵیاندا چووبوو ئەوی دیتبوو کە نزیک ببۆوە جگارەیەکی پێکردبوو شخارتەکەشی فڕێدابووە ناو تەنەکە زبڵی ماڵی ئەوان، ئەو کاتەی ئەو چاوی لێبوو.

سڵاو

لەنێوان پێکەنین ونیگاکاندا ڕۆژێکی نوێ لەدایک بوو، کەچی ڕێکەوت خەریکە لەباری ببات. بمبورە ئازار نەیهێشت لە پێشوازیتدابم. دڵنیابە ئەوە هیوای دیتنی تۆیە وام لێدەکات خێراتر و خێراتر چاک ببمەوە. کە دەخەوم بەدەستە میهرەبانەکەت ڕێگە لە ئارەقە دەگریت، تا برینەکانم نەزوورێنەوە. سەیر نیە هەستدەکەم زەمانێکە دەتناسم و یەکتر دەنووسینەوە.

بەهیوای دیدار

(ئا . . . . )

هێشتا جێگەی ئازارەکانی کۆپی دەکرد، کە وەڵامەکەی قەتماغەی ساتەکانی هەڵگرت وشەکانیش هێدی هێدی دەیانشێلا.

سڵاو لە تۆ ئا... گیان

وشەکانی نامەکەت لەفرمێسکدا خنکان، بەڵام دڵگران مەبە، لە بەلەمی دڵم پاراستوومن، دەبێت لەگەڵ خۆم بخنکێن، وایە لەلایەن منەوە ڕاستە لەمێژە تۆ دەناسم، بێ ئاگایی تۆ نەیهێشت بتخوێنمەوە. کەی یەکترمان دیت ئەو کاتە بۆت باس دەکەم کەی بوو کە یەکەم جار تۆم دیت. خۆزگە لەنزیکت دەبووم و نەمدەهێشت ئازارەکان ئازارت بدەن.

بەهیوای چاک بوونەوە ودیدارێکی زوو

(شا . . . )

قوتابخانەش لەوانەیە پێی سەیر بێت کەمن بەو هەموو ئازارە پێ لەحەوشەکەی بنێم، کەچی نازانێ نیگایەک هەیە وانەی ژیانم بۆ دەڵێتەوە.

ئەمن دەزانم ترومبێل لە ئامانجی نەدابوو، چونکە پێکەوە لە خۆپیشاندانەکەی لای پارێزگا بووین و ئامانج گیرا، دوای چەند ڕۆژێک بەربوو، بەختێکی باشی هەبوو، کتێبی پێبوو، گوتبووی: دەچوومە قوتابخانە. مام ئەحمەد پێیگوتم: حەز دەکەم بچمە لای ئامانج، بەڵام قسەم لەگەڵ مام نادر نیە. وابوو پێکەوە چووین، ئامانج بە زەحمەت قاچەکانی لەسەر زەوی دادەنا و لەشی ئەستوور ببوو، مام ئەحمەد چووە ژورێ و سەلامی نەکرد، تەنها نێوچەوانی ئامانجی ماچ کرد و گوتی:

شێرە لەبەر چاوم گەورەتر بووی. (مام ئەحمەد قەت نەیدەگوت ئامانج، تەنها شێرە)

یەکسەر ڕۆیشت، مام نادر کەمەک قسەی ناخۆشی کرد، بەڵام ئەو کاتە مام ئەحمەد ڕۆیشتبوو. کاتێ دووبارە لە ئامانجم پرسی: زۆریان ئەشکەنجە دایت؟ گوتی: شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە بۆمن شایەنی باس کردنە، ئەویش ئەوەبوو کە

یەکەم جاربوو کەسێکی بێگانە لێم بدات و نەتوانم دەست بکەمەوە، پاشان هەر بە پێکەنینەوە گوتی: سەگبابانە زۆریان لێدام. پرسیاری ئەوەم لێکرد: ئەمن گومان دەکەم کە نامەکان هێندە کورت بن. گوتی: وایە نامەکەم وا کورت کردەوە تا زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە بشێ، هەرچەندە بڕوا ناکەم بۆ هیچ شوێنێکی نارد بێ.

ئەو ڕۆژە چاوەڕوانمان کرد، بڕیارمدا نەچمە قوتابخانە، حوسێنیش گوتی: "بە تەنها قبوڵ ناکەم بچیت، باتووشی کێشەیەک نەبیت". هێدی هێدی لەدوایان دەڕۆیشتین و تیچاوێکمان لەسەریان بوو، بایەک هەڵیکرد و سەرنجمی خستە سەر لەش ولاری شادیە، بێگومان لەبرادەرەکانیشی دا بەڵام ئەمن هەر سەیری ئەوم کرد و واهەستمکرد حوسێنیش سەیری هەمان شوێن دەکات، بەڵام بە ئحمێک بەئاگام هێنا و چۆن لەخۆم تێکدا ئاواش لەوم تێکدا، کردنەوەی بابەتەکەش هەستیار بوو، ئەگینا پێمدەگوت کە با هەڵیکرد ئەوجارە تۆ سەیری مەکە، بەڵام دەزانم دەیگوت بۆ؟ کچە برادەرەکی لێیان جودابۆوە، خۆی و کچە مانەوە، ئەو کچەی کاروانمان پێ تووڕەدەکرد،دەمانگوت سەیری تۆ دەکات، پرچی درێژ بوو، لەناوەندێ کەرتی دەکرد، بۆیە کاروان دەیگوت توخوا وا مەڵێن هێشتا داکم لەوەی مۆدەترە.

لە پێش ماڵێک ڕاوەستا و کەوتنە قسە، دەرگاکە شین بوو، بەڵام دەبێ پێشتر سپی بووبێ، لەبەرئەوەی لەهەندێک شوێن، شینەکەی بەردابوو سپیەکە بەدەر کەوتبوو، بۆ زانیاریش لەو ڕێزە بەس دەرگەی ئەوان شین بوو، کەواتە ئەو قسەیە بەرامبەر بە ماڵی خەزوورم ڕاست نیە کە دەڵێن دراوسێ چاو لە دراوسێ دەکات.

دیاربوو بە کچەکەی دەگوت: توخوا چۆن دەبی لەبەر دەرگە بیت و نەیەیتە ژووری. تێگەیشتین کە ماڵی ئەوانە، حوسێن زوو ئاگاداری کردمەوە کە دەبێت بە گوێی بکەم، سەیری کەس نەکەم لە کاتی قسەکردن، جگە لەو کە پرسیم بۆ؟

-برا ئەمن چەند ساڵە خزمەتم هەیە بە گوێم بکە هەموو گەڕەکێک چەند خۆڕیی خۆی هەیە و خۆیان بە پاسەوانی گەڕەک دەزانن.

+ئەوە یاسایی تۆیە یا هی گەڕەک؟

-دە بە قەشمەری وەریمەگرە، ئێمە بۆ دڵداری هاتووین یا بۆ شەڕ؟

لە شوێنێک کە بووە پەنا بۆ ئەو شوێنەی پێیدا هاتین، حوسێن گوتی: با بگەڕێینەوە تۆ وەرە ئەو دیوە. دەبوو بڵێم بۆ؟ گوتی: بۆی بۆ چیە ئێستا ئەو نەچۆتە ژورەوە لە نێوان دەرگە و پەردەکەی پشت دەرگە ڕاوەستاوە، تۆ کە قسە لەگەڵ من دەکەیت ئەو دەبینێ، تۆ زۆر جار لەگەڵ کەسێک وتویژت دەبێت پێتخۆشە کە وانەبێت، بەڵام ئەمن وانیم حەزدەکەم ئەو لەسەر هەق بێت و دەشڵێم ببوورە هاوڕێ تۆ ڕاست بوویت، ددانی پێدا دەنێم لە کارەکەتدا سەرکەوتوویت .

حوسێن گوتی: کە جاری یەکەم هاتەوە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی کاتی خۆی پێکردم، بڕوابکە ماڵی شادیەی ناسیەوە کە بۆیاغی دەرگاکەشیان بە قسەی ئەو، گۆڕابوو، چونکە درۆیە بڵێم ئەمن لە بیرم مابوو، چووینە لای کاروان ئەو کاتە لەبەر ململانێی حزبی بۆی نەبوو لەو شارە بمینێتەوە، ماڵە ئاوارەیەک هاتبوونە ناو ماڵەکەیان، چووینە چایخانە تایبەتەکەمان و. . . . . و. . . . . . ، بەڵام جاری دووەم ئەمن هەوڵمدا بیبەم بۆ چەند شوێنێکی منداڵی، کەچی گوتی: پێویست ناکات شوێن و زەمان مردن.

ئەو شەو واهەستدەکەم شتێک دەنووسم، پێنووس و دەفتەرەکەم لە خۆم دوور ناخەمەوە، نەبادا ئیلهامێکم بۆ بێ و نەتوانم بینووسمەوە، دڵنیام شتێکی جوان لە دایک دەبێ، کچانی شارەکەم بمبوورن، گەر بڵێم جوانترین دەستە خوشکتان بۆتە ئەڤیندارم.

چەندم خۆشدەوێیت

نەدەزانم دەریا چۆنە و

نە لەمەترسی شەپۆڵ دەگەم

تەنها پێکەنینەکەت فێری کردووم

(لە کەناری لێوت لەنگەر بگرم) چاوەکانی خۆم خۆش بوێت

دەزانی حەزدەکەم لەناوەڕاستی

شەقامێکی گشتی

لەناو بازار

لە ناو مزگەفت

تێر بتگوشم و

ماچت بکەم!

هەرچەندە زۆر کورتە، بەس خۆ جوانی شیعر بە کورت و درێژی نیە، نازانم کامە جوانترە؟ چاوەکانی خۆم خۆشبوێت یاخود بیکەم (لە کەناری لێوت لەنگەر بگرم)، نا، چاوەکانی ماقوولترە، هەرچەندە لە کەناری لێوت خۆشتر دێتە گوێ، بەڵام لەوانەیە ڕەخنەی ئەوەم لێبگرن کە کەنار بۆ دەریا دەگەڕێتەوە و ئەمنیش لەسەرەوە، دەڵێم نازانم دەریا چۆنە، ئەمن لەو بڕوایەدام ئەوەی زیاتر قسەی

لەسەر دەکرێت ئەوەیە من یەکەم کەسم بە خۆشەویستەکەم دەڵێم لە ناو مزگەفت ماچت دەکەم، یا پەلەی لێنەکەم، بەڵکو چەند ڕۆژێکیتر دەسکاری دەکەم و لەوانەیە کەمێک درێژتر بێ، جوانتریش بێ، بەیانی ئەگەر دیتم پێیدەڵێم با ژوانێک دانێین، ئەگەر ڕازی بوو ئەوە دەیبەمە گەڕەکی ناو قەسران، ئەوێ شوێنێکی دڵگیرە، بۆ نا، هەر لەوێش ئەو هۆنراوەی بۆ دەخوێنمەوە، ئەگەر بە دڵی بوو دەڵێم بۆ تۆم نووسیوە، ئەگەر پێشی جوان نەبوو، دەڵێم لە شاعیرێکم بیستووەو ناوی نازانم، ئاخ چۆن دڵم هات درۆی لەگەڵ بکەم، دەبێڕاستگۆییم لەو شتە گچکانە گەورەتر بێ، ئەو بەگژ کۆمەڵگە و خێزانەکەیدا دەچێتەوە، نا هەر سەرەتا پێیدەڵێم بۆ تۆم نووسیوە و هیوادارم توانیبێتم گوزارشت لە هەست و نەستم بکەم، مەحالە نکووڵی لە شتێک بکەم کە خاوەنیم ئەگەر ئەویش نەبێ، بەس چۆن ئەو قسەیە بەخەیاڵمدا هات، دەبێت زیاتر بیری لێبکەمەوە، هیوادارم هەر ئەوە بێت کە حەز نەکەم لێم بڕەنجێ، ڕاستیەکەی بەو قسەیە دڵم ئاو ناخواتەوە!

پاش ئەوەی داوای ئەوەم لێکرد کەبیبینم، بڕیاریدا پێنجشەمە لە دوا وانە خۆی نەخۆش بێخێ و بێتە دەرێ و بڕوات بۆ ناو قەسران.

ڕاستیەکەی نازانم ئەو گەڕەکە ناوی چیە؟ بەڵام کە گوتت ناو قەسران خەڵک دەزانێ، بەمنداڵی دڵدارەکانم زۆر لەوێ دەدیتن، ئێستا منیش نیازم وایە ناوی دڵداری خۆم و خۆشەویستەکەم بخەمە ئەو کۆڵانە، ئەگەر بۆتان ئاشکرا بکەم، وەک دەڵێن هەستێکی خۆشە و نایەتە وەسف کردن.

ئاخر یادگاریی من لەگەڵ کوچە وکۆڵانەکانی ئەو گەڕەکە تەنها لاساریە، گەڕەکێکە دەوڵەمەندی لێدەژی، زۆربەی ماڵەکان درەختی زۆریان هەیە، پرتەقاڵ

و لالەنگی و لیمۆ، بەشێکیان کەوتبوونە نزیک دیواری دەرەوە و لقەکانی لە دیوار ئاوابببوون بۆ ناو کۆڵان، دار مێوەکان وانەبوون زیاتر لەسەر دەرگا بۆ هەیوان دەڕۆیشتن و پەسیرەکان ترشە و دەمت نایگاتێ و پێدەگەن. ئێمەش دەهاتین بەسەر دیوارەکان هەڵدەگەڕاین وپرتەقاڵ و لیمۆ و هەنارمان لێدەکردەوە ، زەنگی ماڵەکانمان لێدەدا یاخود بەردمان لە دەرگەکان دەدا بۆ ئەوەی بێنە دەرێ و بەدوامان بکەون و گەمەی کێ زووتر دەگاتە ماڵێمان نمایشدەکرد، خاڵەکیترم لەبیر چوو جیاوازی ئەو گەڕەکە لە گەڵ زۆربەی گەڕەکەکانی شار ئەوەیە بە دەگمەن خەڵک بە دەرەوە دەبینی، نە گەورە نە بچووک، تا ڕۆژێک کەوتنە دوامان زۆر سەیر بوو دەتگوت خۆیان لە بۆسە دانابوو، دوو گەنج لەماڵەک هاتنەدەرێ و کەوتنە دوامان، بەڵام محۆ قەڵەو بووە قوربانی، کە گرتیان زۆریان لێدابوو، ئێمە ئاوڕمان نەداوە، چونکە ئەوەمان دەزانی ئاوڕدانەوە خێرایی کەم دەکاتەوە، بەڵام بە قسەی محۆ جگە لەو دووکەسە خەڵکانەکیتریش هاتوون و لێیانداوە، محۆ ئەوەی پێنەگوتین کە ناوی ئێمە و قوتابخانەکەشی داوە، ڕۆژی دوایی بانگی لای بەڕێوبەر کراین، دوو پیاوی قات لەبەر دانیشتبوون و محۆش لەوێ بوو:

ئێوە لە گەڵ محمود چوون دزیتان کردووە و بەردیشتان لە دەرگەی ئەو ماڵانە داوە.

دەتگوت کۆڕسی گۆرانین هەمووما‌ن پێکەوە گوتمان نەخێر، سەیری محۆیان کرد، ئەویش بە سەر ئاماژەی بەڵێی کرد، مامۆستا نازم کە جێگری بەڕێوبەر بوو، یەک یەک ئێمەی بردە ژوورەکەی خۆی، جگە لە زیڕ وهۆڕ چت نەدەبیست، ئەوەی کەدەهاتە دەرێش لەبەر فووکردن لەدەستی فرمێسکەکانی پێنەدەسڕایەوە، کە نۆرەی من هات بڕیارم دابوو کە نەگریم، راستەیەکی لە دەست بوو:

دەستت بکەوە
چەند جارەک بە بێ منەتی دەستی ڕاستە و چەپم بۆ ڕاگرت، وا دیاربوو تووڕەتر دەبوو:
-پشتی دەستت ڕاگرە.
لە سەر تی لێیدام، ئێستاش لەبەر چاومە کاتێ فرمێسکم هاتە خوارێ، بزەم لەسەر لێوەکانی دیت.
جارێک تایەی پشتەوەی لای شۆستەکەمان دابەزاند و جارێک ئاوێنە گچکەکەی لای شوفێر، محۆ گوتی گومانی لە ئێوەیە، بەڵام محۆ لە سەر دووزمانیەکەی زۆرمان لێدابوو، نەشمان دەهێشت لە گەڵمان بگەڕێت، هەر چۆنێک بێت مامۆستا نازم هەر گومانی لەسەر ئێمە بوو بۆیە بە شتیتر لێی دەردەکردین.
با واز لەو کاتە بێنین، شادیە لە جادەی سەرەکی پەڕیەوە و لەو کۆڵانە چووە ژورەوە کە گۆڕستانەکە دەکەوێتە دەستە چەپی، لە دەستە ڕاستیشیەوە دەکەویە ناو ئەو کۆڵانانەی کە لقی درەختەکانی ئەو بەر وئەو بەر باوەشێنت دەکەن، لە پێشم بەنەرمی دەڕوات ، لە حوسێن ناترسم لەگەڵم سەیری بکات، ئای کە جوانە لار و لەنجەی، حەزمدەکرد بەس بۆ دەقیێکی ئەدەبی جوان ئەو کچەی لە پێشم دەڕوا خەیاڵ با، تا بە ئارەزووی دڵی خۆم باسم کردبا، بەڵام دەبێ بمبوورن کێ دەزانی لە وانەیە ببێ بە هاوسەری ژیانم، کەمێک پێم هەڵگرت:
+ئەو کاتەت باش
-گیانت باش

لە یەکتری نزیکتر کردینەوە، شادیە باسی ئەوەی کرد کە چەند هیلاک بووە تا باوەڕی بە بەڕێوبەر هێناوە کە ئیزنی بدات، کە خەریک بووە لێی ئاشکرابێ، چونکە درۆ نازانێ بکات و لە باسکردنی نەخۆشیەکەش تووشی هەڵەبووە.

+ ئەی بۆ لەولا دەرچوویت؟

- بۆ هاتوچۆ تەنها ئەو دەرگایە دەکەنەوە، دەرگای گەورە تەنها بۆ هاتنە ژووری و چوونە دەرێیە.

+ وایە، نەمزانی دەرگایەکیتریش لەولا هەیە.

- سەیرە کە نازانیت؟

+بۆ سەیرە! خۆمن تەنها بەدوای دەرگای دڵی تۆدا دەگەڕێم.

نەک هەر ئەو کات دڵم بەو ڕستەیە خۆش بوو، ئێستاش کە دەگێڕمەوە، پێم سەیرە چۆن وێرام و توانیم ئەو ڕستەیە بهۆنمەوە، بە زەردەخەنەیەک ئەو ڕستەیەم بە نیگایەوە هەڵواسی، کەچی کوڵمەکانی هێندە سۆر هەڵگەڕابوون نەیدەهێشت ئەو گۆرانیەی بۆ بڵێم:

گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم سور هەڵگەڕێ هێندە ماچت کەم..

لەوانە بوو لێی نزیک بوومایە ڕەنگی هەناسەم گۆڕابا.

-سەیرە بە دوای دەرگای دڵمدا بگەڕێیت و نەزانی لەسەر پشتە.

کاروان گوتەنی تەختی کردم بە شەرەفم، ئێستا دەزانم چۆن وەڵامم دەداوە، بەڵام لەبەر ڕاستگۆییم لە گێڕانەوەکە، لەوەندە زیاتر هیچیترم پێ نە گوترا کە زۆر لاواز بوو.

+ئای کە جوانی.

بۆ ئەوەی خۆم نیشان بدەم لەرووی تەمەنەوە کە گەورەم، جگارەیەکم داگیرساند، کە لەمێژبوو لە ناو گۆرەویەکەم دەرکردبوو.
+گەڕەکێکی خۆشە بۆ ئەوانەی لێرە دەژین و بۆ ئێمەی هەژاریش کە پیاسەی بە ناودا دەکەین.
-بۆ پیاسە خۆشە، ئەمنیش چەند جارێک لەگەڵ دەستە خوشکەکانم کە لە قوتابخانە زوو تەواو دەبووین، پیاسەمان تێدا کردووە.
+بەس لەگەڵ دەستە خوشکەکانت؟!
-بە سەری بابم یەکەمجارە لەگەڵ کوڕ بێمە دەرێ، بۆ ئەوەی سوندەکەم نەبێت بە درۆ، جارێکیان شیلان و نزار ژوانیان لێرە هەبوو، ئەمنیش لەگەڵیان بووم، چیە باوەڕم پێناکەیت؟ چونکە ئەمن یەکەم هەنگاوم هاوێشتووە!
ئەو پرسیارە بێ مانایە، بە درێژایی پیاسەکە لە هەوڵی چاکردنەوەی بووم، خستمیە چ هەڵوێستێک، هەرچەندی هێنام و بردم، چیرۆکی منداڵیم بۆ گێڕاوە و بێ ئەوەی پێویست بێ، نەک هەر پەیوەندی بە جەوەکە نەبوو، بەڵکو ناخۆشیشی کرد.
+رقم لەو دەوڵەمەندانەیە کە لێرە دەژین.
-بۆ رقت لێیان دەبێتەوە؟ بۆ بیر ناکەیتەوە وەک وان بژیت؟
+چۆن دەتوانم وەک و ئەوان بژیم و بیربکەمەوە؟ ئەوان خوێنی چینی هەژار دەمژن.
-لەوانەیە نەزانیت ئەمن باوکم دووکانی کوتاڵ فرۆشی هەیە، لەوەتەی بە بیرم دێ لەگەڵ برا گەورەکەم پێکەوە کاردەکەن و ژیانێکی خۆشیان بۆ دابین کردووین.

خەریکبوو بڵێم ئەی بۆ لەو گەڕەکە هەژارە دەژین ؟ ئەی بۆ دەرگی ماڵەکەتان بۆیاغ ناکەن بە جوانی؟ باش بوو بە ئاگاهاتمەوە، هەندێک جار ئامۆژگاری دەبێتە ماڵوێرانی، بڵێ چۆن؟ بەر لەوەی شادیە ببینم، حوسێن پێیگوتم: باسی سیاسەت و ژیانی خۆم نەکەم، کەچی تا ئێستا لەو بازنەیە دەرنەچووم.

+قسەیەکت پێبڵێم، تووڕە نابیت؟

هەستمکرد بەو ڕستە لە ڕەنگی زەرد بترازێ، ڕەنگێکیترم لە دەم وچاوی نەهێشت، هەردۆشداما بوو کە درێژەم پێدا و پرسیم:

+بەس بڵێ بەڵێ یا نە خێر.

-نەخێر

+خۆشمدەوێیت.

چاوەکانی پڕبوون لە خۆشی و پێکەنی، وا دیار بوو سەیرکردنەکەی پێشووی دەخوێندەوە، کەچی؟

-زۆر ترسام چونکە بەڕاستی ئەمن نهێنیەکم هەیە و دەمویست پێتبڵێم، بۆ ئەوەی پەیوەندیەکەمان لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی دامەزرێنین.

+دەبێت هەروا بێ.

-ئەمن دڵم کونەکی تێدایە، بۆیە لە ماڵەوەش نازم زۆر دەدەنێ، بردمیانە لای دکتۆریش گوتی بە هۆی ئەو نەخۆشیە، دڵی ناسکتر دەبێ، ڕاستیشە ئەمن بە گچکەترین شت دەگریم.

قسەکانی زۆر بە خەمباری دەکرد، تەواو خەون و خەیاڵم تێکچوو، ئەمن دامنابوو هاوسەرەکەم لەگەڵ خۆم بکەمە پێشمەرگە، کەچی ئێستا دەبێ بە دیاریەوە دانیشم و نازی بکێشم، درۆتان لەگەڵ ناکەم وێرانی کردم، بەڵام خەندەیەکم لە

دەم و چاوی بەدیکرد، با فشە نەکەم بڵێم لەوەی مۆنالیزا جوانتر بوو، بەڵام فریادرەس بوو.
+ناز ئەگەر دەریاش بێت کونێکی لێدەکەم تا دڵۆپ دڵۆپ بەسەر قاچەکانتدا بێتە خوارێ.
-سوپاس ! ئەی بۆ دامایت؟
+هەر ئەوەیە پێم ناخۆشە کە نەساغیت.
-با ئەو ڕاستیەت پێبڵێم، لە مێژە سەیرت دەکەم، هەر چەندە درەنگ هەستت پێکردم، یەکێک لە هاوڕێیەکانم دەیگوت کاتی خۆم بە بەلاش بە فیڕۆ دەدەم و تۆم بە زۆر کردووە بە خەونی خۆم.
+بمبوورە گەر هەستم پێکردبایت، نەمدەهێشت چاوەڕوانیی وشەیەک بیت لە ڕابردووی تۆدا.
-نا ئەوەی ڕۆیشتیش هەر ئێستایە، گرنگ ئەوەیە هەڵە نەبووم.
+باشە چۆن ئاگادارم دەکەیتەوە کە ئازارت نەدەم؟
لەبەر پێکەنین قسەی پێنەدەکرا، هەرچەندە ئەمن هیچ تێنەدەگەیشتم، تەنها چێژم لە پێکەنینەکەی وەردەگرت، بۆیە منیش لەگەڵی پێکەنیم، بێگومان چۆلی گەڕەکەکە هەموو لێکدانەوەکانی دوورخستەوە، ئەگینا هەر کەسێک دیتبای وای هەست دەکرد نوکتەیەک یا قسەیەکی خۆش هەردووکمانی هێناوەتە پێکەنین،
-تۆڵەی خۆم لێکردیەوە دڵم لە هەموو شوێنەکم ساغترە(هەستم بە ساردی ئەو تەنەکە ئاوە کرد کە دایکم هەموو جار باسی ڕووداوێکی دڵتەزێنی دەکرد). ئەو فلیمە شیلان بە نزاری کرد، دەنا ئەمن هەندە زیرەک نیم شتی وا دروست بکەم.
ئەگەر حەز دەکەن دۆڕاوێکی دڵخۆش ببینن، وەرن تەماشای حالی من بکەن .

شادیە دەیویست بزانێ دەمژمێر چەندە، هەر چەندە دەمژمێرم پێنەبوو، ویستم بە شتێک پێکەنینەکەم لەگەڵ هی ئەو تێکەڵ بێ.

+هێشتا چارەگێک مایە.

-چۆنت زانی؟

+لە سێبەر دەزانم.

پیاوێکمان دیت ترومبێلەکەی دەشووشت.

+ببوورە دەمژمێر چەندە.

کابرا سەیری دەمژمێرەکەی کرد:

-هێشتا قوتابخانە بەر نەبووە.

+واتە..

-یازدە دە دەقیقەی دەوێ.

+ئەگەر یەکەم جار وات گوتبایە سوپاسم دەکردی، بەس تازە پێویست ناکات.

-شەرم و حەیا نەمایە.

+بڕوا ناکەم هێندەی ئاوت بە خۆتدا کردیە بە ترومبێلەکەتدا کردبێ .

-قەشمەریم پێدەکەیت، هەتیم.

+بە خۆت حەزت لێیە.

شادیە بە توندی دەستمی گرت و ڕایکێشام، خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین، بەنەرمی چرپاندیە گوێچکەم، دەستی دەمارەکانی خاو کردمەوە، دڵی خستمە جۆلانە، نازانم کابرا چیتری گوت، چاوم لەسەر دەستی ڕاستی شادیە و دەستی چەپەمی تێدا دەتوێتەوە، هیوادارم ئێوەش ئەو دیمەنە ببینن کە چۆن بەختەوەری جێگە بە شەڕ لەق دەکات.

شادیە بە شێوەیەک دەستی بەردام، ئەگەر ئەو ڕستەیەشتان بۆ نەنووسم، ئەمن بۆ خۆم تێبگەیشتم:

- توخوا بە هەڵە وەریمەگرە، بەسەری بابم لە ترسان دەستم گرتی.

+ئەگەر لەسەر یەکەم ژوانمان هۆنراوەیەکت بۆ بنووسم ، ناوی لێدەنێم ترسێکی جوان.

هەرچەندە زۆری پێخۆش بوو کە پرسی هۆنراوە دەنووسی و بە جار جارە وەڵامم داوە، بەڵام نەگونجا ئەوەی نووسیبووم بۆی بخوێنمەوە، بە دوا ڕستەی چۆن یەکتر ببینین و بە وەڵامی ئەو با بۆ ڕێکەوتی لێگەڕێین، لێک جودابووینەوە، .

دەبێ لاربوونەوەکەی هی جوان و نازی بێ یا هی شەرم، سەیرم کرد تاوەک فیلمی سینەمایی هێدی هێدی لە بەر چاوم بچووکتر و بچووکتر دەبۆوە.

❊ ❊ ❊ ❊

ئەورۆ یەک دوو شت فێربووم کە یارمەتیەکی زۆری دام، ماوەیەک بەر لە ئێستا خەونەکی زۆر ناخۆشم دیت، لەخەونمدا پلکە فاتم پرسیاری لێکردم بۆ وەڵامی نامەکەی سروە نادەمەوە، ئەمنیش هیچم نەگوت، یەخەی گرتم و هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە، هەر وەڵامم نەداوە، تا هێزی تێدا بوو پاڵەکی پێوەنام، بەڵام وا پێدەچوو شوێنەکە زۆر بەرز بێ، چونکە تا زێخە بە ئاگای نە هێنام نە کەوتمە خوارێ (بۆ ئاگاداریتان ئەو خەونەم بۆ دایکم گێڕاوە، مردبوو لە پێکەنینان. شەماڵ).

ئەو برادەرە دیاربوو زۆری دەزانی، دوای لێکدانەوەیەکی زۆر لەسەر خەون وەک خۆی گوتەنی بە شێوەیەکی زانستی بۆی شیکردمەوە، دوایی قسەیەکی جوانی کرد

گوتی: تۆ پێویست ناکات لە هەموو بوارێک بە توانابیت، دەکرێت هەندێک بابەت لە پێناسەیەکدا کورت بکەیتەوە، بۆ نموونە بابەتەکەی ئێستامان کە لەسەر خەونە، خەون ڕەنگدانەوەی واقیعە.

ڕاست دەکات ئەمن تا ئێستا لە دڵمە کە وەڵامی سروەم نەدایتەوە، سروە گوتی: دایکم دەزانێ. لەوانەیە لای ئەو گلەیی کردبێ یا گریا بێ، پلکە فاتمیش لەمن تووڕە ببێ، ئێ ئەویش دایکە پێی ناخۆشە کچەکەی بگری، باشە بۆ نامەیەکی بۆ نەنێرم، بەس چ بنووسم، دەنووسم تۆ بۆ من وەک خوشک وایت و ئەمن جگە لەو هەستە هیچ هەستێکیترم نیە، تکایە با ببین بە دوو هاوڕێ، جا ئەو ئەم قسانە دەزانێ خۆ نەیکەم باشترە، بێدەنگیەکە هەڵدەبژێرم.

(سروە پێنووسەکەی لێوەرگرتم و نووسی: ببوورە هاوڕێم ئەمن و تۆ لەزەمەنێک ژیاین کە مرۆڤەکان وایاندەزانی ڕاستی و هەڵە یەک ڕووی هەیە، وامان دەزانی مرۆڤ ئایدلۆژیایە بە بێ ڕوح، تۆ هەڵە نەبوویت، ئەمنیش هەڵە نەبووم، بەس ئێمە تێکنەدەگەیشتین، هەر کەسە و بەدوای ناسنامەی خۆیدا وێل بوو، بەڵام کەم کەس پێی دەگات، چونکە نەریت ڕەگی ئەو کۆمەڵگەیەی تائێستاشی لە گەڵدا بێت کۆنکریت کردووە).

دوا دیداری سروە و ئامانجیشتان بۆ باس دەکەم، دوای ئەوەی یەکەم جار لە هەندەران هاتەوە، ئامانج هاوسەریی لەگەڵ کچێکی بێگانە کردبوو و منداڵێکشی لێی هەبوو، سروەش مامۆستای زانکۆ بوو، مێردی بە کوڕێک کردبوو ناوی بەختیار بوو، پێکەوە مامۆستا بوون، دوو منداڵیشیان هەبوو.

بە سروەم گوت ئامانج هاتۆتەوە و بۆ خواردنی ئێوارە داوەتم کردووە، هاتن و زۆر خێرا کەوتنە قسە، بێگومان هەموومان قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بەڵام وەک ڕێز گرتنەک لە کات هەر چەند قسەیەکی ئامانج و سروە دەگێڕمەوە:

+ئەو منداڵە جوانانە ناویان چیە؟

-گچکەکەیان ڕابوون گەورەکەشیان ئامانج، بەس بەخوای شەڕانی نیە. سروە بە پێکەنینەوە وای گوت

+دیارە ئەمن بەس وشەی شەڕم لەبیرەوەری ئێوەدا بەجێهێشتووە.

-بڕوابکە مەبەستم ئەوەنەبوو، زۆرجار ڕابوون لەسەری دەکاتەوە، دیاربوو بەختیاریش هاوڕایی خۆی نیشاندا.

+هەموو سیفەتێکی منداڵ بەشێکە لە سروشتی بوونی خۆی، بۆیە ئەمن زۆر بە ئاسایی باسی ئەو قۆناغەی منداڵیی خۆم دەکەم، پەیوەندی بە شانازیکردن وناشانازیکردنەوە نیە، ئەمن وابووم، وزەیەکی زۆرمان هەبوو نە لە ماڵ فێرە شتێکی باش دەبووین نە لە قوتابخانەش.

ئەمن هەر بۆ خۆشی گوتم: تۆ لە دژایەتی کردنی قوتابخانە هەر ناکەویت.

+چەند شتێک هەیە گرنگە بۆ ئەوەی منداڵ ئارام بکەیتەوە، موزیک، وەرزش، وێنەکردن، توخوا حالیان چۆن بوو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا! دایکە نەخوێندەوارەکەی من هەموو جار بە گاڵتە پێی دەگوتم: "کوڕەکەم لە ڕسم و ڕیازە یەکەمە". هەندەی پێخۆش بوو دەچووینە هەر ماڵەک، ئەوە خۆشترین قسەی دایکم بوو، ئەو ئێوارەیە کاتەکی خۆشمان بردەسەر، دوایی ئاوات هات گوتی: مێوانمان زۆر هاتووە، دەیانەوێ بتبینن. ئەمنیش لەگەڵی چووم تادرەنگ لایان مامەوە، کە هاتمەوە سروە نووستبوو، لە دایکمم پرسی هیچ هەیە؟ دیاربوو ئەویش زۆر

کزبوو، هەرچۆنێک بێ، بۆی باس کردم کە سروە زۆر گریاوە و گوتوویەتی: خۆزگە ئامانجم بەو حاڵەوە نەدەبینی، بە شەلەشەل و بەو ڕەنگە زەردە، ئەوها بڕوا بڕواناکەم زۆر بژی، دایکیشم گوتی: ڕاست دەکات ئامانج زۆر پیربووە. شەماڵ)

ئەو برادەرە قسەیەکیتریشی فێرکردم، لێکدانەوەی کوردی بۆ خەون هەمووی لە دین و خەرافیاتدا هاتووە.

* * * *

کاتێ گەیشتمە چایەخانە، دیاربوو برادەران لە وتوێژێکی گەرمدا بوون، کەمال لەگێڕانەوەی ڕووداوێک دابوو، بەس دیاربوو هێندەی گرنگی بەبابەتەکەی خۆی دەدا، لەسەرەتاوە دەستی بەگێڕانەوەی کرد، دەکرێ تۆ بڵێیت ئەوە ڕێزە، بەڵام وانیە هەڵەیەت؟

-هەموومان ماڵی مام زرار دەناسین، جەوهەری کوڕیان ئەوە دوو مانگە لەبەرەی شەڕە( عێراق-ئێران) و نە هاتۆتەوە وایە؟ (کە دەیگوت سەیری هەموومانی دەکرد بۆ ئەوەی بڵێین وایە، ئێمەش وامان دەگوت) پوورە بەسێی داپیری جەوهەر بە بەردەوامی لە خوا دەپاڕێتەوە، دەڵێت خوایە، پێش ئەوەی بمرم جارەکی دیکە جەوهەرم دیتبا، وایە؟ ئەوە شەش ڕۆژ پێش ئێستا جەوهەر بە ئێوارەکەی گەیشتە ماڵێ بەسەلامەتی، وایە؟ خوا دوعاکەی قبوڵ کرد و بۆ سبەینەکەی ویستبوویان بۆ نوێژ کردن هەڵیستێنن ئەمری خوای کردبوو، بۆ ناڵێن سبحانەلا! سەیرکەن،خوا چۆن وەڵامی ئیماندارەکانی دەداتەوە.

-ئەوە هیچ پەیوەندی بە خواوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە هەستی شەشەمەوە هەیە، داپیرە بەسێ کە ئێمەش دەیناسین هیوایەکی هەبوو، کە وایلێکرد خۆی ڕاگرێ و چاوەڕوان بێ، گەر بێ دینیش بووایە هەر ڕوویدەدا.
-شەماڵ، دەزانم ئێوە دەتانەوێ بەزۆر ئەو پەیوەندیە جوانەی لەنێوان مرۆڤ و پەروەردگارداهەیە، بپچڕێنن و لە ئاستی ئەو هەموو موعجیزەیە خۆتان کوێرە بکەن.
-ئەمن سەیرم پێدێ ئێوە توانای مرۆڤ نابینن کە ئەو هەموو کارە مەزنانە دەکات، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، فڕۆکە، چوونە ناو مانگ و سەدان شتیتر کە مرۆڤ بە هەمووهەستەکانی هەستی پێدەکات و کەچی ناویشی لێنانێ موعجیزە.
-ئەو توانایەی تۆ باسی دەکەیت، کاک سالار، ئەوە بەشێکی بچووکە لەوەی کە خوا پێیداوە، بەس ئێوە کە ڕەچەڵەکی خۆتان دەگەڕێننەوە سەر مەیمون، باوەڕی پێناکەن.
-باشە کاک کەمال ئەو خوایەی کە تۆ باوەڕت پێی هەیە ئادەم دروست دەکات و لەپەراسووی ئەویشەوە حەوا؟! منداڵی ئەوانیش کە دەبنە خوشک وبرا و زاوزێ دەکەن، ئەو مرۆڤایەتیەی لێ دروست دەکات و دوا پەیامنێریشی بۆ دەنێرێ و سەیرکردنی نێر ومێش حەرام دەکات، باشە گەر ئەو ئەوها دووربین بوو بۆ لەسەرەتا کۆمەڵەک ئادەم وحەوای درووست نەدەکرد، تا مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتاوە بەبێ ڕەوشتی دروست نەبایە؟!
-جا ئەو کاتەش تۆ هەر تێنەدەگەیشتیت، کاک ئامانج، چونکە تۆ قورئانت نە خوێندۆتەوە، گەر بتخوێندبایەتەوە ئەوە بە ئاسانی تێدەگەیشتی.

-پێویست ناکات هەر چیتان لێ بپرسین بڵێن لە قورئاندا هەیە، تۆ خوێندۆتتەوە، وەڵامەکەیم بدەوە.
-ئەمن دیندارم، بەو حیکمەیە ڕازیم کە خوا دەزانێ.
- دە خۆت هەڵدەخەلەتێنیت، ئەگینا بۆ پەیامنێری دەنارد؟
-ئێوە نە قورئانتان خوێندۆتەوە و نە لە پەیامەکەی پێغەمبەر (د. خ) دەگەن.
-ئێ، ئێوە خوێندووتتانەوە تێمانبگەیەنن.
-تکایە با قسەکەم تەواوبکەم، ئێوە دەترسن لەبەرئەوەی چەندان کەسایەتی گەورەی ئەورووپی دوای ئەوەی قورئانیان خوێندەوە و لەژیانی پێغەمبەر(د. خ) گەیشتن، باوەڕیان بە ئیسلام هێنا.
-ئەدی چەند کەس پاش ئەوەی تێگەیشت، وازی هێنا؟ برا ئێوە تا ئێستا لێکدانەوەیەکی یەکلاکەرەوەتان بۆ قورئان نیە ، تا ئێستا لە کێشەی ناسخ و مەنسوخ رزگارتان نەبووە، سالار ڕووی کردە کەمال کە وەڵامی منی داوە، کە بۆمن باش بوو هەرچەندە دوایی لە شەماڵم پرسی ئەو ناسخ ومەنسوخە چیە، باش بوو ئەو بۆی شیکردمەوە کە بە کورتیەکەی قسەیەک دەکەیت و لێی پەشیمان دەبیتەوە، پرسیارێکی سەیرم لا دروست بوو، چۆن خوا قسەیەک دەکات و لێی پەشیمان دەبێتەوە؟!
-مێژوونووسەکان ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە کۆمەڵەک نووسەری پێشکەوتنخوازی دنیاش ئەوەیان سەلماندووە کەئیسلام هات و شۆڕشێکی باشی بەرپا کرد، خزمەتێکی چاکی پێشکێش بە مرۆڤایەتی کرد، دوایی زانیم ئەو کوڕە ناوی نەوزادە و ڕقی لە حزبی شوعیە، لە دوای ڕووداوێک کە لێرە جێگەی نابێتەوە، هەڵوێست وەردەگرێ و زیاتر مەیلی کوردایەتی هەیە نەک چینایەتی.

-ئەمن شتێکی کەم لە بارەی مێژووی ئیسلام و دوورگەی عەرەبیەوە دەزانم، بەڵام ئەوەی لە دیندارەکان دەبینم سیمای پێشکەوتنی تێدا نیە. ئەمن وامگوت

-ئەدی باشە ئێوە بۆ گلەیی لە برا شوعیەکانی خۆتان ناکەن کە لەگەڵ دوژمن دەستیان تێکەڵ کرد بۆ کوشتن و لەناو بردنی میللەتی کورد، ئەدی ئەوە پێشکەوتنە؟!

-کاک نەوزاد، ئێمە باسی دین دەکەین، ئەوە بزانە لەحزبایەتی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن هەیە، بەس ئایا ئەوە لە دیندا هەیە؟

-جا توخوا ئەوە گەمە نیە، بمکوژیت وداوای لێبووردنم لێبکەیت! برا کە ئیسلام هات، هەرچی هۆز و تیرەی دواکەوتووی دوورگەی عەرەبی هەبوو کۆیکردنەوە و ئەو شارستانیەتە مەزنەی لێدروست کرد کە پێیدەگوترێت شارستانیەتی ئیسلامی.

-ئەمن نازانم کۆکردنەوەی کۆمەڵێک هۆزی دواکەوتوو چ سوودێکی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی هەبوو، جگە لە تێکدانی چەندان شارستانیەتی پێشکەوتوو.

-کاک سالار، زەکات دان بە هەژاران و ڕێزگرتن لە دایک وباوک، هاریکاریکردن، دزینەکردن، درۆ نەکردن، ڕەوشتی بەرز، دەستپاکی و بەدەیان کاری باش تۆ هەر بە پێشکەوتنی نازانیت؟

-بەڵگەت چیە، کە ئیسلام ئەو شتانەی لە دینەکانی پێشوو وەرنەگرتووە؟

-دینێک ئەوانیتری قبوڵ نەبێ، چ پەیوەندیەکی بە پێشکەوتنەوە هەیە؟ وامزانی سالار تەواو بووە دەنا قسەم نەدەکرد.

-برایان ئێمەش بێ ئاگانین لە بیرو باوەڕی ئێوە، لینینی ڕابەرتان دەڵێت ئەگەر دوو حزبی شوعی لە وڵاتێکدا بوون ئەوە یەکێکیان خائینە، کە دەسەڵاتیشیان گرتە دەست بەتەنیا حوکمڕانیان کرد، کەسیان قبوڵ کرد؟ بەرگی دووەمی (مرۆڤ

ودووربەر) لەنووسینی مامۆستا ( مەسعود موحەممەد ) کەوتۆتە بازاڕ، گەر بیخوێنیەوە لەو بۆچوونانەتان پاشگەزدەبنەوە.

- لە دنیایێ دنیایەک نووسەری پێشکەوتنخواز هەیە، بچین کات بەو کۆنەپەرستە بکوژین!

-ئەوان باسی کێشەی کورد دەکەن؟

دوو کەس هاتن، سالار و نەوزاد و کەمالیشیان دەناسی خۆیان بە من و شەماڵیش ناساند، ئیسماعیل و کارزانیان ناوبوو. لەبەر ئەوان نەوزاد قسەکەی پێ تەواو نەکرا، جا نازانم دەیوست تەواوی بکات یاخود نە، ئەوەی کە ڕوویدا ئەوە بوو وەک دەڵێن هەر دانیشتین و دانەنیشتین، کارزانەکە بۆ ئەوەی سەرنجی هەموو لایەک بۆ خۆی ڕاکێشێ، یەکسەر بابەتێکی کردەوە کە وا پێدەچوو سالار و کەمال کەمەکی لێبزانن، بەڵام ئەو هێندە بەگرنگ باسی دەکرد کە هیچیش نەبوو، شەماڵ گوتەنی کە شتێک شایەنی گوێگرتن نەبێ، شایەنی گێڕانەوەش نیە.

❊❊❊❊

ئەمن هەر لە هەرزەکاریمەوە حەز لە کاری سیاسی دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگایەتیم نەکردیە، هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکەم، تا ئێستاش سەر دەخەمە سەر بالیفی پەشیمانی، ئەمن دەزانم بەرەی دژ بە خەباتی چەکداری گەرمە و تادێ زۆرتر و زۆرتر دەبن، کەچی ناتوانم باوەڕ بە خۆم بێنم دەنا ئاسوودە دەبووم، چۆن بەو ئەنجامە گەیشتم کە وا بیرنەکەمەوە، یەکەم شت ئەوەیە کە تۆ خاکت داگیربکرێ و سەروەت و سامانی وڵاتت بۆ خۆیان ببەن، قسە بکەی و بتکوژن!، جگە لە داکۆکیکردن لەبوونی خۆت ڕێگەچارەیەکیترت نیە،

دووەم شت تۆ بەراوردێکی ئەو زیانە بکە ئەگەر داکۆکیت نەکردبا، ئایا زۆرتر نەدەبوو؟ بۆ من وەڵامەکەی بەڵێیە. چۆن؟ ئێمە گەربێت و قوناغی هەشتاکان وەرگرین کە تێیدا ژیاین و شەڕی عێراق و ئێران کە گەورەترین ڕووداوە بە نموونە وەرگرین، کەس نکوولی لەوە نیە کە سەدام جگە لەوەی دیکتاتۆر بوو دژی میللەتی کوردیش بوو، ئایا بوونی کورد بە کەرەستەی جەنگ بەو لاوە چیتر دەبوو؟ ئایا کەس ئەوەی پرسیوە چەند کورد لە و شەڕە دەکوژراو کەم ئەندام دەبوو؟ لەبەر زۆر هۆیتریش ئەمن خۆم بە قەرداری ئەو کەسانە دەزانم کە خۆیان بە کردار کردە قوربانی ئەو ڕۆژە، هەر بۆیەش حەز دەکەم قەرەبووی ئەو ڕۆژانە بکەمەوە و ببم بە خزمەتکاری ئەو خەڵکە، ئەو ڕۆژەی بزانم چیتر ناتوانم خزمەت بکەم، ئەوا دڵنیابن واز لەو پۆستە دێنم کە هەمە.

هەرچەند دەمویست دوور بم لە باسکردنی خۆم، بەلاّم وام هەستکرد دەبوو ئەو چەند قسەیە بکەم، چونکە ئەو قۆناغەی ژیانی ئامانجم لە هەندێک دەسنووسی خۆی و هەندەک هاوڕێ دوور و نزیکی ئەو وەرگرتووە و بەدواداچوون و سەردانی هەندەک شوێنیشم کردووە کە ئامانج پێشمەرگایەتی تێدا کردووە.

(ئەوکاتەی ئەمن ناسیم لە بارەگا بوو، شەلینەکەی زۆر بوو، دوایی زانیم کە هەر چەند مانگێکە بریندار بووە، ڕاستیەکەی حەزم لە کەسایەتیەکەی بوو، بەلاّم لەبەرئەوەی قسەی زۆر ڕەق بوو یا وەک هەندەک هاوڕێ بە وشک دەیانناساند، زۆر هەوڵم لەگەڵیدا کە دژایەتی هەندەک کەس نەکات، چونکە ئەوان قسەیان دەڕۆیشت، ئەگەر ڕێگەم بدەیت ئەو ڕستەیە چاک دەکەمەوە کە کەمێک زیادەڕۆیم تێدا کرد، چونکە ئەمنیش ئەو کاتە بڕوام وا بوو ئەوەی ئەوان دەیکەن لە بەرژەوەندی حیزب دایە، بۆیە ئەو کات دلێر(ئامانج)م پێهەڵە بوو، چونکە بۆ

منیش حیزب لەسەرەووەی هەموو شتێکەوە بوو، بەبیرم دێ کە شەرەفی ئەندامێتیم وەرگرت، لەخۆشیان چاوم پڕ ئاو بوو ، بۆیە پەیوەندیم لەگەڵ دلێر لەسەر هەردوو بناغەبوو، یەکەم دڵسۆزیم بۆ حیزب کە هەوڵ بدەم ئەو هاوڕێیە دڵسۆزە بگەڕێنمەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ئاخر جگە لەو ئازایەتیەی کە لە دلێریان باسدەکرد لە شەڕەکان، ئەمن ئەو ڕۆژە لەوێ بووم کە مامی هات و داوای لێکرد خۆی ڕادەستبکاتەوە، بەڵێنی وەرگرتووە کە ڕژێم هیچت لێناکات و دایکت وباوک و براکەشت ئازاد دەکات، دلێر هەر ئەو وەڵامەی هەبوو ئەگەر هەموویان بکوژن، خۆم ڕادەستناکەمەوە، دوایی گوتی: باوکت نەخۆشە بمرێ کەسمان گەردنت ئازاد ناکەین. کارتی خوشک وبرا گچکەکانی بەکار هێنا کە پەرتەوازە بوون، هەر یەکەی لەماڵێکن، هیچ سوودی نەبوو، مامی هەر بە جووندان هەستا و ڕۆیشت. دووەمیش خۆشمدەویست، کە ناسیبات کاریگەری لەسەر جێدەهێشتی، قسەی ڕووبەڕوو بوو، دڵسۆز، ڕاستگۆ، دەزانی هەوڵ زۆر دەدەم بە زمانی ئەو کات قسە بکەم بەڵام ببوورە ناتوانم، تۆ وەرە ئێمە کە لەشتە گەورەکان هەڵەبووین، شتە بچووکەکانیشمان قبوڵ نەدەکرد، ڕۆژێک بە دلێرم گوت تۆ ناچیتەوە ناو حوکمەت و لەگەڵ ئەوانەش هەڵناکەیت و ئەوانیش بەهەموو شێوەیەک دژایەتیت دەکەن، بڕوادەکەیت لەکۆتاییەکەی داوایان لێکردم یا دەتنێرینە بنکەیەکیتر یان لێی دوورکەوە، کۆمەڵەک شتیتر هەن کە بەبیرم دێنەوە، هێڵنجم دێ. دەگەڕێینەوە لای پرسیارەکەی خۆم کە لەدلێرم کرد باشە پێم ناڵییت ئەلتەرناتیفی تۆ چیە، ئەمن بیر لە ئەلتەرناتیف ناکەمەوە ئەوە کەسایەتی منە و ئامادەشم باجی هەموو کردارەکانی خۆم بدەم، بەڵام جارێک وێنەیەکیتری خۆی پێدام کە دەکرێ ئەوە نزیکتر بێ لە خۆی، کاتێک هەڵەیەک یا ناڕەواییەک دەبینم لێی نەیەمە

دەنگ، یان شتێکم پێ ڕاستە، نەیکەم ، ئەوا ئازاری خۆ خواردنەوەم زیاتر دەبێ. زۆر گاڵتەی بە دروشمەکانی حیزب دەکرد دەیگوت: حیزب جووتیار دەکاتە سووتەمەنی شۆڕش، کەچی دروشمی پێشەوایەتیی کرێکار بەرزدەکاتەوە ، لەسەر ئەو قسەیە چەکیان کرد، گوێبگرە ئەوە نوکتە و لێکدانەوەیەکی خۆشە کە چەکیان کرد سزاکەی ئەوە بوو یەک هەفتە دەبایە چێشت لێبنێ، کەچی لە قسە نەدەکەوت دەیگوت: هاوڕێیان ئێوە دەڵێن خواردن لێنان بۆ هاوڕێیان ئەرکێکی ڕەوشتیە کەچی بۆمن وەک سزا بەکاری دێنن، ئاگاتان لە و ناکۆکیە هەیە کە بۆ خۆتان تێیکەوتوون )

ئەوە بەشێک لە قسەکانی هاوڕێ کوردۆ بوو، بەس حەزمدەکرد لە وردەکاریەکانی چۆنیەتی برینداربوونەکەی بزانم کەچی کوردۆ وای پێ باشبوو لە دەشتی بپرسین چونکە ئەو لەشەڕەکە لەگەڵیدا بووە:

راستیەکەی دلێر پێشتریش کەمەک کێشەی لەگەڵ شەهید...(دەشتی سوێندی دام کە ناوی ئەو بەرپرسە نەنووسم، لەبەر ئەوەی شەهید بووە، ئەمنیش هاوڕام کە شەهید دەبێت ڕێزی لێبگیرێ) هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دلێر ئازا و خێرابوو بۆیە شەهید دەستبەرداری نەدەبوو، ئێمە لە زۆر شەڕ و جەولە پێکەوە بووین، بەڵام تۆ گوتت تەنها باسی ئەو ڕۆژەم بۆ بکە کە چۆن دلێر برینداربوو، خۆی بە هەڵەی خۆی بریندار بوو، چۆن؟ شەڕ تەواو بوو دوو هاوڕێمان شەهید بوون لەبەر ئەوەی کەوتبووینە بۆسە و شوێنی جاشەکان باشتر بوو، ئازایەتی ئەوە بوو چۆن بەسەرکەوتوویی پاشەکشە بکەیت و کەمترین زیانت هەبێ، هاوڕێیەکمان زوو شەهید بوو ئەویترمان بەبرینداری بەرگریەکی باشی کرد و خۆی گەیاندە پەنا بەردەک، نازانم پێکدادانەکە چەندی خایاند، بەڵام نە ئەوان دەهاتنە پێش نە

ئـێمەش هێرشـمان دەبـرد، لەوكـاتەی شـەهیدی بەرپــرس دوو هــاورێی نــاردبوو پشكنینەک بۆ هەورازەکەی نزیكمان بكات و یەكێک لە هاوڕێیەكان هاتەوە گوتی: کەسـی لێنـیە. ئەوەشـم بە بیـر هــاتەوە ئەو هەورازەیــان لێگرتبــاین، كەسـمان دەرنەدەچوو، كوردۆ لێیپرسی: باشە بۆ بەو ڕووناكیە دەرچوون؟ دەشتی گوتی: ئەو قسەیە دوایی دلێر ویستی بیوروژێنێ، بەڵام گوتیـان ئەوە كـاری تـۆ نیە بزانیـت كەی و چۆن پێشمەرگە بجوولێتەوە، بابەتەكەیان لە بەر چاوی ئێمە داخست ، بۆ خۆیان لێكۆڵینەوەیان لەسەركرد یـان نـا نـازانم؟ دلێـر بە كـاروانی گوتبـوو دەچم هـاوڕێ (....) ڕزگـار دەكەم، هەرچەنـدە كـاروان ئێستاشـی لەگەڵ دابێت دەڵێت: پێش ئەوەی دلێر بچێت (....) شەهید ببوو. كەچی دلێر هەر دەڵێت: نەخێر ئەو كاتەی كە من ویستم بیگوازمەوە تا نزیک هاوڕێیـانیش بەشێک لە قورساییەكەی لەسەر قاچی خۆی بوو، دوایی گوللەیەک بەسەری كەوت و گـوللەیەكیش بە قـاچی چەپی من كەوت. دەشتی گوتی: كە دیتم وام هەستكرد كە زۆر زوو شەهید بـووە، كەچی دلێر دەڵێت بە دووربینەكەم دیتم دەستی دەجولاوە، لەو كـاتە بـووە دەنگە دەنگیان لەگەڵ شەهیدی بەرپرس ئەو بەتووڕەیی بە دلێری گوت:

+باش بوو بۆ خۆت برینـدار بـووی پێشـمەرگـایەتیەكە لەبارەگـاكـانی دواوە تەواو دەكەیت.

-بۆ ڕاپۆرتم لەسەر نانووسی كە بەخۆم لە خۆم دایە؟

+نا دەنووسم بە تەنیا لەگەڵ كۆپتەر بە شەڕ هاتی!!

-گرنگ ئەوەیە لە پێش ڤیژە ڤیژەكانی تۆ بووم.

+كوڕم ئەمن نەبوومایە، ئەتۆ بوویتایە هەموومانت بە كوشت دەدا.

-ئەگەر کەسێک هەبێت وتەی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بەدرۆ بخاتەوە، ئەوە تۆی.

خەریک بوو کلاشینکۆف لەیەک ڕاکێشن، باشبوو ڕەنجۆ چووە لای دلێرو هەوڵیدا برینەکەی قاچی بپێچێتەوە، ئێوارەیەکی ناخۆش و پڕ بەسەرهاتمان بەڕێکرد، تا یارمەتمان بۆ هات، ئا بەڕاست سەلامیش بریندار ببوو، بەڵام هی ئەو سوک بوو ئەوکاتە وایان دەگوت کەچی قوڕبەسەرەی دوو پەنچەی دەستی ئیش ناکات، جاشەکانیش تەرمی هاوڕێیە شەهیدەکەی ئێمەیان برد بوو بۆ دەزگای ئاسایش. )

بێگومان دەشتی باسی ئەو کاتەی بەگشتی کرد، هاوڕێ کوردەش گوتی: دلێر زۆر ڕقی لە جاش دەبۆوە دەربارەی ئەو ڕووداوە گوتی: شانسم نەبوو دەنا بڕوام پێبکە ژیانی ئەو هاوڕێیەم ڕزگار کردبوو، بەڵام ئەو جاشە سەگبابانە.. تۆ سەیر بکە لەو کاتەی کە بن هەنگڵی شەهیدم خستبووە سەر ملی خۆم خۆ ئەو کاتە هیچ مەترسیەکم بۆ سەر ژیانی ئەوان نەبوو، یەکسەر بێدەنگ بوو تەواوی نەکرد، لەکاتێک مرۆڤ تووشی حالەتێکی هیستریا دەبێ، هەستتکرد خەریکە لە بێئاگایی خۆم لە جاشەکان بپارێمەوە، بڵێم تکایە تەقەم لێمەکەن، تەنها دەمەوێ هاوڕێکەم ڕزگاربکەم، کوردە دەڵێت: ڕۆژێک بانگیان کرد کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان لەگەڵ کرد هاتە دەرەوە، دیاربوو زۆر تووڕە بوو، چووە ژوورەکەی خۆی و کۆلەپشتەکەی لە دەست بوو بەرەو ئاگردانەکە ڕۆیشت، کۆمەڵێک کاغەزی دەرهێنا و بێ ئەوەی سەیریان بکات دەیخستنە ناو ئاگرەوە، چوومە لای بە شێنەیی لێمپرسی :

+چی بوو؟

-خۆمان و خێزانی خۆمان کرده قوربانی حیزب، کەچی زۆر بەئاسانی پێمدەڵێن بۆ کوێ دەچیت برۆ.

بۆ ئەوەی بە هەڵە تێمنەگەن، خەڵکانێک هەن تا ئێستاش حەز لە ئامانج ناکەن، رۆژێک بە رێکەوت لە شوێنێک دانیشتبووین، باسی رووداوەکیان کرد لە کاتی پێشمەرگایەتی، لەچالاکیەکی پڕ مەترسی هاتوونەتە ناو شار چەند کەسێکی خۆفرۆشیان رفاندووە، دلێریشیان لەگەڵ بووە، کەسێکیتر لەوێ بوو چەند پرسیارێکی لە بارەی دلێرەوە لێکرد، نەیهێشت بابەتەکە تەواو بکات، دەزانی چیە ئەمن هەر بەناو هێنانی پەست دەبم، وشک و کەللەرەق، خۆ بەڕاستزان، جارەک لەناو شەرێ بووین، وتوێژی لەسەر بڕیاری حیزب دەکرد. پێمگوت هاورێ ژیانی حیزبایەتی ئەوهایە ئەو کەسانەی کە لێرە بەرپرسن حیزب داینـاون، هەر باوەڕی نەدەکرد، زۆر بێتام بوو، ئەمنیش جارێک پێمگوت تۆ حیزبایەتیت پێناکرێ، حیزباتی واتە دیسپلین و گوێڕایەڵی، باش بوو حیزب شەرەفی ئەندامێتیەکەی لێستاندەوە.

+بەس حیزب بۆ خۆی رێگەی بە رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن نەدابوو؟

-بەڵام ژیانی خەباتی چەکداری ناکرێ ئەوەندە دیموکراتی بێ.

+قسە لەسەر بیرورا نیە بەقەدەر ئەوەی لەسەر کەسایەتی هەندێک کەسە، کە نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەو ژیانە خۆیان بگونجێنن.

سەبارەت بەو چالاکییەی کە ئەو برادەرە باسی کرد، برادەرێک بۆی گێڕامەوە، کە حیزب هەڵەیەکی گەورەی کرد، هەم: ژیانی چەند هاورێیەکی خستە ناو مەترسی بۆ ئەو چالاکییە، هەمیش ئەو کەسانەی کە ئازاد کران خەڵکی خراپ بوون و دوای ئازادکردنەکەش خراپتر بوون، هەروەها هۆی بەردانەکەیان باوەڕی

بەمنداڵیش نەدەهێنا، گوایە لە خانەوادەکانیان شەهیدی حیزب هەیە!! ئەگەر قسەیەکیتر بۆ ئەو ڕووداوە زیاد بکەم، کە کۆی خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکە دەگۆڕێ، ئەویش کاریگەری بەرپرسێکی حیزب بوو لەسەر ئازادکردنیان، بەداخەوە دوای ڕاپەڕین ئاشکرابوو کە ئەو بەرپرسەی ناو حیزب بەکرێگیراوی ڕژێم بوو، ئەو برادەرەش کە لێم پرسی تێڕوانینی ئەو بەرامبەر ئامانج چیە؟ گوتی: ڕقم لێی نەبوو بەس خۆشیشم نەدەویست، قەت کێشەم نەبووە لەگەڵی، بەس حەزم لە هەڵسوکەوتی نەبوو، ئەوەی کە پێم سەیر بوو لەو برادەرە ڕاستگۆیی بوو، کە بۆم باسکرد دلێر هاوڕێی منداڵیمە، زوو تێی گەیاندم کە بۆ ئەو گرنگ نیە، بە ڕستەی (دەبێت بڕۆم کارێکم هەیە) ئەو وشە تامەزرۆییانەی بۆ باسکردن لەسەر ئامانج نۆرەیان گرتبوو، بە ئاهێکی سارد خزانەوە ناو قاوغی خۆیان.

ئەمن بۆیە حەزدەکەم کاتەکان لێک جودابکەمەوە، تەنها بۆ ئەوەیە زنجیرەی ڕووداوەکان تێک نەچێت، ئەگینا ئامانج دووجار بەسەردان هاتەوە، جاری یەکەم پڕ نۆستەلۆژیا بوو حەزی دەکرد بیبەینە هەموو شوێنێک، تا گۆڕستانیشی پێکردین، ئامانج دڵی زۆر خۆش دەبوو کە کەسێک یا شوێنێکی دەناسیەوە، حوسێن گوتی: بردمیە لای ماڵی شادیە، لەبەر دەرگە ڕاوەستا و تەماشایەکی کردم و بەدڵنیایەوە گوتی: نەڵێی ئەوە ماڵیان نیە؟! ئەو جارە ڕاست بوو، چونکە لە ناسینەوە وەک دەسەڵاتەکەی کوردی فیفتی فیفتی بوو، حوسێن گوتی: دەربارەی شادیە پرسیاری لێکردم و بۆم گێڕایەوە کە پەیوەندیمان هەیە، کە ڕۆیشتی سەرەتا گوتم لەگەڵ ماڵی باوکی بەشەڕ هاتووە و چۆتە دەشتێ، ئەویش گوتی ئەگەر هاتەوە ئاگادارم بکەوە و پێشی بڵێ یا بۆ ئەو یا بۆ گڵ، لە دوای ڕاپەڕین

پێمگـوت نەخێـر ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیشـت و بـووە پێشـمەرگە بەڵام لە هاوڕێیـانی پرسیم دەڵـێن بریـندار بـووە و دوایـی حیـزب بـۆ چارەسـەر نـاردوویەتیە دەرەوە، ڕۆژێک خێزانەکەمی دیتبوو گوتبووی هیچ بیانووێکم بە دەستەوە نیە بۆ چاوەڕوانی وا هەست دەکەم ئەمنی لەبیر چووە، ئیتر دوای ماوەیەکی کەم شووی کرد..

لێم پرسی ئەرێ ئامانج خەونی تۆ ڕزگارکردنی وڵات بوو، ئەمن پێم سەیرە وام دەزانـی یەکەم کەس دێیـتەوە کەچـی زۆرت پێچـوو، وەڵامـی نەدامەوە، نـازانم بـۆ دەتگوت دەمویست جەوەکەی تێک بدەم، گوتم برا دەزانی کە ڕۆیشتی چ دۆزەخێکت بۆ مـاڵی خۆتـان درووستکرد، خوشک و براکـان دەربەدەر بـوون و کەوتـنە مـاڵان، خوێندنیان چوو، دەزانی باوکت دوای دەرچوونی لەگرتووخانە تەواو سەر و ڕیشی سپی ببـوو، قسەی لەگەڵ نەکردبـا، قسە نەدەکرد، دایکت گونـاحە بەڵام کاکت هێندە ڕقی بەرامبەر تۆ و برادەرەکانت هەڵگرتبوو، پیاو لێی دەترسا، لەگەڵ من وانەبوو، دەیزانی ئەمن پیاوی سیاسەت نیم، بۆئەوەی کەمەک بـارودۆخەکە بـاش بکەمەوە بەپێکەنینەوە گوتم کەچی ئێستا کاکت لەهەر شوێنێک دادەنیشێ دەڵێت: دە وەرە کێ دەیکات و کێ دەیخوات.

ئامانج وای گێڕایەوە:

باوەڕدەکەی کە دەرگەم کردەوە بـابم لەسەر چینچکان دانیشـتبوو، لەبەر لەرزینی چۆکەکانی بەزەحمەت هەڵستایەوە، خێرا باوەشم پێداکرد، لە کـاتی مـاچکردن هەستمکرد کە بۆنم دەکات، چەنـد ڕۆژە لە مـاڵێم یەک وشە نـاڵێ، خەریکە دڵـم بتەقێ، دایکم دەڵێ: کەمالی کاک نامیقی دراوسێمان دەیگوت ئامانج لەسەر هێلە.

لەگەڵ ئێمە بە ڕاکردن دەهات، تەنها گوێی لە تەلەفۆنەکە نزیک دەکردەوە، چەند دەمانگوت قسەیەکی لەگەڵ بکە دەیگوت: ناتوانم.
برا ئێمە خەڵکی وڵاتێکین خۆشەویستیش نەک هەر ئازارمان دەدات، بەڵکو بۆتە هۆی ماڵوێرانی بۆ مان.

حوسێنیش وای گێڕایەوە:
ئێمە چووینە ئاهەنگەکە، ئەگەر حەزدەکەی ببیینی، ئەوا دەچینە ماڵی برای خۆت و خێزانەکەشم دەبینی، بە دەم پێکەنینەوە بەرەو ماڵێهاتین، لەبەر ئەوەی بۆ نانخواردن نەمایەوە، گومانم کرد، کە تەنها بۆ هاتنی کاسێتەکە هاتبێ، (بە یارمەتی حوسێن، لە جاری دووەم ئەوەی درکاند بەڵام ناوی کەسی نەگوت، لەوانەشە ئەو قسەیە زۆر حوسێن نەگرێتەوە، چونکە ئامانج بەهەموو قسەیەکی حوسێن پێدەکەنی، شەماڵ غوربەت شتێکی زۆر گرنگی لە ژیان لێستاندم، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ زۆربەی ئازیزانم زمانی هاوبەشم نیە، زۆر ئازار دەخۆم گەرمی و خۆشەویستیان نامجوڵێنێ تەنها بیر لە هەڵاتن دەکەمەوە لێیان، هەستدەکەیت چەند ترسناکە!) کاتێ کە سەیری ئاهەنگەکەی دەکرد، دوو سێ جار قسەمان لەگەڵی کرد ئاگای لێنەبوو، بەس ئەو ڕستەیەم دوو جار گوتەوە:
+ بەڕاست پێت ناخۆش نیە کە لەگەڵ کەسێکیتر دەیبینی. دەڵێم بە ڕاست پێتناخۆش نیە کە لەگەڵ کەسێکیتر دەیبینیت؟
- بۆ وا دەڵێیت براکەم، ئەمن خێزاندارم و لەژیانی خێزانداریش بەختەوەرم، چۆن پێمناخۆشە ئازیزێکم بە ختەوەر بێ!
+پێمخۆشە کە وابیر دەکەیتەوە.

به پێکەنینەوە وام گوت و کنێریش پێکەنی، خۆزگە هی ئەو پێکەنین بایە، حریتەی دەگەیشتە کۆلانێ، ترسام تووڕە بێ، بۆمان ڕوونکردەوە زیاتر بەوە پێدەکەنین کە تۆ ئاگات لە ئێمە نیە.

ئامانج بە دوای کەسێکدا دەگەڕا کە ئێمە چاکمان دەناسی، دەکرێ لەگەڵ ئەو یا لەو زەمەنەی ئەوی ناسیبێ، لایەنە خراپەکەی بە دەر نەکەوتبێ، ڕۆژێک ئامانج هات و نامەیەکی پێبوو دەیویست ئێمە بۆی بگەیەنین، بە هەرحال حوسێن گوتی: دەیبەم، بەلام بۆ دەتەوێ نامەی بۆ بنێریت؟
-ئەو کاتەی کە حزب دەریکردم، ڕێگا چارەیەکم نەمابوو جگە لە ئێران، هەر چەندە حەزم لە تێکۆشان بوو، بەلام حیزب بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو حیزب وڕێکخراوەکانی تری لا ناشیرین کردبووین.
با شتێک زیاد بکەم کە لە ئامانج زیادی کردووە، پێشتر کەمدوو بوو کەچی ئێستا داماوییەکەشی هاتۆتە سەر، بۆیە دەبێ بە پرسیار بیجوولێنی، بڕوابکەن بابەت هەبوو کردیتیەوە تەواوی نەکردووە یەکێکیتری کردۆتەوە.
+چ پەیوەندیەکی بەو کەسەوە هەیە کە دەتەوێ بیبنیت؟
-ئەوانە بارەگایان لە ناو شارەکان هەبوو، دەستیان باش دەڕۆیشت، بەتایبەتی ئەو کوڕە زۆر یارمەتی دام، بردمیە قەرارگەی ڕەمەزان و ناسنامەیەکی بۆ درووست کردم، کەمێک پارەی دامێ و ڕەوانەی لای قاچاغچییەکی کردم ، ئەو قاچاغچییە ڕاستە ڕەوانەی پاکستانی کردم، بەلام زۆری ئەزیەت دام.
نازانم بۆ نەمپرسی چۆن ئازاری دایت؟ چاوم هەر لای نامەکە بوو.
+جا ئەو نامەیە چی تێدایە؟

خـۆش نـیە بە دوور و درێـژی بیگێـڕمەوە کە چـۆن وامـان لێکـرد وەڵامەکەمـان بداتەوە، بەڵام ئاسانیش نەبوو، چونکە جگە لە نامەکە پارەشی تێدابوو.

-بە شێکە لە چاکەدانەوە.

+برا ئەو دوو ئەوەندە دەدات بە پاسەوانەکانی، بیدە بە یەکێک لە هاوڕێکانت کە ناو ماڵی خۆی دەفرۆشی، تەنها لەبەرئەوەی دزی نەکات.

ڕاستە حوسێن نامە و پارەکەی گەیاند، بەڵام خۆزگە بە گوێمان نەکردبـا، چونکە قسەکەی ئەویش بێ مانـا بـوو، نـامەوێ شـەرمەزاری بـم، هەر ئەوکـاتەش قسـە و بـاس هـاتە سـەر نـاوەکەی، ئەمـن هەر لەخەیـاڵم بـوو، بەڵام چـونکە گـوتی: ناونیشـان و تەلەفـۆنەکەم مەدەن بەکەس. بـۆیە هەر لەبیـرم چـوو لـێ بپرسـم مەسەلەی ئەو دلێر مستەفا بەکرە چیە؟ باشبوو هۆیەکەم زانی، کە دەچێتە ئێـران وای پـێ بـاش دەبـێ نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی نەدات، نەبـادا ڕۆژێـک لە ڕۆژان جاسووسێک لیستی ناوەکان بدزێ و بۆ حوکمەتی عێراقی بنێرێ و کێشەیەکتر بـۆ خێزانەکەی دروست بێت، هەر بەو ناو و ناسنامەیەش دەچێتە پاکستان، لەوێش وەک پەناهەندەی سیاسی خۆی بە (یو ئێن) دەناسێنێ، گوتی: هەرچەنـدە تەنهـا ئەو بەڵگەنامەیەم پێ بـوو، گەر نـاوی ڕاستی خـۆم بـدابا نەمدەتوانی ئەوها بە ئاسـانی مـافی پەنـابەریەکە وەرگـرم، دوایـی دەمتـوانی نـاوەکەم و سـاڵی لە دایک بوونەکەشم چاک بکەمەوە، بەڵام تاقەتی ئەو بەزم و ڕەزمەم نەبوو..

ئەوەشی گێڕایەوە: کە خێزانەکەی جارێک لێی پرسیوە گوێم لێبـووە بە نـاوێکیتر بانگت دەکەن، گوتم هیچ نیە لە پێشمەرگایەتی ناوم ئامانج بوو بەڵام حەزدەکەم لە بیرم بچێ. ئامانج باسی ئەوەشی کرد چۆن سوسەنی ناسیوە، گوتی: لە بەشـی فێربوونی زمان بووین، پەیوەندیەکەمان درووست بـوو، ڕاستی سـەرەتا گومـانم لە

خۆشەویستی بوو، چونکە ئەو مافی پەنابەری نەبوو تەنها من هەمبوو، ئەمنیش مرۆڤم وەک ئەو خەڵکە، ئێوە نازانن خەڵک چی دەکات بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، کەچی ئەو وانەبوو، زیاتر حەزی دەکرد پێکەوە بژین و ئێستاش ئەوە بۆ پێنج ساڵە پێکەوەین، بەبێ بەرنامە کوڕێکمان بوو، خۆزگە بێ بەرنامەییمان هەر شتی ئەوها جوانی لێدروست دەبوو، ئالانی کوڕمان چار ساڵانە، بەڵام بەداخەوە دایکی لەسەر ئالان تووشی نەخۆشی بوو، دکتۆر منداڵێتری لێ قەدەغە کردین، بەڵام کاریگەری لەسەر بەختەوەریمان نیە، ئەمن لێم پرسی بۆ بیرت نەکردەوە کە هاوسەرەکەت کورد بێ، بە پێکەنینەوە گوتی: خۆ من وڵات دروست ناکەم براکەم! هەرچەندە ئەمن هیچم نەگوت(ئەو کاتەش ئەوەم نەدەزانی کە ئازادی تاک ڕێگەم پێنادات قسە لەسەر ژیانی ئەوانیتر بکەم، ئەگەر بەخۆیان ڕێگەم پێنەدەن، هەرچەندە ئەوانەی کە لەهەندەران دەژین ڕێژەیەکی کەمیان ئەو کەسایەتیەیان بۆ خۆیان دروستکردووە، وەک ئێوەش کەمێک ئاشنای ئامانج بوون کە لێرەش بوو تەنها بەرپرسیارەتی خۆی بەرامبەر ئەوانیتر نیشاندەدا) دیاربوو هەر بۆ ڕازیکردنی دڵی من، گوتی::

-جەوهەری پێکەوە ژیان لێک تێگەیشتن و ئاسوودەبوونە، وەک هەموو لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە جا نێرو مێ بێ یا مێینەو مێینە یاخود نێرینە و نێرینە.

+بۆ نێر و مێیینەکە هاوڕام لەگەڵت، بەڵام دژی بەشەکەی ترم.

-هیچ زیانەک بە تۆ نادات ئەوە ژیانی تایبەتی خۆیانە، گرنگ ئەوەیە تۆ تاکێکی بە سوود بیت بۆ خۆت و دەوروبەرت.

خۆی  نە ئەو کات و نە ئێستاش ناچێتە ئەقڵم، گەرچی کراوە بە پێوەرێک بۆ ئەوەی رادەی رۆشنبیریی کۆمەڵگەی پێ دیاری بکرێ، بەڵام ئەمن پێم هەزم ناکرێ. با بیرورِای ئامانج تێکەڵ بە بیرورِای خۆم نەکەم، ئەو زۆر بە ئاسایی قسەی دەکرد، بەڵگەی بۆ قسەکانی خۆی دەهێنایەوە

+شەماڵ گیان، گەر بمانەوێ تاکی کۆمەڵگەمان درۆزن نەبێ، پێویستە رێز لە ئازادیەکانی بگرین.

-ئێمە کێشەیترمان زۆرن، ئاو نیە، کارەبا نیە، رێگە و بان نیە، هەزاران کێشەمان هەیە.

+هەرچەندە قسەکانمان پەیوەندیان بە یەکەوە نەما، براکەم نەبوونی هەموو ئەو شتانە لەو رۆژە دەستیپێکرد کە دڵسۆزی نێژرا وئەقلیش وەک دوو کێل بە دیاریەوە دانیشت.

کات، ئەو ساتەیە کە نازانم هەتا کەی رقم لێی دەبیتەوە، شەوی پێنجشەمە لەسەر هەینی، بۆمن وەک خوێکی لێدێ، هاتنی سروە و منداڵەکانی، چوونی دکتۆر بەخ... ، جارێ ئەوەتان بۆ باس ناکەم، چەندان جار بێزار بووم لە نووسینەوەی ئەو بیرەوەریە، نووسەر نیم تا حەوسەلەی نووسینم هەبێ، بابەتەکەش زۆر تاقەتبەرە، ئامانجیش کە بەخۆی قسە نەکات خەڵکە نزیکەکانی چۆن دەتوانن هیچ بزانن،  خەلکیش ناخوێنێتەوە، ئایا ئەو خەڵکە شایەنی ئەوەیە ژیانی تایبەتیی ئێمە بزانێ؟ کۆی هەموو ئەوانەش چ سوودێکی هەیە؟ئامانج و دەوروبەری، سروە... من ...

ببوورن، ئێواره لەماڵەوه باسم کرد کە بەیانی نیازمان وایه لەگەڵ ئامانج و حوسێن بچین و سەردانی مام ئەحمەد بکەین، ڕاستیەکەی تا له خانووەکەی خۆی مابوو، ئەمن ئاگام لێیبوو، بەڵام دوای ئەوەی پلکه ئاجەر مرد، ئیتر کچه ناوەنجیەکەی بردیه لای خۆی و دایکم گوتی: خانووەکەیان بەکرێداوه. ئەو خانووەی که زۆربەی کاتەکانی مام ئەحمەدی بردبوو، له کۆڵانی ئێمه ئەگەر کەسەک بەیەک شت زۆر خەریک بایه دەیانگوت دەڵێ مام ئەحمەدی خانووەکەت چاک دەکەیتەوه، ئەوەش وتەیەکیتری کۆڵان، دەرگەکەی کردبووه دوو ڕەنگ که دەمانگوت جوان نیه لاسایی دەکردینەوه، وته بەناوبانگەکەی خۆی دەگوتەوه: جەوهەری جوانی خاوێنیه، کەخاوێن بێ واته جوانه بەس کەجوان بێ شەرت نیه خاوێن بێ. سەیره که ئامانجیش له مام ئەحمەدی پرسی بەس گوتیان باریکردووه، داما و گوتی: کەواته مرد.

سروه دەیگوت: نازانم مام ئەحمەد و ئامانج چیان پێکەوه باس دەکرد، جاری واهەبوو به چەندان دەمژمێر پێکەوه له بەر دەرگه دادەنیشتن، جار جارەش به بەردێک ئەو پارچه چیمەنتۆیەی بەردەرگەیاندەکرده نەخشەی قسەکانیان، دایکم دەیگوت: ڕۆژەک لێم پرسی بۆ ناڵێیت ئامانج بۆ دەڵێی شێره و شێرەکەم؟ گوتی: شێر هەر ئەوەی قابیله. دایکم دەیگوت: ئەو کاتەی که ئامانج بووه پێشمەرگه، زۆر به غەریبی دەیپرسی: ئەرێ هیچ هەواڵی شێرەکەمتان نەزانیه؟

ئەمن دەزانم ئامانج بۆ هێنده ئەو پیاوەی خۆش دەوێ، هەرچەنده ئەو قسەی بابی زۆر لەدڵ بوو که به مام ئەحمەدی گوتبوو، خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا، هەر بۆیەش کوڕی به قسمەت نەکردی دەیزانی کوڕت بداتێ چ ئاژاوەکی

پـێ دروست دەکەیـت، واز لە کـوڕەکەم بێـنە و مێشـکی بـۆگەنی مەکە، لەو ڕۆژەوە چیتر قسەیان نەدەکرد پێکەوە، بەڵام ئامانج گوێی بە قسەکانی باوکی نەدا.

-ئەو پیـاوەم زۆر خۆشـدەوێ و کەسـێکە لەبیـرەوەریم شـوێنێکی تـایبەتی هەیە، ڕاستە جیاوازی تەمەنمان زۆر بوو، بەڵام لەگەڵیدا ئاسوودە بـووم، زۆر جار لای سوسـان باسـم کـردووە، کە دەچـوومە لای، چیـرۆک و بەسـەرهاتی خۆشـی بـۆ دەگێـڕامەوە و توانـایەکی سەرنجڕاکێشـی هەبـوو، بە تـایبەتی کە لە حەوشـەی ماڵیـان دادەنیشـتین، کە بەسـەرهاتەکی دەگێـڕاوە نـاو نـاوەش کەمێـک شمشـاڵی دەژەنی، ئەو پیاوە جیهانێکی تایبەتی هەبوو، سوودی لە هەموو شتەک وەردەگرت و لەگەڵ زەوقـی خـۆی دەیگونجانـدن، چەنـد تەنەکەیەکـی ڕۆنـی هەبـوو، بۆیـاغی کردبـوون، کـۆمەڵەک شـتی جـۆراو جـۆری لێچانـدبوو، هەر پـایەکی قانـدرمەیەک دانەیەکـی لێدانـابوو، ڕەیحـانە ڕەشـەکەی لە پایەکـانی خـوارەوە دانـابوو، چـونکە چایەی عەسرانی لەوێ دەخواردەوە.

-باشە مام ئەحمەد، بـۆ وێنەی سەر ئەو تەنەکـانەت بـۆ یـاغ کـردیە خـۆ ئەویش شمشاڵ لێدەدات و لەبەر مەڕیە.

+ لە ڕقـان شێرە! شمشاڵ و مەڕداری هی ئێمەیە ئەوان گۆڕیتیان و وێنەی خۆیـان لەسـەر دانـاوە، دوژمـن هـیچ بە ئـێمە ڕەوا نـابینێ، نـابینی وا مزگەفتەکانیشـمان بەسـەردا دەڕووخێـنن. تـۆ گەر بـێ و بەشـی دووەمـی قسـەکەی وەرگـری کەم کەس هەیە بەو شێوەیە باس لە ئازاری میللەتێکی داگیرکراو بکات، کارەسات ئەو کـاتە دەست پێدەکات کە خـاڵی هـاوبەش لەنێـوان دوو نەتەوە نەمینـێ و لەسـەر یەک خاک بژین، چۆن دەتوانی ڕۆژێـک لە ڕۆژان وشـەی پێکەوەژیـانی ئـارەزوومەنـدانەی بۆ بەکار بهێنی.

کاتێ چووینە ماڵی سەبری، مێردەکەشی لە ماڵ بوو، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی حەیدەر بوو، چەند جوان بوون کە نیگایان کەوتە سەر یەک، هەستتدەکرد مام ئەحمەد هەوڵدەدات بۆی هەڵستەوە ، کەچی ئامانج خێراتر بوو، چوو دەستی ماچکرد، کەسمان لە زمانی ڕامانەکەیان نەگەیشتین، بەس هێندەمان دیت لە چاوی چەپی مام ئەحمەد فرمێسک دەهاتەخوارێ و ئامانجیش چاوەکانی خۆی دەسڕیەوە، کەس نازانێ چی بەخەیاڵی ئامانج داهات(بۆیە زۆر جار ئەو بیرەم بۆ دێ دەڵێم دەبێ چ جوان بایە ئەو گێڕانەوەیە بە گشتی ئامانج بۆ خۆی بیگێڕاباوە، چۆن هەستی خۆی دەربڕیبا؟) دار جغارەیەکی لە گیرفانی دەرکرد و پێینیشاندا.

-تو خوا برا دکتۆر لە باوکمی قەدەغە..

+نا کە بەجێمەێشت دەیگوت دەڵێن دار جغارەیەک هەیە ناوەڕاستەکەی شووشەیە، کە دۆزیمەوە حەزمکرد وەک دیاریەک بۆی بێنم.

ئەمن گوێم لێبوو  حەیدەر بە منگە منگ دەیگوت: مامۆستا لە جیاتی مەسرەفمان کەم کاتەوە هاتیە زیادیشی دەکات. بەس لەوە ترسام ئامانج بیکاتە شەڕ، چاوێکم هەر لای ئەو بوو، مام ئەحمەد بێ ئەوەی دەنگی بێ، دەستە لەرزۆکەکەی بۆ دار جغارەکە برد و لێی وەرگرت.

ئەو کردەوەیەی ئامانجم پێ ئاقڵانە بوو لەوکاتەی سەبری و حەیدەر باسی گرانی دەرمان و هیلاکیان لەگەڵ مام ئەحمەد دەکرد، لەبەر ئەو سیناریۆیەی کە دایان نابوو چایەکشیان بۆ نەهێنایێن، ئامانج هەر لەوێ 200دۆلاری لە جزدانەکە دەرکرد و لەبن دۆشەکەکەی مام ئەحمەدی دانا، هەرچەندە دوایی ئەمن و حوسێن ئەو هەستەی کە ئەو کاتە بۆمان درووست بوو لەگەڵ ئامانجمان باسکرد، دەرچوو

ئەویش هەمان هەستی هەبوو، چونکە لە کاتی دانانی پارەکە مام ئەحمەد دەستی ئامانجی گرت، ئێمە وا تێگەیشتین کە دەڵێت دایمەنێ، لەحەوشە بووین حەیدەر گوتی: بە خوای بەدوو وەرقە دەرەقەتی ئەو بارودۆخە نایەم. ئامانج سەد دۆلاری دیکەشی دایێ،(کەمەک بێتام دەبێ بەس بەگوێرەی ئەو زانیاریەی کە حوسێن لەناسیارێکیان دەستی کەوتبوو، گوتبووی: بۆیە بردیتیانە لای خۆیان تا کرێی خانووەکە بخۆن)، ئامانج زۆر دڵتەنگ بوو گوتی: بڕوابکەن بیر لە پارەکە ناکەمەوە، ئەوەی کە ئازارم دەدات ئەو خێزانە نایەڵن بە ئاسوودەیی بمرێ، جگە لەوەش پێم ناخۆشە مام ئەحمەد بەکاردەهێنن بۆ ڕەوایی دان بە دەرۆزەکەیان.

کاتێ لەتەلەفۆن هەواڵی مردنی مام ئەحمەدم پێگوت، گوتی:

برا هەر ئەو ڕۆژەی کە بینیم، ئەو پیاوە جوانەم لە خەیاڵی خۆمدا ناشت ، بەرگەی ئەو هەموو سووکایەتیەم نەدەگرت بەدیاریەوە دانیشم، ئەو خەڵکە لەدەسەڵاتەکەی چاکتر نیە، هەرچی جوانیە لە ڕەوشتدا نەیانهێشتووە.

دایکم کە زانی دوای تەلەفۆنەکە زۆر غەمبار بووم، ویستی بە یادگاریەکی خۆشی مام ئەحمەد کەمێک خەمم بڕەوێنێتەوە، با ئەوەش بڵێم نەوەی مام ئەحمەد و دەتوانم بڵێم دوو تا سێ نەوەش دوای ئەو، ئەمن بەمردنیان پەرۆش نیم بەڵکو بە ڕێگریان دەزانم لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لە دین و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ژەنگیان هەڵێناوە ، تاکە شتێک کە خەمی لێنەخۆم، مردنیانە بە شێوە سروشتیەکەی، بۆیە دایکم نازانم چۆن خوێندنەوەی بۆ باری دەروونی من کرد، بەڵام نیگەرانی من بۆ ئامانج بوو، کە وام هەستکرد بە مردنی ئازیزانی لێرە دوورتر دەکەوێتەوە، ئەوەی کە داکم گێڕایەوە بۆتان دەگێڕمەوە. وەک خۆی گوتەنی چۆن زانی مەبەست لە شێرە، ئامانجە.

تـازە ماڵمـان هـاتبووە ئێـرە، لە نێـوان گەڕەکـی ئـێمە و گەڕەکەی ئەوبەر شـەڕی منداڵان بوو ، مام ئەحمەد لەمنداڵەکی پرسیبوو، دایکم گوێی لێبوو:
-شێرەیان لە گەڵە.
+بەڵێ.
-ئێ خەمتان نەبێ.
پێکەنینێکی کـاتی بـێ دەنگی کـردین و ئاخێـک بـۆ ڕابـردوو نیگامـانی لە زەوی چاند.
ئێمە چەنـد جـار بە دوای ڕوونکردنەوەیەکدا دەگەڕاین، چی وای کـرد ئامـانج وا لە پڕ بزربێ؟ هێشتا ناوی سەربازیی نەهاتبوو؟ ئەمن بەس ئەوەنـدەم بیستبوو کە زمانیان لێدراوە، بەڵام ئایا ئامانج ئاگاداری ئەو وردەکاریە هەیە؟ یـاخود وەک دەیان شتیتر لە بێدەنگیەکەیدا شاردوویەتیەوە، لەوانەشە ئاقلیەکی چاکم کردبـێ کە پەلەم نەکرد لەو پرسیارە، بـا بڵێین ڕێکەوت خزمەتـی کـردم، چۆن؟ ئامـانج ئەو جـارانەی کە مەی دەخـواتەوە وەک ڕێزێـک حەزی نەدەکـرد بچێـتە مـاڵەوە، ئەمنـیش ئەوەم قـۆزتەوە، پێمگـوت نـامەوێ کە بەئاگـایی لە ماڵەوەتـان بێـنمە دەرێ، بەڵام ئەو جارە کە چوویتە دەرەوە بە ناوی خواردنەوە پێم بڵـێ حەزدەکەم شەوێک پێکەوە بین، وامان کـرد و لە کـاتی دیـاریکراو چوومە لای، سێ بـرادەری لەگەڵ بـوو، یەکێکیـان کە نـاوی ئاسـۆ بـوو زۆر سـەرخۆش بـوو، ڕێگـای نەدەدا دەیگوت: دەبێت ئەو شەو بێتە لای من. ڕاستیەکەی ئەوە نیە ئەمن خۆم بخەمە ناو ژیـانی تـایبەتی خەڵـکەوە، بەڵام زۆر حەزیـش لەو شـوێنانە نـاکەم بەتـایبەتی لەوەتەی بـووم بە خێزانـدار، دەمەوێ ئەو کـاتەی کە هەمە لەگەڵ خێـزانەکەم

بەسەرببەم، وەک دەڵێن ئەوە منم، بەڵام ئەوە منیشم لەوێ وەستاوم و دەمەوێت چەندی زووە لەوێ دەرچم.

شەو چووینە سەربان، بەر لەوەی ئامانج قسەیەک بکات، دەبێت پاکانەیەک بۆ خۆم بکەم کە بە هەموو شتێکی پیرۆز ئەمن نیازی ئەوەم نەبوو بڵێم ئامانج سەرخۆشە و قسەی لێ دەردێنم، ڕاستە ئەو گۆڕابوو، لە چاو پێشان زۆری قسە دەکرد، کە دەگاتە ڕێژەی مرۆڤێکی ئاسایی کە قسەدەکا، چونکە ئەو شەوە هەر پرسیارەکمان لێدەکرد، بە دوور و درێژی وەڵامی دەداوە، حوسێن وەک دەڵێن ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێکرد، هاتەوە سەر شادیە: ئامانج تائێستا شادیەت هەر خۆش دەوێت؟ وەڵامەکەیم زۆر پێخۆش بوو:

شادیە هێزێکە لە ناخمدا و هەموو کات پێم دەڵێت: دڵنیابە میهرەبانی بوونی هەیە.

ڕاستیەکەی کە باوێشکی دەدا ترسام بەو پرسیارە ڕانەگەم کە بۆمن زۆر گرنگە و زنجیرەی گێڕانەوەکەم لەنگ دەکات، بۆ بێ ماڵئاوا ون بوویت؟

+ئێوە دەزانن ئێمە ئەو کاتە کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراو بووین، هەمووشمان دژی دەسەڵات بووین، بەڵام لە کوشتن و لەناوبردنی یەکتر درێغیمان نەدەکرد، (ب... ) دەناسی؟ ئەو نووسەرە مەزن و بوێرە، ئەو ئێمەی بە گرتن دا، چونکە سەنگەرمان جودابوو.

-چی وای لێکرد ئەو کارە بکات؟

+ئەوانە خێزانێکن دەستیان لە ناو شۆڕش و لەناو حکومەتیش دەڕۆیشت، ئەو کاتەی کە گیرا خزمە دەستڕۆیشتووەکانی ناو حکومەتی بە هانایەوە هاتن، ئەوە لەو بەڵگەنامەیە هاتووە کە لە دائیرەی ئەمن گیرا(( بەو مەرجە بەرماندا کە

بەڵێنیداوە هاوکاریمان بکات)). ناوی من و شەهید وریا و سەفین و کاوەی مام عەباسی دابوو، بۆئاگاداریتان سەفین ئەو بەڵگەنامەیەی داوەتە حیزب، بۆ ئەوەی لـێم نەبێـتە درۆ ئەمـن دەقەکەیـم نەدیتـووە، بەڵام بـاوەڕ بە سـەفین دەکەم، (ئەمنیش ئەگەر ڕێگەم بدەن، شاهێدی ڕاستی ئەو قسەیەم کە وایە، دۆستێکم گـوتی بـراکەی سـەرەتا زۆر بە شـانازی باسـی کـردووە لای مـن. شـەماڵ) دوای ماوەیەک چۆتەوە لای حیزب و داوای کردووە کە بـۆ بڵاوتـان نەکردۆتەوە، حیـزب گوتـوویەتی: نـازانین بەڵگەنـامەکە چـی لێهـاتووە. ئیتـر لە دوای ئەو ڕووداوە سەفین بە یەکجاری وازی لەحیزب هێنا، با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، نووسەری بوێریش خۆی ڕزگار کرد و لە لای پارتەکەی و کەسە نزیکەکانی خۆی کردە پاڵەوان و تۆڵەی هاوڕێیانی خۆی لە ئێمە کردەوە، لە کاتێک ئەندامانی ئێمە و ئەندامانی ئەوان خوێنی یەکتریان فڕدەکرد، ئامانج گوتی: گەر بیبینم لە پێش چاوی ئێوە تفی لێدەکەم. هەر بۆ خۆشی بە پێکەنین گوتی بەس دەڵێن هێندە گەورە بووە کەس دەستی نایگاتێ ئەو جا تف هەهەهەهەهەهە!

ئەمن دەستم دەگاتێ، پێشتر لە پەرلەمان پێکەوە بووین، بەڵام لەوەتەی ئامانج باسی کردووە، لە چەند کۆبوونەوەیەک ڕێکەوتی یەکترمان کردووە، کە رابردوو هەڵنادەمەوە، لەبەرئەوە نیە ڕێزم لێدەگرێ، بەڵکو هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە هیچ سوودێک بە دۆزی میللەتەکەمان ناگەیەنێ، ئاخر لەژیانی حیزبایەتیی ئێمە ئەوەی لەبراکوژی کاریگەرتر بێ ئەو کوتلەکاریەیە، کە هەر کەسە و لەژێرەوە بە پارە و پشتیوانیکردنی لەو ڕۆژنامانەی بە ناو سەربەخۆن چاڵ بۆ ئەوانیتر لێدەدەن، یا هەندەک کەسیان هەیە بە ناوی خوازراو نهێنیەکانت بڵاودەکەنەوە کە بەشێکیان ڕاستە، وای لێهاتووە بە دەگمەن کۆبوونەوەیەک بکرێ قسەی

لێـدەرنەچێ، ئەمـن وا هەسـتدەکەم سـەرکردایەتیش لەوە ئاگـادارە، بـۆیە بە دووقـوڵی یـا سێ قـۆڵی شتەکانیان دەکەن، ئەمن ئامـادە نیم کـات بەوە بکوژم خەڵـک چیـان کـردووە و چۆن ژیـاون، هەبـوو بـوونە یـا نەبـوون، لەوە دەگەم بـۆ ئامـانج گـرنگە کە دەربەدەر بـووە و دایـک و بـاوک وبـرای بە قسەی ئەو بـرادەرە گیـراون کە ئێستا لەگەڵ من و خەڵکـانیتر وڵات بەڕێـوە دەبەن، بە کـورتیەکەی واقیعێکی سەپاو هەیە دەبێت خۆتی لەگەڵ بگونجێنی، ئەو کەسانە شوێنی زۆر هەستیاریان لەو وڵاتە گرتووە ، چەند ڕابردوویان هەڵدەیتەوە، لەجیـاتی ئەوەی لێبـووردن لە خەڵکەکەی خۆیـان بکەن ئـاژاوە دروست دەکەن و ڕەوایەتـی زیـاتر دەدەن بە خۆیان و بە پاڵەوانیش لێیدەردەچن، ڕاستە خەڵـک گلەییـان لێـدەکات، بەس فرێیان نادات، ئەوانیش دەزانن چۆن گەمە لەگەڵ ئەو بارە بکەن.

کاتێ بەو رستەیەی بەرانبەر (ب....) لە دەمم دەرچوو( ئامانج بە سەردان لە ئەوڕووپا هاتۆتەوە) لە گشت دوودڵیەک رزگارم بوو، دەرگەی قسە کرایەوە:

-بە بیرم نایەتەوە بەس توخوا پێیبڵێ با ئەویش قۆڵی کچێکی فەقیر نەبـڕێ و لەگەڵ خۆی بیبا.

+ئەوە هەقی هەر مرۆڤێکە بۆ خۆی هاوسەری ژیان بۆخۆی هەڵبژێرێ.

-ئەو قسە ڕۆمانسیانە لەگەڵ کۆمەڵی ئێمە نـاگونجێ، ئەو بـرادەرانەی ئەوروپـا لێرە بازاڕی کڕین وفرۆشتنیان دروستکردووە.

+خۆ تۆ ئامانج باش دەناسیت، ئەو ئێستا خێزاندارە، ئەو ڕاستیەش باش دەزانی کوردە ئاوارەکانی ئەوروپا نەبان ئەو میللەتەی ئێمە لەبرسان دەمردن.

-بە خوای دیارە دەمی چاک چەور کردوویت!

بە پێکەنینەوە وای گوت ،کە زانی تووڕە بووم:

-بە گیانی شەهیدان گاڵتەت لە گەڵ دەکەم، ئەمن تێناگەم خەڵکی ئەو زەمانە بۆ هێندە دڵ ناسک بوونە.
کە قسەی لەگەڵ دەکەم ویژدانم ئازارم دەدات، وا هەستدەکەم دەبوو لە پیشاندانی بیروڕاکەم راشکاوتر بوومایە، بەس ئەو جۆرە کەسانە ئەو شێوە ئاخافتنەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، ئێمە فێرکراوین لە چاوپێکەوتنە فەرمیەکان بابەتەکان هێندە دوور بکەینەوە تا کاتە دیاریکراوەکە تەواو دەبێ، کەچی لە گەڵ یەکتر وا نەبووین، بەس هەندەک برادەر لەگەڵ خێزانەکانیشیان وایان لێهاتووە، ئەو برادەرەش وایە، ویستم باسی ئەوەی بۆ بکەم کە ئێمە نەوەی جەنگێکی دوور و درێژین، رێژەی پیاومان زیاتر بوتە قوربانی، ئێستاش ئاوارەبوون دەکرێت وەک جەنگێکیتر سەیر بکرێت، چونکە پیاو زیاتر بەرەو هەندەران رۆیشتووە، چا نەبوو وام نەگوت، ئەو برادەرە دەستی نووسینی هەیە، یەکسەر دەیکردە وتارێک و بەناوی خۆی بڵاویدەکردەوە، نا بڕواناکەم چونکە سیاسەتی ئێمە بەگشتی دوورخستنەوەی گەنجە لە وڵات، وایە بەڵام هەندەک کەسمان هەیە خۆی بۆ کۆمەڵەک شەڕ ئامادەکردووە و خۆشی پێ سەرکەوتووە، لە هەر شوێنەو قسەیەک دەکات، کوڕەکی گەنج جارەک ڕەخنەی لە دەسەڵات گرت، بەو ناوەی کە منیش نوێنەری ئەو دەسەڵاتەم، ڕووی لەمن کرد گوتی: لەسای سەری ئێوە نووسین وخوێندنەوەش بێ مانا بووە. ئەمن زۆر تووڕە بووم، بەڵام کەسێکیترم لەگەڵدا بوو گوتی: بزەیەکی بۆ بکە. دوایی پرسیم بۆ ؟گوتی: وتوێژ لەگەڵیان سوودی نیە، تۆ کە بزەت بۆکرد ئەو ڕق هەڵدەگرێ لەبەر کەم ئەزموونیەکەی یا تووشی هەڵە دەبێ یا لەگەڵت هاوڕادەبێ ، بە ناویش چەند نموونەیەکی بۆ هێنامەوە کە بە پێشەنگی ئەو گەنجانە دادەنران، دوا قسەی

ئەوتـان بـۆ دەکەم لەوانەیە بـۆ ئەو لـۆژیکی کـارکردنی بـێ، ئەو گەنجـانەی ئـێمە لەوە ناگەن، بۆ ئێمەی کورد دەوڵەت لە دیموکراتیەت گرنگترە، هێزە دەرەکیەکـان نـاهێڵن ئـێمە بە زگێـک هەر دووکمـان ببـێ، ئەو گەنجـانەی ئـێمە لەبەر ئەوەی ئەزموونی سیاسیان نیە، بـۆ خۆیـان لە دنیـای ناکۆکیـدا دەژیـن، بە ئێمە دەلێن: ئێـوە پیـرن، کەڕن، کـوێرن. کەواتە ئـێمە توانـای کارکردنمـان نەمـاوە بـۆیە تووڕەدەبن، بەردمان تێدەگرن کە گەیشتنە ئەو قۆنـاغە واتە تووشی هەڵە بـوون زۆریـنە دەکەنە دژی خۆیـان، ئاسایشی گشتی و بـازاڕ تێکـدەدەن. ئەوە نیە خـۆم لەبەر چاوی ئێوە جوان بکەم، بەڵام ئەو بارودۆخە بەردەوام بوونی ئەوها باشترە لە تێکدانی، خۆ دەتوانم بڵێم بمبوورن، ئەمن دەرەقەتیـان نـایەم، دەنـا ئەمنیش بەو قسە جوانەی مارکس گۆشکراوم کە دەڵێ: بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز دەبێ ڕێـگەی پیـرۆز بگـریتە بەر. بەڵام قەیرانـی مـوراڵی سیاسـی هەر لە مێـژە ئەو قسەیەی مارکسی پووچ کردیتەوە و زۆریـنەی دەوڵەتـانی جیهـان لەسەر بنـاغەی قسەکەی مەکیاڤیلی بنیاتنراون کە هەندێکیشیان وانەی دیموکراتی و مرۆڤـایەتی بەخەڵک دەفرۆشنەوە، ئێمە ئەو ڕاستیەمان پێ قبوڵ ناکرێت کە دەمژمێری ئارامی و ئازادی ئەو هەرێمە لە دەرەوەی ئەو سنووره قـورمیش دەکرێت، تکـایە ببوورن، ئەمن دەمەوێت بەسەرهاتەکانی ئامانج قسە بکەن، نەک بیر و ڕاکانی من ببن بە بەشێک لەو بیرەوەریە.

❊❊❊❊

ئامانج بەر لەوەی جاری دووەم بێتەوە بە تەلەفۆن سەرەخۆشی لێکردبووم، کەچی زۆر سەیربوو نە هاتە لای دایکم و نەشمزانی چووبێتە سەر قەبران، حوسێن چووبووە لای، پێیگوتبوو بۆ ناچیە لایان؟ هەر ئەوەندەی بە حوسێن گوتبوو لەکاتی خۆی دەزانیت، کێشەیکیتریشی لێ بەدەرکەوت، ئەویش ئەوەبوو لەماڵ نەدەهاتە دەرێ، حوسێن هەستی کرد زۆر دەپرسم و لەدڵەوەش دڵم لێی شکاوە، خۆ ئەو کارەساتەی کە لە ئێمە قەوما گچکە نەبوو، ئامانجیش لە تەلەفۆن گریا و هاواری کرد: گوو بە خوێنداواری ئەوها، ئامادەیی خۆی لە ڕووی ئابووریەوە پیشاندا، کەچی ئەوە یازدە ڕۆژە هاتیتەوە و نەهاتۆتە لای ئێمە بۆ؟ ئەوقسانەی کە حوسێن دەیهێنانەوە نەدەچوونە ئەقڵم، بەڵکو گومانمی زیاتر دەکرد، تۆ لەوە گەڕێ کەمن حەز بە زانیاری لەسەر ئامانج دەکەم، دوا بڕیار دەچم و دەیشکێنمەوە و بۆشی دەسەلمێنم کەمن لەو باشترم، سەیر بوو کە چوومە لای هێندە بەسۆز باوەشی پێمداکرد، خۆم پێڕانەگیرا، پێکەوە دەستمان بە بەگریان کرد، لە ژوورەکەی پێشەوە دانیشتین.

+بۆ نەهاتی سەردانمان بکەیت، ماڵێمان هەر چاوڕوانتن؟

-نەمتوانی؟

+ئێمەش پێویستمان پێت بوو؟

-تۆ دەزانی هەندەک ماوە هەیە، هەست دەکەیت هەرچی لە کەسە نزیکەکانت دەقەومێ تۆ تاوانباری، ئەمنیش لەو قۆناغەدام.

ئەمن لەو دەمە نەمتوانی ڕێگە بە خۆشم بدەم بیرم بۆ ڕابردوویکی دوور بچێت و ڕوح بە بەر ئەگەرەکاندا بکەم.

+ئامانج گیان گوێبگرە، ئێمە بۆ خۆمان بەر لەوەی ئەو کارەساتە ڕوویدات باسی ئەو مەترسیەمان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارەکە لای خۆیان بوو، ئێمە نەماندەتوانی بارودۆخەکە بگۆڕین.

-شەماڵ، ئەمن بڕوام بەو قسانە نایەت، پێم مەڵێ بۆ؟

+با پێت بڵێم خوشکەکەم لەگەڵ ئەو پیاوە ئاسوودە بوو، ئەمن بۆ خۆم بە دکتۆر بەختیارم گوتبوو، تکایە ئەو پێنج شەمانەی کە دەچیە یانە و دەخۆیتەوە ترومبێل لێمەخورە، بە تاکسی وەرە لای ماڵی دایکم و لەوێ بخەوە، کەچی دەیگوت: نا، شەماڵ ئەمن قەت سەرخۆش نابم زۆر ئاگام لەخۆمە. ئێمە بەختیارمان چەندم خۆشدەویست، لەو شەوەوە بوو بە ناخۆشترین ناو لە ژیانی ئێمە، لە خوشک و خوشکەزایەکانی کردین، ڕاستە خۆیشی مرد. ماڵ و منداڵەکەی کردە قوربانی کەللەڕەقی خۆی، وەللا ئەوانەی شاهیدی ڕووداوەکەن دەڵێن خێریان لەسەر بووە لەکاتی وەرگەڕانەکە ترومبێلەکە نەگەیشتۆتە چەند گەنجێک کە لەنزیک جادەی دانیشتینە، دەنا خوا دەزانی چ لەوانیش دەقەوما!

ڕاستە ئەمن لە ناو دەسەڵاتێکم و باوەڕم بە پرۆسەی چاکسازی هەیە، بەڵام ڕووداوی ئەوهاش بەزەنگێکی ترسناک دەزانم، بەتایبەتی خەڵکە دەستبژێرەکە گرنگی بەو شتە گرنگانە نەدات کە پەیوەستە بەژیانی خۆی و ئەوانیتر، ئەوە زۆر لە حالەتی خۆکوشتن ترسناکترە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی باسی مەی خواردنەوە و کاریگەریەکانیم کرد، پێویستە ئاقڵانەتر مامەلەی لەگەڵ بکەین، هەرچەندە لە قسەکانم زیاتر پشتم بە سەرچاوە ئەورووپیەکان بەست، کەچی ڕەخنەگرێک کە نەمزانی کێیە، بەوە تاوانبارم دەکات کە ماستاو بۆ

ئیسلامیەکان دەکەم، مارکسیەکی ترسنۆکم و ئێمە بووینە هۆی ئەوەی کە ئیسلامیەکان لە گۆڕەپانەکە تەراتێن بکەن، ماڵئیاوا!
دوایی لەگەڵ دایکم قسەم کرد کە ئەگەر هات گلەیی لێمەکە، چونکە باری دەروونی باش نیە، هەرچەندە دایکیشم وەک زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە واهەست دەکەن ئەو خەڵکەی لە هەندەران دەژین، لەڕووی سۆزەوە لاوازن، هەرچەندە زۆر باسی ئامانجم بۆ کرد کە هیچ ژینگە و دەوربەرەک نیە ئامانج بگۆڕێ، کە هیچ وەڵامی نەبوو وابزانم هەر لەبەر خۆشەویستی بوو بۆمن یا خود خۆشەویستی من بۆ ئامانج، هەر چۆنێک بێت بۆ جارێکیتریش گریان و خەم لەسەر نانخوانێک کۆیکردینەوە.
پاش ئەوەی کە زانیم ئامانج و سۆسان بە قەولی خۆیان لێکجودابوونەوە، نەشمزانی هۆیەکەی چ بوو، کە لێشم پرسی بە وەڵامێکی سارد گوتی: نەگەیشتینە یەک، بەڵام لە بەر خاتری کوڕەکەم دەمەوێ هەر لەو گەڕەکە بم. بەر لەوەی نامەکەی ئامانجم بە دەست بگات، لە کوڕێک کە لەو شارە لەگەڵیدا دەژیا زانیم کە لەگەڵ کچێکیتر دەژی، دوایی کێشەیەکی تووش هات و تا ئێستا هەواڵی نازانم ، ئەمن لەمێژە باوەڕم بەوە هەیە کە هەندەک وشە هەیە مرۆڤ بە سەبووری دەبەستێتەوە، دەکرێ گەر منیش دیندار بوومایە لە سێبەری وشەی قەدەر پشوویەکم بداباو هێندە هەناسە سوار نەبوومایە، کەچی ناتوانم بۆ ساتێکیش باوەڕی پێ بهێنم و لە گەڕان نەکەوم، هەندەک شت بە مێشکی مرۆڤدا دێ نازانی چۆن بیانکەی بە پرسیار، بۆیە پێشت شیناکرێتەوە، بۆ نموونە ونبوون، ونبوون لە کەس وکار، لە وڵاتێ بۆ وڵاتێکیتر، یا ونبوون لە خۆت، گەر بڵێم ئامانج بە گشتی ونبوونی بە باڵای خۆیدا بڕیوە، زیادم نەگوتووە، ئەمن دەزانم ئێوەش

نــاتوانن ئامــانجم بــۆ بــدۆزنەوە، چــونکە بــرادەرە نزیکەکــانی لەوێ لە چەنــد ڕستەیەکی عەشائیری بترازێ هیچیتریان پێنیە: (بەشەرەفم دلێرم لە چاوی خۆم خۆشتردەوێ، بەڵام دەستم ناگــاتێ، ئــێ بــۆ؟ تــۆ نــازانی بــرا هەمــوو شــتەک لە تەلەفۆن نــاکرێ) بــڕوام پێبکەن ئەو بــرادەرە بە سەردان هــاتبۆوە چوومە لای، ڕاستە ڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوە، بەڵام منداڵیش بۆنی دوور بەدووری زانیاریەکانی دەکــرد، چەنــد جــار ویســتم بــزانم بــۆ ســەردانی ئامــانجی نەکــردووە، ئێســتاش وەڵامەکەی نەدامەوە. برادەرێکیتــــر هەمــــان ســــیناریۆی پێکــــردم بەس ئەو بە تەلەفــۆن، ســەرکەوت کە لەو شــارە دەژی خــۆ ئەگەر ئەمن تەلەفــۆنی بــۆ نەکەم مەحــالە ئەو بیکــات، ســەرکەوت هەنــدێک زانیــاری هەیە، ئەویــش لە کەســانیتر وەریدەگرێ، لە فەریدە و کوڕێکی تونسی کە شانسی من عەرەبی نــازانی، بەڵام بە ڕاستی برادەرێکی هەڵوێستێکی زۆر ئازایانەی هەبوو کە تەلەفۆنم بۆ دەکرد لە چەند جار، جارەک وەڵامی دەداوە، پێمگوت تۆ زۆر کەم وەڵام دەدەیتەوە، دوو جار قســەم لەگەڵــی کردبــوو، وام هەســتدەکرد لەگەڵ خــۆم قســە دەکەم، ئەو بــرادەرە تەنها دەیگــوت: وایە، ڕاســت دەکەیت، بەڵــێ، ببــوورە باشم گــوێ لێنیە. کۆتــایی پێدەهینا، تــا ڕۆژەک گــوتی: بــرا ژمــارەکەی من ڕەش بکەوە، ڕاســتە ئەمن دلێــرم خۆشدەوێ، بەڵام ماڵ ومنداڵەکەی خۆم خۆشتردەوێ. ڕاستیەکەی تێنەگەیشــتم بــۆ ئەو وەڵامەی دامەوە کەس ناچــاری نەکــردووە هەڵبــژاردن بکــات، ئەمــن حەزم لە قســە و قســەلۆک نیە، بەس ســەرکەوت گــوتی ئەو بــرادەرە بەبــێ پرســی ژنەکەی ناوێرێ براکەی خۆی بباتەوە مــاڵێ ، برادەرێکیتــری هەبــوو زۆر بــێ شــەرم بــوو، دەیگوت: ئەمن دلێرم خۆشدەوێ، بەس بەشەرەفم لەڕقی بــێ ئەقلیەکەی سەردانی نــاکەم. بەڵام ئایــا بە نەچوونت باشــتر دەبــێ؟ ئێمە میهرەبانیمــان لە گەڵێــدا

تـاقیکردۆتەوە، سـوودی نەبـوو، بـا دڵڕەقیشی لەگەڵ تـاقیبکەینەوە، دوایـی بـا قسەیەکت پێبڵێم بەینی خۆمان بێ، ئێمەی ڕۆژهەڵاتـی چەنـد شارستانیش بین، ئەوە قبوڵ ناکەین ژنێک وازمان لێ بێنێ!

تێناگەم، ببوورە..

بـرا! دلێـر ئەوەی پـێ قبـوڵ نەدەکرا کە ژنەکەی ئەوی نـاوێ، بـراکەم! کەسـی ئەوروپی کە گوتی تەواو واتە تەواو، ئەوە لای خۆمان نیە، بە خەڵک وعەیبە ئاشتی بکەیتەوە، نازانم قسەی ئەو برادەرە چەند ڕاستە؟ باسی (یـونس)تـان بـۆ ناکەم ئێستا تەنها ئیشم بە ڕستەیەکی هەبوو، ئەو کوڕە ڕۆژهەڵاتـیەی کە لەگەڵ ئامـانج لە بەنـدیخانە بـووە، چـونکە ئەویـش وردەکاریەکـانی دەرەوەی زینـدان نـازانێ، زیـاتر باسی ژیـانی نـاو بەنـدیخانەی بـۆ دەکردم، نموونەی ئەو لەسەر تەنیایی بوو گوتی: کەسێکمان بـۆ هـات لەژوورەکەی خـۆی گیـری نەدەخـوارد، هەر یەکێک لە ئێمە بهاتبـایەتە دەرێ ئەویش دەهـاتە دەرێ، کەسێک نەبـوو گومـانی جاسووسـی لێبکەیـت، ڕۆژێـک لێمـان پرسـی: کێشـەیەکت هەیە؟ گـوتی: بەڵـێ، لەتەنیـایی دەترسێم. ئێمە هەسـتمان کردبـوو کە تەنیـایە، کەس تەلەفـۆنی بـۆ نەدەکـرد، سـەردانی نەبـوو، ئەدرێسـی نەبـوو، نـامەی بـۆ نەدەهـات، یـونس بـاش ئاگاداری وەردەکاییەکانی ژیانی ئەو بوو، بەڵام ئەمن یەکسەر بیرم بـۆ لای ئامـانج چوو، ئەگەر برادەرەکانی پشتیان تێکردبێ، دەبێ تەنیایی زەفەری پێنەبردبێ!

دەکرێ ڕووی گلەیی بکرێتە منیش و بڵێن تۆ چیت کردووە؟ یاخود بڵێن بۆیە گلەیی لە برادەرەکانی دەکەیت تا خۆت لە بەرپرسیاریەتیەکە بدزیتەوە؟

با باسی خۆمت بۆ بکەم، پاسەپۆرتی عێراقیم هەیە، ڕاستە داوای ڤیـزەم کـردووە بۆ تورکیا، لەبەر ئەوەی بابم زۆر نەخۆشە، ڤیزا و سەردانەکە چەندی پێدەچێ

نازانم؟ دۆستێکم بەڵێنی پێداوم ڤیزای شینگلم بۆ وەرگرێ کە کارەکانم لەگەڵ بابم تەواو بوو، گومانم هەیە ئەوها زوو تەواو بێ، چونکە هەموو خەڵک دەزانێ شێرپەنجە لە پرۆستاتت بدات ناتوانی کاتەکەی دیاری بکەیت، ناشتوانم لەو کاتە بابم بە جێبهێلم ، دایکیشم دوای ئەو ڕووداوە تاقەتی جارانی نەماوە، بۆیە دەبێت چاوەڕوان بم کە کەسێک دەرگایەکم لێبکاتەوە و هەناسەیەک بدەم، ئەمن نازانم یاسا و ڕێسای ئەوێ چۆنە، لێرە بووایە بە پارە، بە دوو ڕدێن سپی، بە پیاوەتی، بەهەر شێوەیەک بایە چارەسەرەکم بۆ دەدۆزیەوە.
کە لە تورکیا گەڕامەوە لەگەڵ باوکم - چەند سەردانێکی ترمان ماوە بۆ تورکیا- بە کێشەکانی خۆم سەرقاڵتان ناکەم، بۆ ئەو شوێنە دەچم کە ئێوەش چاوەڕوانین، نامەیەکە لە ئامانجەوە، هەڵگری نامەکەش هەر ئەوەندەی بە کارمەندەکەی بەر دەرگە گوتبوو: ئەگەر وەڵامەکە ئامادە بێ، ڕۆژی هەینی دێم و دەیبەمەوە. ئەوەش بەدبەختیەکیتر لەوانەیە ئامانج وابزانێ ئەمن گرنگیم پێنەداوە و وەڵامەکەم نەداوەتەوە، چونکە هەڵگری نامەکە کارەکەی خۆی کردوە، ئەمن هەڵەیەکم کرد دەبا بە کارمەندەکەی بەر دەرگام گوتبا کە دەچمە تورکیا و بابم نە خۆشە، نازانم چەندم پێدەچێ، نا هەڵەم نەکرد لەو کاتە لێرە نەبام، ڕۆژنامەیەک هاتبا و کرابایە هەواڵ، سەر ئێشەیەکی زۆریان بۆ دروست دەکردم، با نامەکە دوای سڵاو و ڕێز و ئەو بەشەی کە پێشتر باسم کرد بەجێبهێلین، ئەوانیتر پێکەوە بخوێنینەوە و چاوەڕوانی داهاتوو بکەین:
پاش ئەوەی لێک جودابووینەوە، بڕیارماندا کێشەی منداڵەکەمان بەبێ دادگە چارەسەر بکەین، شەمە و یەکشەمە لای من بێ و ڕۆژانی ئاساییش لای دایکی بێ، ئەو ڕۆژانەی کە ئەو نەتوانێ لە دایەنگە بیهێنێتەوە، ئاگادارم بکاتەوە ئەمن

ئالان بهێنمەوە، لەگەڵ تێگگەیشتنمان لەو ڕووداوانەی کە دێنە پێش، سەفەر و نەخۆشی و.. ، گرنگ ئەوەیە بڕیاڕی دوو کەسی گەورە کە ناتوانن پێکەوە بژین زیان بە منداڵەکە نەگەیەنێ، هەر بۆیەش هەوڵمدا خانووەک لەنزیک سوسان و ئالان بەکرێ بگرم، وەک گوتم هێشتا کوڕەکەمان گچکە بوو، پێویستی بەو نزیکیە هەبوو، ژیانی ئاساییمان بەردەوام بوو، دوای چەند مانگێک لەڕێگەی ئالانەوە زانیم کوڕێک لە ماڵیان بووە، دواتر هەر لەڕێگەی ئەویشەوە زانیم لایان دەخەوێ و دایکی بۆی باسکردووە کە دۆستیەتی و لەگەڵی بەختەوەرە و هیوادارە ئالان و پێتەر یەکتر قبوڵ بکەن، تا ئەو کاتە دەمگوتە خۆم لەلام زۆر ئاساییە کە ئەو دۆستێک بگرێ، کەچی وانەبوو ئەو ئازارەی کە ناو زگی هەڵدەکۆڵیم قسەیەکیتری هەبوو، وەک دەڵێن ئەویش تەواو دەبێ.

ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن، ئەوە دەزانن کە من تەنها بۆ ئاهەنگە تایبەتیەکان دەچم و لەوانیش ئەوانەی کە زۆر ئاسوودەم لەگەڵیان، لەگەڵ دۆستێکی توونسیم بۆ ئاهەنگێکی تایبەت چووین، لەوێ کچێکم ناسی بە ناوی فەریدە، شەماڵ گیان لەو ڕستە شیاوتر نابینم ئەگەرچی بۆنی داستانە ئەفسانەییەکانی لێ دێ کە دەڵێ دەتگوت خوا بۆ یەکی دروست کردووین، ئێستا زۆر ماندووم دەنا ئەو کچە شایەنی نووسینێکی پڕ هەست و نەستە، ئاشنایەتیمان زیادیکرد و ڕۆژگارەکانمان پێکەوە دەهۆنیەوە، دوای ماوەیەک خانووەکەم تەسمیل کردەوە و ساتەکانیشمان لەیەکتر موتربە کرد، لەبەر خاتری کوڕەکەم نەبوایە ئەو شارەم جێدەهێشت و لە شوێنێکیتر درێژەم بە ژیان دەداو بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕام.

ڕۆژێک ئالان لەلام بوو، پێیگوتم: بابە پێتەر جار جارە خۆم لێ تووڕەدەکات و لێشم دەدات. خێرا سەیری ئەو شوێنەم کرد کە ئاماژەی بۆ کرد، بەڵام هیچ شوێنەواری لێدانی پێوە دیار نەبوو، ئەو کاتە دەستە خوشکێکی فەریدە کە بۆسنەیی بوو لەماڵمان بوو، هەردووکیان بەوە ساردیان کردمەوە کە با سەرەتا هەوڵێک بدەم و لەگەڵ دایکی قسە بکەم بە شێنەیی و خۆشەویستی کێشەکە چارەسەر بکەم، واتە بەزمانێک کە گومان نەخەمە خۆشەویستی ئەو بۆ ئالان.

لە کاتی قسەکردندا ئەو پێشنیارەشم بە خەیاڵدا هات، پێمگوت:

+ ئەگەر حەزدەکەیت کاتت زیاتر هەبێ بۆ پێتەر، بائالان لای من بێ، چەندی پێتخۆشە.

-بڕواناکەم وابێت، چونکە ئەمن دەزانم پێتەر ئالانی چەند خۆش دەوێت، دوایی ئاگادارت دەکەمەوە.

شەوێ ئەو ڕستەیە لە هەموو کەلێن و قوژبنی کات و شوێنەکان خۆی پێدادەکردم و دەیترساندم، ئەمن زێدەڕۆییم نەدەکرد، بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم کە ئالان درۆدەکات، لەوەش دەترسام سوسان بە پێتەر بڵێ و پێتەریش ئازاری بدات، ئالان بالیفێکی گچکەی هەیە بێ ئەو بالیفە خەوی لێناکەوێ، باشە خۆ ئەو بالیفەم گێڕاباوە بەو فێڵە دەمتوانی بچمە لایان و هەواڵێکیشم دەزانی.

فەریدە زۆر هەوڵی لەگەڵ دام، گەشبینانە پۆزەتیف بیر بکەمەوە، شەو شادیم لێکرد و لەسەر یەک لاتەنیشت تا گوێم لە هەناسەی نووستنی نەبوو، کە بەئاگا هاتەوە بەڕاکردن بە دوامدا دەگەڕا بەس ئەمن ئەو کاتە بەدووکەڵی جگارە شەوم سپی کردبۆوە خۆم نەجوولاند.

لەسەر کار مۆبایلەکەم ببوو بە ئەندامێکی جەستەم و لێم جودانەدەبۆوە، فەریدە زوو زوو تەلەفۆنی دەکرد، دەزانم پرسیارەکانی لە خۆشەویستیەوە بوون، بەڵام من وەڵامیم نەدەدایەوە چونکە شتێکی نوێ لە ئارادا نەبوو، تەلەفۆنم بۆ سوسان کردبوو داخرابوو، نامەشم بۆ ناردبوو وەڵامی نەبوو، ئیتر نە مدەزانی باسی چی بکەم؟ لە کاتی پشووی نیوەڕۆ کە دەمژمێریکە، سواری ترومبێلەکەم بووم و خۆم گەیاندە باخچەی ساوایان.

دایکی گوتوویەتی نەخۆشە.

لە ماڵیان نزیک کەوتمەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم، وای تێگەیاندم کە هیچ نیە بۆ خۆی حەزی کردوە لەگەڵی بێ. ئێوارە چوومە سوپەرمارکێتەکەی لای ماڵی وان، دڵم ئاوی نەدەخواردەوە، خۆم وانیشاندەدا کە بەدوای شتە هەرزانەکانی ناو سوپەر مارکێتەکەدا دەگەڕێم، جار جارە سەیری لاپەڕەکانی ڕیکلامەکەی ناو دەستمم دەکرد.

(باشە فەریدە فێری کردیت بە دوای شتی هەرزاندا بگەڕێیت) ئەو دەنگە بوو کە من بەداوایدا دەگەڕام، تەنیا بوو، زەمبیلێکی پێبوو، دیاربوو ئەویش بۆ شت کڕین هاتبوو، هەواڵی ئالانی دامێ ، هەستمکرد کەمێک بە وشک وناخۆشی پێیگوتم:

-گەر بزانم پێتەر ئازاری ئالان دەدات، یەک دەمژمێر لەگەڵی دانانیشم، هیوادارم لەوە بگەیت، چۆن کوڕی تۆیە ئەوهاش هی منە.

+گومانم لە خۆشەویستی تۆ نیە بۆ ئالان، بەڵام ناتوانم باوەڕ بەوە بێنم کە ئالان درۆ دەکات، چونکە ئەمنیش باوکم و هەقی خۆمە کە نارەحەت ببم.

-بە یانی 17:15 لە بەنزینخانەی شێل یەکتر دەبینین.

لەوەتەی دەیناسم بەو شێوەیە، بە زمانی فەرمان قسەی لەگەڵ نەکردووم، دوایی لە هەمووی ناخۆشتر چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، ڕاستیەکەی ئێستا دەزانم بۆ وای کرد، بەڵام ئەو کاتە تەنها شێوەکەیم پێ ناشیرن بوو، ئەمن تا ئیستاش گەورەترین بێ ئەقلیم ئەوەیە، شەرم دەکەم بیر لە ترس بکەمەوە، لەوەش خراپتر سنوور و شێوازەکانی ئازایەتی نازانم و هەڵەی تێدا دەکەم، بۆ نموونە کەسێک دەڵێ ئازایەتی ئەوەیە ماڵ و منداڵت بە سەربەزی بەخێو بکەیت، یا ئازایەتی ئەوەیە خوێندن تەواو بکەیت و...، ئەمن دەزانم ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام کێشە وململانێیەکانی ناو کۆمەڵگە نایەڵن ئەوە هەزم بکەم و دووبارە پێوەرەکانی ئەوان بەکاردەهێنمەوە، هیوادارم تێمبگەیت.

کاتێ منیان دیت، ترومبێلەکەیان بەرە و پەمپی بەنزینەکە لێخوڕی، ئەمنیش ترومبێلەکەی خۆم لە پارکەرینگ ڕاگرت. ویستم بچمە لایان، پێتەر هاتبووە خوارێ و خەریک بوو پەمپی بەنزینەکە بخاتە ناو تانکی ترومبێلەکەیەوە، سوسان لە پێشەوە دانیشتبوو، لە پڕ دەرگەی کردەوە و بۆ لای من هات، ئالانیشم دیت دەستە گچکە جوانەکەی لە شێوەی سڵاو بۆ هەڵدەشەقاندم ، کەچی سوسان ڕایگرتم و نەیهێشت بچمە پێش پێتەر، لە دووڕا گوتی:

ببوورە تۆمان هێنا ئێرە ئەمن پێم خۆش بوو لە ماڵ یا لە کافیتریایەک یەکتر ببینین.

ڕاوەستانەکەی سوسان لە پێشم، تەنها وشەی ڕێگا گرتنی لێ دەخوێندرایەوە.

وایە ئەمن ئێرەم پێ باشتر بوو، بڕوابکە پێتەر تەنها ئەوها سینگی ئالانی ڕاتەکاندبوو،(لەو کاتە سوسان چاکەتە هاوینیەکەی منی ڕاتەکاند)، تکایە ئەگەر دەتەوێت سبەی تۆ بیهێنەوە لە داینگە و لێشی بپرسە، ئاوڕی داوە دواوە

پێتەر چووبووە ناو ترومبێلەکە دانیشتبوو، پاڵەکی بە سینگمەوە ناو گوتی: دەزانم بەوە تووڕە دەبیت. سەری هێنا خوارێ و پێکەنی، پێتەر ترومبێلەکەی بەئیش خست، گوتی: دەبێ بڕۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم. ئاوڕی داوە و بە خێرایی بۆ لای ترومبێلەکەی خۆیان ڕایکرد و ڕۆیشتن، بە کورتیەکەی هیچ تێنەگەیشتم، لەوانەیە لە کاتی گێڕانەوەکە ئاسانکاریەکم بۆ تۆ کردبێ، بیرم لەوە نەکردەوە کە فەریدە لەگەڵ خۆم ببەم، یەک کێشەکە تایبەت بوو بەخۆم، دووەم چەند ڕۆژەک پێشتر کاتی جل شوشتنمان گرتبوو، کێ دەیکات کێشەمان لەسەری نەبوو، چونکە ئێمە بەوردی قسەمان لەسەر وردەکاریەکانی ژیان و ناوماڵ کردبوو، ئەنجامەکەشمان بەو ڕستەیە بە کۆتا هێنابوو: کێ بەکارەکانی ڕابگا با ئەو بیکا.

ڕۆژی دوایی چوومە باخچەی ساوایان، ئالان لەوێ نە بوو، تەلەفۆنم بۆ سوسان کرد، داخرابوو، لە دەرگای ماڵیانم دا کەس نەیکردەوە، کەمێک لە ماڵەکەیان دوورکەوتمەوە، تەلەفۆنی کرد، لەقسەکاندا ئەوەم بە بیرهێناوە کە بە منت گوتووە دەتوانم بیبەمە لای خۆم.

+ ئەمن بەڵێنم نەداوە و تەندرووستیشی باش نیە، حەزدەکەم بۆ خۆم ئاگام لێی بێت، تکایە گەر چاکبۆوە شەمە و یەکشەمە بۆ خۆم بۆت دەهێنم.

-دەمەوێت 5 دەقیقە بیبنم.

+تکایە لێمان گەڕێ.

هەتا ئێستا باشم هێناوە، کە چوومەوە ماڵێ بۆ فەریدەم گێڕاوە، گوتی: باشترە کێشەی بەخێوکردنی ئالان بە دادگە یەکلابکەیتەوە.

فەریدە تـابلێی دڵێکی باشی هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕوانینەکـانی بە گشتی نێگەتیفن ماندووم دەکەن، هەرچەندە ئەو بۆ خۆی دەڵێت لە تـۆ وریـاترم، بەس ئەمن هەر سـوورم لەسـەر ئەوەی کە پێویست ناکـات بڕیـاری پێشـوەخت بـدەیت، باوەڕکردن و باش ڕوانین باشترە لە گومان و خراپ ڕوانین، فێڵت لێبکەن باشترە لەوەی فێڵ لە خەڵک بکەیت، فەریدە دەڵێت وریایی ئەو بالانسە ڕادەگرێ، ئەمن بالانسم نیە.

ڕۆژی دواتر نامەیەکم لە پۆلیسەوە بۆ هات .

زۆر بە نەزانی چوومە پۆلیس، ئەو پرسیارانەی کە پـۆلیس لێـی دەکردم، لە بەر ئەوەی خـۆم بـۆ ئامـادە نەکردبـوو زۆربەی وەڵامەکـان بە زیـانی خـۆم تەواو بـوو، سەیرم بە خۆم دێت سوودم لەو هەموو فیلمە وەرنەگرتبـوو کە تاوانبـارەکە دەڵێت قسە ناکەم تا پارێزەرەکەم نەهێت، بەس خۆمن تاوانبار نەبووم..

بەڵام مـامەڵەکردنی پۆلیسـەکە بەو ناشـیرینیە گومـانێکی خسـتە دڵـمەوە، ئـاخر چەند جارێک قسەی بڕیم و داوای لێکردم پێویست ناکـات شتەکان شی بکەمەوە، یەکێک لە پرسیارەکانی ئەوە بوو:

+ ئایا لە دەمژمێری 17:20 لە بەنزینخانەی شێل بوویت؟

- بەڵێ، بەڵام کاتم لەگەڵ...

+ئەمن نەمگوتووە بۆ چوویتە ئەوێ، لەوێ بوویت یان نا؟

- بەڵێ لەوێ بووم.

بە گشتی شێوەی پرسیار و وەڵامەکان ئەوها بوو، دوا قسەی ئەوەبـوو: بـۆ ئەوەی پرۆسـەی لێکـۆڵینەوەکە تێـک نەچێت ناچـارین دەست بەسـەرت بکەیـن تـا ڕۆژی دادگە. ئەو درۆیەشم بۆ ئاشکرابوو کە دەڵێت تۆمەتبـار بـێ تـاوانە تـا ئەو ڕۆژەی

دادگه تـــــاوانەکەی نەســـــەلمێنێ، بە تەواوی مـــــامەڵەت لەگەڵ دەکەن وەک تاوانبارێک زۆربەی جلەکانت لەبەردادەکەنن، نـازانم هەمـوو نیـو سـەعاتێکە یـا سەعاتێک جارێک کونێکی بچووک هەیە دەیکەنەوە و سەیرت دەکەن، بە قسەی خۆیان بۆ ئەوەی نەبادا زیانێک بە خۆت بگەیەنیت، نەیانهێشت بە تەلەفۆن بە فەریدە بڵێم گیـراوم و چـاوەڕوانم مەکە، گوتیـان خۆمـان ئاگـاداری دەکەیـنەوە (دوایی فەریدە باسی ئازارەکانی خۆی بۆ کردم، لەو کاتەی کە ئەمن گیرابووم و تا هەواڵەکەیان بەو گوتبوو نێوانەکەی 6 سەعات بوو).

ئێستا وا لە دادگە بەرامبەر ئەو ئـافرەتە دانیشتووم کە چەنـدان ساڵ پـڕ بە دڵ پێمگوتـووە خۆشم دەوێیت و قەت بەدرۆش ئەو وشەیەم لە دەم نەهـاتۆتە دەرێ، گومانیشم لە خۆشەویستی ئەو نەبـووە بەرامبەر بە خـۆم، ئەو ڕابـردووە هێنـدە زینـدوو بـوو لەگەڵ کۆی هەستەکان ئـاوێتە ببـوو، بـۆنی ئەو، تـامی ئەو، دەست لێـدانی ئەو، دیتنـی ئەو، بیسـتنی ئەو، تـا دەگەیشـتە ئەو کاتـانەی کە ئەو هەستانەم لێ دوور دەبوو دڵم بەدوایدا دەگەڕا، نەبـادا شتێکی لێهـاتبێ، گونـاحم دەگاتێ گەر بڵێم ئەویش وانەبوو، هاوڕێ لێرە لە غەریبی تەنها خۆشەویستی نیە دەتهێلێتەوە و دەشتهارێ، بەڵکـو ئـاڵوودەبوون بە هـاودەمیە دروسـتت دەکـات و ئازادییشت لێ بەرتەسک دەکاتەوە، هەموو پێداویستیەکانی ژیانت دەکەوێتە نـاو زەمبیلێک و لەتەنیاییت دەپارێزێ، لەگەڵ ئەو ئافرەتەی بەختەوەریمـان دەستەمۆ کردبـوو، وامدەزانی کەسمان ناتوانێت ئـازاری ئەویتر بـدات، کەچـی ئێسـتا بەوە تاوانبارم دەکات، گوایە ئەمن مرۆڤێکی ڕۆژهەلاتیم، دین و نەریتەکەم ئەوە قبوڵ نـاکەن، ژنەکەم لـێم جودابێتەوە، بەڵگەشـی بەوە هێنـایەوە تـا ئەو کەسێکیتری نەناسی ئەمن هەر لە چاوەڕوانیدا بووم و لە زۆربەی بۆنەکان دیاریم بۆ بـردووە،

(ڕاسته ئەمن دیاریم بۆ بردووه و لەویش شەرمم کرد، ئەوه ڕوونبکەمەوه که ئەو دەستپێشخەریەکەی کرد، لەبەرئەوەی هەستمکرد نەریتێکی جوانه و لەبەرژەوەندی منداڵەکەشماندایه، ئەگینا به هەموو شتێکی پیرۆز، لەو ڕۆژەوەی لێکجودابووینەتەوه چاوم لێینیه)، بەوه تاوانباری کردم که پێشمەرگه بوومه و کاریگەریی جەنگم لەسەره و پێمگوتووه کوڕەکەم دەڕفێنم بۆ کوردستان، (مێشکم ڕاوەستا شەماڵ گیان، لەهەموو ئەو ماوەیەی که پێکەوه ژیاین دەستم لێی ڕاست نەکردیتەوه) ئەوه زۆر ترسناک بوو که گوتی: تا ڕۆژێک به قسەی خۆی خەونی دیتووه و لەخەونەکەی پێتەر له ئالانی داوه. کەمێک گریا، پاشان درێژەی به قسەکانیدا، باسی ئەو ڕۆژەی کرد که لەبەنزینخانەکه یەکترمان دیت، گوتی: سێ ڕۆژبەر له ئێستا له بەنزینخانه تووشی بووین، هێرشی بۆ پێتەر هێنا و ئەمن چووم ڕێگەم لێگرت، دەبێت زۆر سوپاسی پێتەر بکەم که ئارام بوو نەیهێشت کێشەیەک درووست بێ. بۆ ئەوەی بەیەکجاری سرم بکات، دیسان ئەو ڕستەیەی دووباره کردەوه که هیواداره ڕێگه نەدەن ئەمن لێیان نزیک ببمەوه، دوایی ئەمنیش ڕووداوەکانم گێڕایەوه، بەلام گەر بێت و باسی گەورەترین هەڵەی خۆم بکەم لەبارەی ڕوحیەوه ئەوەبوو که مرۆڤێک به کەیفی خۆی ئازارم دەدات ،ئەمنیش دڵم نایێت (ئەوه تێبینی فەریده بوو، گوتیشی سەیره که ئەوها لاوازیت بەرامبەری).

لەڕووی یاساییش هەڵەی زەق زەقم کرد، بۆ نموونه لێی پرسیم: بۆ چوویته بەنزینخانه؟ گوتم بڕیارمان بوو لەوێ یەکتر ببینین. دادوەر گوتی: ئایا شوێنێکی گونجاوه بۆ بینینی خێزان؟ مەبەستم ڕوونتر بێت که بەڵێنتاندا یەکتر ببینن بۆ شوێنێکی شیاوتان هەڵنەدەبژارد؟ نازانم له سوسان بپرسن بۆ ئەوێی هەڵبژارد؟ سەربادانەکەی سوسان به شێوەی نەخێر، دوایی تێگەیشتم نیشانەی ئەوه بووه که

ئەو وای نەگوتووە، چونکە ئەو دیتنەکەی بەنزینخانەی بەڕێکەوت نیشاندا، ئەوەم لەبیر چوو چار وێنەی بەنزینخانەشیان پێ پیشاندام کە بەڕاستی لەگەڵ قسەکانی سوسان و پێتەر دەگونجا، گوتیان ئەوە تۆی گوتم بەڵێ، دوایی نۆرەی پێتەریش هات و قسەکانی سوسانی مۆرکرد، ئەوەشی بۆ خستینە سەر گوایە ئەو ماوەیەی کە لەگەڵ سوسان دەژی هەستی بەوە کردووە کە سوسان چەند لەمن دەترسێ و ئەو ماوەیەی کە لەگەڵم ژیایە بەبێ پرسی من نەیوێراوە کارێک بکات، لەوەش دەترسێ کە منداڵەکە بڕفێنم، دوایی شاهیدێکیان هێنا ، گوتی کەسمان ناناسێ بەڵام ئەو ڕۆژە لەوێ بووە کە دەنگە دەنگ لە نێوان ئێمە روویدا، پارێزەرەکەم کەمێک بە درۆزنی دەرهێنا، بەڵام بێسوود بوو.

دوای کۆبوونەوەی داخراوی دادگە، بڕیار درا ئازاد بکرێم بە مەرجێک تا دوا بڕیاری دادگە دەردەچێت، نەچمە لای ماڵیان و منداڵەکەش نابێت ببینم.

پارێزەرەکەم گوتی:

گومانم هەیە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێ، گەر لەبەرژەوەندی وانیش بێ، دەتوانین شکایەت بکەین، هیوام هەیە بیبەینەوە.

ڕاستیەکەی ئەگەرچی ئەو رووداوە زۆر ئازاریدام، بەڵام لەرووی یاسایی هەستم نەدەکرد دەدۆڕێم، چونکە سیناریۆیەکەیان زۆر لاواز بوو.

بڕیار (پوختەکەی)

بۆم نیە کوڕەکەم ببینم و لەباخچەی ساوایانیش نزیک ببمەوە، لە ماڵی سوسان و پێتەریش نزیک ببمەوە، لە هەر شوێنێکیش بیانبینم، دەبێت خۆمیان لێ

دووربخەمەوە، لەبەرئەوەی سووکایەتیم بە پێتەر کردووە، سزایەکی مادیان دیاری کردبوو دەبا بیدەم.
فەریدە گوتی با پارێزەرەکە بگۆڕین، ئەو پارێزەرە باش نیە، دەبێت ئەو کێشەیە بە گەورە وەربگریت، ئەمن پرسیتم پارێزەری زیرەک کێشە یەکلادەکاتەوە، ئەویشم نەکرد و لەجەولەی دووەمیش دۆڕاین.
ببوورە شەماڵ گیان! تازە رووداوێک قەوماو روویدا، زنجیرەی بیرکردنەوەی تێکدام، حەزدەکەم کەمێکت بۆ باس بکەم، پیاوەک لە ژوورەکەی تەنیشتمە، ژنەکەی خۆی کوشتووە، سەرەتا خۆم لێی بە دوور گرت و سەیری دەم و چاویشیم نەدەکرد، بەتایبەتی کە زانیمان ژنی کوشتووە، لەگەڵ برادەرێک لێرە دەمانویست هەنجەتێکی پێ بگرین و لێیدەین، کەچی ئێستا زۆر دۆستین، بێ گومان تێگەیشتن و قبوڵکردنی زۆر سەختە، بەڵام بڕوام پێبکە، توانای نووسینم هەبووایە شایەنی یەک رۆمانە، بەداخەوە نازانم ئێستا کاردانەوەی تۆ چوونە ئایا ئامادەیت تێدایە کەمێکت بۆ باس بکەم؟ ئەو پیاوە بەقەدەر هاوسەرەکەی کارەکەی خۆی خۆشدەوێ، دەکرێ لە هەندێک بەسەرهات هەست بکەیت کارەکەی خۆشتریش بوێ، ئەمن نامەوێ تۆ سۆزت بۆ بکوژێک هەبێ، بەڵام لەکۆتاییدا هەمووومان مرۆڤین.
وەک خۆی دەڵێ منداڵیان نەبووە، هۆیەکە ژنەکەش بووە، ئەو پارەیەی کە پەیدای کردووە پێی ناخۆش نەبووە ژنەکەی بە زەوقی خۆی سەرفی بکات، بە مەرجێک داوای لێنەکات کەمتر کار بکات، دەزانم بکوژ دەکەوێتە فەرهەنگی وشە ناشیرنەکانەوە، بەڵام بڕوام پێبکە ئەو پیاوە چەند تایبەتمەندیەکی جوانی هەیە، یەکێکیش لەوان درۆ نەکردنە، ئەو پیاوە رۆژێک زووتر لە رۆژان بەدزی

دێتەوە ماڵێ، دیاریەکی بۆ ژنەکەی هێناوەتەوە، دەبینی ژنەکەی لەگەڵ پیاوێک بەرووتی لەناو جێگەدایە ، دەڵێت نازانم بۆ کوشتم ؟ چۆن دڵم هات ئەو هەموو چەقۆیەی لێبدەم؟ ( 28 چەقۆی لێدابوو) دەمرم و کەس نیە وەڵامی ئەو پرسیارەم بداتەوە، ئەو ئافرەتە جوانە بۆ خیانەتی لێکردم؟ دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ئەو کەسێکی دیندارە و باوڕی وایە شەیتان ئەو کارەی پێکردووە، ئەگەرنا مەحالە ئەو دەستی بچێتێ زللەیەکیش لە ژنەکەی بدات، تا ئێستاش ئەلقەی ژن و مێردایەتیەکەی فڕێنەداوە، زۆر باسی ژنەکەی بەڕێزەوە دەکات، خواردن، گۆرانی، جل وبەرگ، چەندان بابەتی ڕۆژانەش کە دەکرێتەوە دەیباتەوە لای هاوسەرەکەی، تازە کە نامەم بۆت دەنووسی دەنگێکم گوێ لێبوو، کە چووم ئەو بوو کەوتبوو، بەڵام پاسەوانەکان نەیانهێشت ئێمە بچینە پێش، لەوانەیە لە درێژی نامەکەم حالەتیتریش رووبدات و بۆت باس بکەم، ئەو کاتە لەخۆت بپرسی چۆن ئامانج لەگەڵ ئەو هەموو شەڕکەر و دەرمانفرۆش و بکوژ و دزانە دەژی، زۆر سەختە بەڵام واقیعێکە و دەبێت لێیدەرچم و وریای پرنسیپەکانی بم، لەهەمووی سەیرتر لەنێوان ئێرە و دەرەوە ئەوەیە کە لە دەرەوە تا کەسێک دۆستت نەبێ، نایەڵی بە کێشەکەت بزانێ، بەڵام لێرە ئەگەر بتەوێ دۆستایەتی نەکەیت، دەبێ باسی کێشەکەت بکەیت، چونکە کە قسەت نەکرد واتە لەسەر شتێک گیراویت مایەی شەرمەزاریە، ئێرە جیهانێکی تەواو جودایە، نامەوێ بەوردەکاریەکان گێژت بکەم، پیرێژنی لای خۆمان گوتەنی یارەبی دوژمنت ڕێی بێرە نەکەوێ، وا بزانم هەر بێتاقەتیەکەم بوو بە هۆی باسکردنی، دەبێ پشوویێک بدەم، تاقەتم نیە بچمەوە سەرەتای نامەکەوە، ڕۆژێکیتر کە دووبارە خوێندمەوە بۆت تەواو دەکەم.

ئەوەی ئەو ماوەیە کردم نزیک بوونەوەم بوو لە سەرکەوت و خێزانەکەی، هەوێنی کچیان لەگەڵ ئالانی کوڕم پێکەوە لە باخچەی ساوایان بوون، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە ماڵی سوسان نزیک بوو، بۆمان نەبوو بچینە لایان، بۆیە زیاتر ئەوان دەهاتن، وەک لای کەسیش شاراوە نیە، پەیوەندی کۆمەڵێک لایەنی چاک و خراپی هەیە، ماڵی سەرکەوت زیاتر لایەنی خراپەیان زۆرتر بوو وەک باشەکە، کە دەهاتن زۆر درەنگ دەڕۆیشتن، جگە لەوەی خاڵی هاوبەشمان نەبوو، پەیوەندیەکەشیان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنا، وەک دەڵێن بە ئاشکرا لێیان دەخواردین، بۆ منیش زۆر قورس بوو یەکەم لەبەرئەوەی پەیوەندیەکە لەبەر خاتری من بوو، دووەمیش هاوزمانی من بوون، فەریدە زوو لێیان بێزاربوو، ئاگاداری هەندەک شتی کردمەوە کە من دەمزانی بەس نەمدەویست بە دەنگ گوێم لێبێ، ئەوان کە دەیانزانی فەریدە لە دەرمانخانە کار دەکات، چەندان جار ناوی دەرمانی رەچێت ئازادیان بەفەریدە دەگوت و دەشیانزانی فەریدە پارەکەیان لێوەرناگرێتەوە، تا رۆژێک فەریدە پارەکەی لێوەرگرتنەوە و پێیگوتم: دەزانی بۆ لێم وەرگرتنەوە؟ گوتم نازانم، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەی هەقی خۆتە. گوتی: نەخێر ئەو خەڵکە نەفسنزمە سرووشتێکی خراپی هەیە لەژینگەی خراپ نەبێ ناژی، بۆیە گومانم کرد کە ئەوان وا بیربکەنەوە کە ئەمن ئەو دەرمانانە دەدزم، بۆیە وەسلی کڕینەکەشم دانێ. ئەوە ئەمن هەر لێگەڕێ چیان پێدەکردم، ڕەنگی وشەی زۆجم گرتبوو.

ڕۆژی لە دایکبوونی فەریدەم لە بیر چوو بوو، بەدەست بە تاڵی چوومەوە، بە پێکەنینەوە گوتی:

ڕۆژی لەدایکبوونی سوسانت لە بیرناچێت، بەس ئەوەی منت لەبیر دەچێت!

هەرچەندە باوەشی لێدام و گوتی گاڵتە دەکەم، بەڵام قسەیەک نەبوو بە گاڵتە وەرگیرێ، رۆژی دوایی بەدیاریەوە گەڕامەوە، بڕیاریشمدابوو لە دڵەوە کە هەوڵبدەم گەر کەمێکیش بێ، قەرەبووی ئەو هەموو جوانیەی ئەو بکەمەوە، نازانم بەس لەبەدبەختی منە یاخود زۆر کەسی دیکەش ئەوهان، ئەو کاتانەی کەبڕیارێک دەدەیت پێچەوانەکەی دەکەیت و دوایی دەڵێیت خۆزگە بڕیارم نەدابا.

لەسەر کار بووم کە دایکی هەوێن زەنگی بۆ لێدام، ترسام، مەکینەکەم کوژاندەوە، فەریدە هەموو جار دەیگوت: هەق وایە وێنەی ئاڵای دەریاوانەکان بخەیتە سەر ژمارەی بەفرین(دایکی هەوێن)ی دوو ئێسک و کەلەکە. دەنگی ئەوە نەبوو چاک و چۆنیەکە زۆر بخایەنێت:

-هەواڵێکم پێیە، نازانم چۆنت پێ بڵێم؟

+چۆنت بیستووە ئەوها، تکایە.

- پێرێ سۆسیال ئالانی لەباخچەی ساوایان بردووە.

+ بۆ؟

-ئالان لای مامۆستاکان باسی ئەوەی کردووە کە پێتەر لێیداوە، ئەوانیش سەیری لەشیان کردیە و شوێنەواری لێدانی پێوە دیاربووە، بەقسەی خۆیان پێشتر چەند جارێ سوسانیان ئاگادارکردیتەوە و لەگەڵیشی دانیشتوون، بۆیە یەکسەر تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کردووە و هاتوون، بردوویانە و کەس نازانێ لە کوێیە.

+کەواتە جاری یەکەم نەبووە!

-نازانم چەند جار بووە، بەڵام هەوێن بە ڕێکەوت گوێی لەقسەکانی مامۆستاکان بووە، لەقسەکانیانڕا دیارە، ئەو جارە زۆر گەورە بووە، لە جەمیلەشم پرسی گوتی وایە.

بە بەرپرسی بەشەکەم گوت دەبێ بڕۆم کارێکی خێرام هاتۆتە پێش، هەرچەند هەوڵیدا بە پرسیار و نارەزاییەکانی ڕێگریم لێبکات، ڕاستە چاوم تاریک ببوو، بەڵام نەمهێشت بە هەڵەیەک لەسەر کارەکەم دوا بکەوم، بەبێ دەنگی بۆی دەرچووم، لە ڕێگە بووم بەرە و باخچەی ساوایان، فەریدە تەلەفۆنی کرد، لە قسەکاندا زانی کە دەزانم و شوێنی ئیستاشم زیاتر نیگەرانی کرد، چەند جوونەکی بە بەفرین دا، بەقسەی ئەو ئەگەر ئەو پلانەکەی تێک نەدابا، ئەوا دایناببوو ئێوارە پێکەوە بچینە لای پارێزەرێک کە ئەو قسەی لەگەڵ کردووە، کە زانی ئەمن تواناى وەستانم نیە:

-باشە وەرە ناو بازاڕ لەکافیتریایەک پێکەوە دادەنیشین، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

+تۆ ئاگاداری؟

-ئەمن ئەورۆ لەگەڵ (سارا)ی هاوڕێم لە دادگا بووین، ژمارەی دۆسیەکەم نووسیوە و ساراش چووەتە ژووری دادگە، دەزانێت بە چ خاڵێک تاوانبار کراون، کاتێکی باشە منداڵەکەیان لێبستێنینەوە، تکایە لەو شوێنە دوور بکەوە، باکەس نەتبینێت. ساردیکردمەوە، بەرەو بازاڕ پێچمکردەوە، نووکەیەکی دایکی هەوێن هات و شڵەژاندمی.

-ئەوە سوسان دەبینم وا لەباڵکۆن جغارە دەکێشێ.

+بە تەنیایە؟

-ئەمن کەسێکیتر نابینم، لەوانەیە پێتەر گیرابێ و سوسانیشیان بەڕەڵاکردبێ.
لە لێکدانەوەیەکی خێرا ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە گەر بێت و لەگەڵ سوسان قسەیەک لەو بارودۆخە بکەین، دەتوانین کوڕەکەمان ڕزگار بکەین و هەر چۆنێک بێت بیگەڕێنینەوە، ئێستا بۆ ئەو ئاشکرابووە کە پێتەر مرۆڤێکی باش نیە، کەئازاری ئالان بدات بە دڵنیایەوە ئازاری ئەویش دەدات، ئێوە نازانن ئەو کاتەی کە پێکەوە دەژیان سوسان دەیگوتە من: تکایە ئەگەر ئەمنیش لە ئالان تووڕەبووم تۆ لێی تووڕە مەبە. گومانم لە خۆشەویستی ئەو نیە بۆ ئالان.
تەماشامکرد سوسان لەبالکۆن دیار نەبوو، فەریدە تەلەفۆنی کرد، وەڵامم نەداوە، دەمزانی هەوڵدەدات پەشیمانم بکاتەوە، هەرنا لەرووە یاسییەکە دەڵێت بۆم نیە لەو ناوە بم، دوایی دڵنیام لەو هەستەش ناگات کەئێستا کێشەکە جودایە، ئەمن و سوسان لەیەک بەرەین دژی پێتەر و یەک ئامانجمان هەیە ئەویش گەڕانەوەی ئالانە، بڕواناکەم فەریدە لەو هەستە بگات، چونکە ئەمن و سوسان دایک و باوکین.
بەر لەوەی زەنگی دەرگە لێبدەم، پەنجەم خستە سەر ئەو کونە بچووکە کە دەتوانی دەرەوەی پێ ببینی، کە دەرگەی کردەوە واقی وڕما:
ئالان چی لێهات؟
بەگریان وەڵامی دامەوە:
- بردیان.
+چۆن هێشتت بگاتە ئەو ڕادەیە؟
لەو کاتە لە گەرماوەکەوە گوێم لەدەنگێک بوو ، کەپرسیم ئەوە پێتەرە؟ گوتی: تکایە لێرە بڕۆ ، کە وایگوت گومانم نەما کە پێتەرە.

شەماڵ گیان! ئەمن قەت نازانم شتەکان چۆن دێن، دەکرێت رووداوەکان چارەنووسی من دیاری بکەن، تۆ سەیر بکە ئەمن ئەو رۆژە لە پەلەپەلیان بەجل و بەرگی کار لە ئیشەکەم دەرچووم، لەگیرفانی پانتۆڵەکەم چەقۆی کاری تێدایە، دەنا لەوانەبوو بە چەند شەق ومست کۆتایی هاتبا، کەچی ئێستا وا لەدادگە بەرامبەرم لەسەر عارەبانەیەک دانیشتووە و دوای 46 رۆژ هێشتا دەستی چەپەی ناجوولێتەوە و دەم و چاویشی بەزەحمەت دەناسرێتەوە، هەرچەندە راپۆرتی دکتۆرەکەم لەگەڵ پارێزەرەکەم خوێندۆتەوە و هەندەک وشەی تێنەگەیشتم دەڵێن پارێزەرەکەم زیرەک بوو بە (12)ساڵ لێی دەرچوواندم. پارێزەرەکەم ئەو کەسە بوو کە فەریدە دیاری کردبوو، رۆژێک پێیگوتم:

بۆ وات کرد؟کامە ئازایەتی زۆرتر بوو کورەکەت گەڕاندبووایە لای خۆت، یاخود لەت و پەتکردنی ئەو پیاوە؟ دەبێ ئەو کارەت سوودی چی هەبووبێ بۆ خۆت و منداڵەکەت؟ هەرچی فەریدە بۆی کردی تێکتدا..

شەماڵ دەزانی ئەو حالەتانە چەند ناخۆشن کەکارێک بکەیت و قسەت نەبێ بۆی.

رۆژێک بەندێک زۆر بێشەرمانە پێیگوتم: هەرچی بڵێیت باوەڕت پێناکەم، ئەمن لەمێژە لە بەندیخانەم ،حالەتی لە شێوەی تۆم زۆر دیتووە ئێوە لەو جۆرانەن کە درۆ بە عیزەتی نەفسەوە دەکەن، قەت ناوێرن دان بەوەدا بنێن کە دڵتان پیسە، لە پاکیی منداڵاکانتان خۆتان دەشارنەوە.

سەیرە کەس داکۆکیم لێناکات و پێمبڵێت تۆزێک لەسەر هەقی! ئاخر ئەمنیش باوکم، ئەگەر ئەو سۆسیالە سەگ و سەگبابە کەمۆکەک رێزیان لە هەستی من دەگرت، ئەمنیان بانگدەکرد و لەگەڵم دادەنیشتن، لێیاندەپرسیم ئایا دەمەوێ

منداڵەکەی خۆم بەخێو بکەم؟ ئایا کەشێکی لەبارم هەیە بۆ منداڵەکەم؟ خۆ من هیچ کێشەم لەگەڵ منداڵەکەم و بەخێوکردنەکەی نیە، شەماڵ گیان! بڕوام پێبکە لە سیناریۆکەی پێشووتر بترازێ، ئەمن هەموو ئەو ماوەیەی لێرە ژیاوم کێشەیەکم نەبووە، دوایی بەو تاوانەی بەرامبەر ئالان کردیان دەبا بەدواداچوونێکیان بۆ ڕووداوەکەی پێشوو کردبایە و سزاکەیان لەسەر من هەڵگرتبا، دەزانی بۆ نایکەن ؟ ئەدی چۆن خێزان هەڵبوەشێننەوە، بڕۆ لە ڕۆژنامەکان بخوێنەوە، بە دەیان خێزانیان تێکداوە، ئەمن تێناگەم مرۆڤایەتیی ئەوانە لە کوێیە؟! دیتنی منداڵی خۆت لێ قەدەغە بکەن و دوایی لێتبشارنەوە و بیدەنە خێزانێک کە تۆ لە باش و خراپیی خێزانەکەش ئاگادار نەبیت، دەزانی بۆ ئازاردانت بەبەردەوامی لەسەر پێن، لەو ڕۆژەی لەگەڵ سوسان لێک جودابووینەتەوە، ئەگەر هەقی بەخێوکردنی منداڵەکەم نەدەم ناوم دەخەنە لیستی ڕەشەوە، چەندان جار داوام لە سۆسیال کردووە گەر بۆ یەک کاتژمێریش بێت با ئەوانیش لەگەڵم بن بۆ ئەوەی ئالان ببینم، هەموو ڕێگە یاساییەکانیشم گرتەبەر، هەر نەمتوانی بیبینم، لێرە خۆپەرستی تاک ئازادی ئەوانیتر دەکوژێ.

کوڕێکی پەناهەندە لە شوێنی دەستبەسەریەکەمدا، کەوتینە قسە وای دەزانی ئەو، ئەو وڵاتەی درووست کردووە.

-ئێرە بە ئەقڵ درووست بووە.

+ناکا بڵێیت تۆ درووستت کردووە؟!

-ئەمن درووستیشم نەکردبێت، ڕێزی لێدەگرم.

+تۆ ڕێزی لێناگریت، بەڵکو کۆیلەییت قبوڵە.

-خاوەنی ئەو ئەقڵە بوویت بۆیە گەیشتیتە ئەو ڕۆژە.

+گەر پارە توانیبای ئەمن قورمیش بکات، وەک تۆ ئاسوودە دەبووم.
باشە ئەو کابرایە چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە، خۆم خستۆتە ناو ئەو دەمەقالێیە لەگەلی.
فەریدە کە بەسەردان دێتە لام، شەرم دەکەم، ئەو ئافرەتە میهرەبان و جوانە، گەر وەلامی ئەوم بدابایەوە یاخود سەرەتا بە قسەی ئەوم کردبا، دلنیام ئێستا ئالان بە پێکەنینە خۆشەکەی مالمانی پڕ لەیادگاری دەکرد، ئای کە جوانە، نەیانهێشت چیتر ئالان ببینم، پێیگوتم: ئەگەر حەزدەکەی، منداڵێک پێکەوە دروست دەکەین؟ ئەی لەو قوربانیە گەورەیە لەکاتێکدا کەمێک لە بەردەوام بوونی پەیوەندیەکەش دوودلبوو، شەماڵ گیان، ئەو برادەرانەی چەندان سالە دەیانناسم ولە نێوانمان وشەی برا و لە برا زیاتر تۆزی دەکرد، بڕوادەکەی پشتیان تێکردم، ئەگەر هەنگاوێک باوێمە ناو مەزەندە، وای بۆ دەچم کە بەخراپەش باسم دەکەن ،چونکە لەو کەسانەن شەرم دەکەن دان بە ترسنۆکیی خۆیاندا بنێن، شەماڵ گیان! ئەو برادەرانە بڕوا بکە ئەوانیتریان لێدزیم، ئێستا گەیشتمە ئەو قەناعەتە هەر دەبێ هاوڕێیەتی بکەیت، بەلام نابێ پشت بەکەس ببەستیت، خۆم ناکەمە فریشتە، بەلام وا خەریکە بەزەییم بە وشەکاندا بێتەوە کە لە سەر زمانمان دەتوێنەوە، غەدریان لێدەکەین کە نایانبینین وا لە شێوەی تف فڕێیان دەدەینە دەرەوە، دەبێ ئەو کەسانە وشەکان وەک ئێمە نەبینن؟ گومانم هەیە و نازانم بۆ دەیلێن؟ کەچی فەریدە دەرگەی هەموو چاوڕوانیەکانی شکاند و مالی گواستۆتەوە بۆ شارێک نزیک لە بەندیخانەکەی من و کاریشی هەر لەوێ دۆزیوەتەوە، چونکە (سەیدەلیانیە) ئەوە سالێک زیاترە بەو کارە خەریکە.

ئەمن بە هیچ شێوەیەک بۆم نیە بچمە ئەو شارەی کە پێشتر لێی دەژیام، لەیەک حالەت نەبێ ئەگەر پیتەر و سوسان بارکەن لەوێ، لەبەرئەوەی رادەی ترسەکەم گەورەیە، شانسی مۆڵەت وەرگرتنیشم زۆر کەمە، لەبیرم چوو بۆت باس بکەم بە چی تاوانبار کرام، بە هەوڵی کوشتنی پیتەر و چەند چەقۆیەکیش بەر شوێنی ترسناکی کەوتبوو، سوسانیش گوایە تووشی کێشەی دەروونی بووە، بۆیە ئەوان دەتوانن کاریگەری لەسەر مۆڵەتەکەم بکەن، ئەگەر بڵێن مەترسیم هەیە لەسەر ژیانی ئەوان، هەرچەندە ئەمن هەستم بەو لەوانەیە نەکرد، بەڵام بەندە هاوڕێیەکانم دەڵێن دەکرێ کاریگەری هەبێ، فەریدە لەگەڵم ماندووە بۆ ئەوەی خۆڕاگربم، لەو قۆناغەی لە ژێر چاودێریدام ، لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی باشم پەیدا کردووە لەسەر سیستەمی ناو بەندیخانە و یاساکانیان بەرامبەر بە بەندەکان، هەوڵدەدەم خاڵی نێگەتیف لەسەرم کۆنەبێتەوە، ڕاستیەکەی بێهەواڵیی کوڕەکەم هەراسانی کردووم، فەریدەش هیچ نازانێ، هەرچەندە جارجارە سەردانی کۆنە شارەکەمان دەکات، بەڵام بێ ئاکام بووە، ڕۆژێک چووەتە باخچەی ساوایان و هەواڵی ئالانی پرسیوە .

-تۆ چی ئالانی؟

+دەسگیرانی باوکیمە(گێرل فرێند)

-ئایا ئەوە نازانیت، تۆ بۆت نیە پرسیاری ئەوها بکەیت؟

+بۆ؟

-لەبەر ئەوەی تۆ کەسی نزیکی خێزانەکە نیت و ئێمەش بۆمان نیە قسە دەربارەی ئەو کێشانە بکەین.

ئەو ترووسکەیە تونێلی هەنگاوەکانمی بەر فراوان کرد و سەرتاپای جەستەمی خستە ئارامی، مراد گوتەنی هەواڵی خۆش بۆ دڵ و گیانی مرۆڤ پێویستە وەک مادە بێهۆشکەر و کێشەرەکانی وایە، کە پێتدەڵێن وادەزانی کەسێکیتر لە باوەشت دەکات و تۆش لەجیهانێکی بەنجکراو خاو دەبیتەوە، شەماڵ گیان!هەواڵی ئالان تاکە ڤیتامین بوو جەستەمی بەگەڕ دەخستەوە، هەندێک شت هەیە ئەمن ڕۆژانە لێرە دەیبینم، ناتوانم بە نووسین باسی بکەم، هی ئەوەن پیلت ڕاکێشم و بڵێم وەرە سەیری ئەو بەر بکە، رێک لەو شوێنەی کە ئەمن دادەنیشم بەرامبەرەکەم مراد و یونسن ،لەنێوان ئەوان دوو باڵەخانە دیارە، ئەوە تایبەتە بەو کەسانەی کە دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر منداڵ و ژنان، ئەوانە تێکەڵ بە ئێمە مانان ناکەن، وشەی تاوانبار هەمووەمان کۆدەکاتەوە و یاسایەکی پەروەردەییشیان هەیە کە ڕۆژانە بەبیرمان دێننەوە کە تۆ نابێت وا بیر بکەیتەوە کە لەوانیتر باشتری. ئێرە خەڵکانێکی لێیە گرنگی بە گیرانەکە و ئەو مۆرەش نادات کە یاسا و کۆمەڵ لێیدەدەن، بۆ نموونە مراد و یونس بۆ خۆیان دەڵێن کە دەستمان بەو کارە کرد، قازانج و زەرەرەکەمان لێکدابۆوە، بۆیە پەشیمان نین، ئەمن ئەگەرچی لەڕووی مۆراڵییەوە دژی زۆرینەم بەڵام ئەوە کاری من نیە دژایەتیان بکەم، چونکە یاسا و دەوڵەت لێیان بەرپرسیارە، بەڵام ئەو تاوانبارانەی کە دەسدرێژیان کردۆتە سەر منداڵ، دەستم بیانگاتێ بە دەرزەن دەرزەن دەیانخەمە ناو ئاگرەوە، ئاخر ئەمنیش باوکم، جگە لەوەش باوکێکم نازانم چارەنووسی منداڵەکەم کەوتۆتە کوێ؟ مەگەر چۆن دەنا ڕۆژ نیە هەواڵی ئەو پیدۆفیلانە نەخوێنیتەوە، پیدۆفیل هەیە چەندان جار لەسەر ئەو کارە گیراوە و دوای ماوەیەک ئازادی دەکەنەوە، دەزانی بازاڕی ئەو کارە ڤیزەونەیان لە وڵاتە هەژارەکان گەرم

کردووە، شەماڵ گیان! بڕوام پێبکە کەس ناتوانێ ئەو پێوەرە بدات بە دەستەوە کە ئەو ئەوروپیانە چەند مرۆڤن، ئەوەندەش ئاژەڵی دڕندەن، بە ئارەزووی خۆیان جیهانیان کردۆتە شانۆیەک و نمایشی خۆیانی تێدا دەکەن، شەماڵ گیان! بینینی ئەو دوو باڵەخانەیە و دووری و نەزانینی چارەنووسی منداڵەکەم شەوانە دەمخنکێنێن، بۆیە ناچار بووم پەنا بۆ حەبی خەو ببەم، بەڵام ئەو قسانەی فەریدە سەبووریەکی دامێ، کوڕەک لە مێژە لێرەیە کە هاتمە ئێرە سەرەتا پێیگوتم: دەبێ سیستەمەک ببینیەوە خۆتی پێهەڵخەڵەتێنی دەنا دەرچوونت مەحاڵ دەبێت، بڕوا بە قسەی کەس مەکە، هەتا ئەوانەی کە لێرەش کاردەکەن لەدڵەوە وەک کرێکارێک مامەڵەت لەگەڵ دەکەن و دەبیتە بەشێک لە بژێوی ئەوان.

قۆناغە لەسەرخۆکان تا ساڵ  پیر نەکەن ناینێژن و بەرێی ناکەن، بەڵام ئەمن هیوام لە قاچی هەنگاوەکانمدا موتربە دەکرد و خەندەم لەسەر مێزی گفتوگۆگاکان چرۆی دەکرد، دەستخۆشیم لێدەکردن بۆ هەموو یارمەتیەکانیان و کارە چاکسازیەکانیان، ئەگەرچی سەد لە سەد وا نەبوو، وام لێهاتبوو دەترسام مرۆڤێکی دووڕووم لێدەرچێ، بەوە ورەی خۆم بەرزدەکردەوە کە بەڵێ ئازایەتی ئەوەیە کە کوڕەکەم ڕزگار بکەم، با درۆ نەکەم، لە پێش فەریدە ئەویشم دەخستە ناو، فەریدەم خۆش دەویست، بەڵام نەدەکرا پێویستیەکان بەروارد کرابان، ئالان منداڵ بوو، کەس نەیدەزانی لە کوێیە، وا بزانم ڕوونکردنەوەی ناوێ ، ها شەماڵ گیان؟!

شەماڵ! گەشتی یەکەم مۆڵەتم دەستپێیکرد، بە تەنیا بەڵام لەو بازنەیەی کە ئەوان دیاریان کردبوو. لەوێستگەی شەمەندەفەر تکیتەکەم وەرگرت کە

لەبەندیخانە ژمارەی تکیتەکەم وەرگرتبوو، بە دەرفەتم زانی لە کچە تکیت فرۆشەکەم پرسی، نرخی تکیت بۆ شارە کۆنەکەم زۆر گران بوو ئەو پارەیەم پێ نەبوو.

شەماڵ! حەزدەکەم زۆر شتت بۆ باس بکەم، چونکە بە نووسین تاقەتم دەڕوا، ئەمن لە بەندیخانە کار دەکەم، بێگومان ئەوان لەبەرئەوەی خۆیان بە دیموکراتی دادەنێن هەموو کارێک کە دەیکەن لایەنە مرۆییەکانی خۆیان نیشاندەدەن، کەچی درۆ دەکەن و بە ناوی دیموکراتیەوە دەتچەوسێننەوە! بە پارەیەکی زۆر کەم کارمان پێدەکەن کە بەشی هیچمان ناکات، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی وەک من جغارەکێشن، ئێمە ئەوە دەزانین کە لایەنە باشەکەی کارکردن لێرە ئەوەیە ئەگەر کارنەکەین شەڕ و کێشە زۆرتر دەبێ، بەڵام کەکاریشمان پێدەکەن هەق وایە هەقدەستەکەمان لەنێوان زۆر خراپ و باشدا هاوسەنگەیکی هەبێ، تا درۆکەیان قبول بکەین، ئەوەش بزانە کارکردن ناچاریە، ئەگەر سەر پێچی بکەیت، مافیترت لێدەستێننەوە.

شەماڵ گیان! سەیری ئەو ڕێکەوتە بکە، ئەو ماڵەی من بۆی دەچووم، واتە ماڵە نوێیەکەی فەریدە 45 دەقیقە لە بەندیخانەکەی من دوورە، بۆ بەدبەختی کەوتۆتە سەر هێڵی هەمان ڕێگە کە بۆ شارە کۆنەکەم دەچێ و 4 دەمژمێر و 38 دەقیقەیە، پاش ئەوەی جابیەکە کۆنترۆلی تکیتەکەی کردم، دیتم چەند کەسێک مۆبایلەکانیان نیشاندەدا، لەو کوڕەی تەنیشتم پرسی بۆ مۆبایلەکەت نیشاندا؟ بۆی باسکردم کە بلیتەکەی لەناو مۆبایلەکەیە، نە ئەو درێژەی پێداو نە ئەمنیش پرسیاریترم کرد، بەڵام ئەوەشم بۆ خەیاڵم ڕزگارکرد ئەگەر لە لای فەریدە

دانەبەزم، ئەوە تکێتەکە ون دەکەم و مۆبایلەکەم بە کوژاوەیی بەدەستمەوە دەگرم، بوو بە دوو ئیحتیمال لەگەڵ خۆ خەوتنەکە.
ئەوە نزیکەی سێ ساڵ و هەشت مانگە ئەو حالەتە دەروونیەم نەبووە، بەبێ هیچ چاودێریەک بێگومان جگە لەو یاسا و ڕێنماییانەی کە لە مۆڵەتەکەم نووسراوە، لە دەوروبەرێکم بۆنی تاوانی لێنایە، خەلکەکەی بە ئاسوودەیی دەجوولێنەوە، ئەمن وەک نووسەرەکان توانای ئەوەم نیە، دەنا بەس بە باسکردن لە هەست و نەستم چەند لاپەڕەیەکم بۆ پڕدەکردیەوە، لە پڕ کات لە جەستەم لق و پۆپی دەرکرد، هێندەی شێواندووم وادەزانم ئەگەر لەگەل کەسێک قسەبکەم، ئەوا کاتەکەم کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەورۆ فەریدە دووجار تەلەفۆنی کردووە و وەک ڕێزێک لە شپرزەییم دایخستووە، گوتوومە بۆت دەکەمەوە، بەلآم نە بۆ ئەوم کردۆتەوە نە بۆ کەسیتریش، هەناسەم نەک هەر پاڵ بە قەفەسی سیەکانمەوە دەنێ، خەریکە منیش بەردەنەوە، بڕیاربدەم بێمە خوارێ و لای فەریدە بمێنمەوە و دوایی بگەڕێمەوە بەندینخانە، لەمۆلەتی داهاتوو کاتم زۆرتر دەبێ یا نەیەمە خوارێ و بەدوای هەواڵێکی ئالاندا بگەڕێم! شەمەندەفەر چاوەڕوانی بڕیاری من ناکات و هەر دەڕوات، ئەمن دڵنیام ئێستا فەریدە بەدڵێکی خۆش و جل و بەرگێکی جوان و بۆنێکی خۆش و دەسکە گوڵێکەوە لە پێشوازیمدا راوەستاوە، بێ ئەوەی گرنگی بە خەڵک بدات، پێدەکەنی، کەچی نازانم بۆ بڕیارمدا سەیری وێستگەکە نەکەم، نەبادا فەریدە ببینم و خۆشەویستی ئەو لە گەڕان ساردمبکاتەوە .
کە گەیشتمە باخچەی ساوایان، مامۆستایەک لەگەڵ منداڵەکان یاریدەکرد، بەبیرم نایێ کە پێشتر لەوێ دیتبم، بەلآم بۆ ئەوەی نەکەوینە پرسیار و وەلآم:

-ماريا لە كوێیە؟

+لە ژوورەوەیە.

لەو شوێنەی ئەو ئاماژەی بۆ کرد کەسێک دیاربوو، بەڵام بۆمن کەسەکە وا بە خێرایی نەدەناسرایەوە. کە چوومە ژوورەوە لە شێوەی دانیشتنەکەیڕا دیاربوو کاتی پشوویەتی، قاوەی لە پێش بوو و بە مۆبایلەکەشی قسەی دەکرد، کە تەماشایکردم حەپەسانی پێوە دیاربوو، بۆیە بە ڕوویێکی خۆش و بەسەر دانەواندن سڵاوێکم لێکرد.

تۆ باوکی ئالانیت؟

ئەمن گەر بۆ خەڵک دوونیشانەم هەبێت (شەلین و چاڵی چەناگەکەم) ئەوا بۆ ئەو نیشانەیەکی تریشم زیادکردبوو، کوتینی ناوی کوڕەکەمە لە دەستی چەپەم.

+بەڵێ هەوم! بەڵام تکایە دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەت تەواو کرد کەمێک کاتم بدەیتێ دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. شەماڵ گیان! ئەگەر وێنەکەت بۆ ڕوونتر بکەمەوە، بە زمانی قوربانی قسەم دەکرد.

-ئەمن هیچ قسەیەکم لەگەڵ تۆدا نیە، بۆشم نیە قسەت لەگەڵ بکەم، نەڕۆیت، تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم.

گوێم لە تەلەفۆنەکەی دەستی بوو کە دەنگی پیاوێک دەهات ماریا ماریا، ئەمن تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم؟

+باشە تەلەفۆنەکەی دەستت دامەخە با ئەو ببێتە شایەد، تەنها یەک پرسیارم هەیە تکایە.

-گوتم بڕۆ

+تەنها وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەوە، کوڕەکەمتان بۆ کوێ نارد؟

توتە توتی تەلەفۆنەکەی دەستیم گوێ لێبوو
-ئەمن ئاگادارنیم و هیچ نازانم.
+بەڵام ئێوە کەبە فەریدەی دەسگیرانمتان نەگوتووە، لەبەرئەوە بووە کە کەسی نزیکی نەبووە.
-ئەمن نازانم تۆ باسی چی دەکەیت؟
+تکایە بەس دڵنیام بکەوە، بەس هێندەم پێ بڵێ ئایا لای خێزانێکی باشە یا خراپ؟
زۆر پاڕامەوە کە ئازاری نادەم، ئەوەی کە دەمەوێ تەنها زانینی هەواڵی کوڕەکەمە، بەڵام شەماڵ گیان! زۆر ڕقم لێیان دەبێتەوە کە ئەوها زەلیلم دەکەن، زەنگێکی بۆ هات خەریک بوو وەڵام بداتەوە، تووڕەبووم و تەلەفۆنەکەم لێستاند و بەزەویم دادا، بێهیوایی چاوی تاریک کردم، بە چاوی ئالان لێمنەدا، پۆلیس هات و گرتمیان.
کورتی دەکەمەوە، ناتوانم بەوردی باسی هەمووت بۆ بکەم، ماریا بارودۆخەکەی زۆر چاک لەبەرژەوەندی خۆی قۆستەوە، چونکە ئەمن بوونم لەوێ تاوان بوو، ئەویش هەرچی بۆ خۆی باش بوو دروستیکرد، لێدان، سووکایەتی پێکردن، باری دەروونی تێکچوو، شەماڵ گیان! ئەمن هەڵەم کرد نەدەبا چووبام، بەڵام ئەو ئەگەر کەمێک لایەنە مرۆییەکەی تێدابا، دەیتوانی وەک نەخۆشێک مامەلە لەگەڵ مندا بکات، چونکە ئەو گوتی کە منی لەحەوشە دیتووە ناسیومەتیەوە و بە مێردەکەی گوتووە کە کێشەی من چیە، ئێستا کەس ئەو قسەیە لەمن ناکرێت، گەر بڵێم لێرە ئازادی دەدەنە تاک و بەرپرسیاریەتیەکەی بەرامبەر ئەوانیتر لێدەستێنەوە، ئەویش بەوەی هەر لەدایکەوە خۆپەرستی دەکەن، بۆیە لەوە

گومانت نەبێت گەر بڵێم ئەمن دەرگەی بە ختەوەریم لە ماریا کردەوە، بەڵام بۆ خۆم کێشەم خستە سەر کێشەیتر و لە منداڵەکەشم دوورتر کەوتمەوە، ئەو بەشەی سزاکەم کە کەمیان کردبۆوە بۆیان زیادکردمەوە، شانسی مۆڵەتیان لێستاندمەوە و ئەو نامەیش دوا قسە خۆی دەکات.

سڵاو

وەک وەفایەک بۆ ئەو ڕۆژانەی کە خۆشمویستی، هیوای ساغ و سەلامەتیت بۆ دەخوازم.

نەمدەویست برینەکانت قوڵتر بکەمەوە، بەڵام شینی تۆ بۆ حەسەن و حوسێنێکە کە ئەقل تێیدا زەرەرمەندی یەکەمە، ئەمن کەسێکم باوەڕم بەوە هەیە کە دەبێ مرۆڤ لە پێناو خۆیدا بژی، کەچی ئەوە چەند ساڵە ئەمن لەپێناو تۆدا دەژیم، هیچ شتێک تایبەت بە خۆمم نەماوە، ئەمن نامەوێ چاکەت بە چاودا بدەمەوە، لەوانەشە ئەگەر لە هەندەک شوێن پێمگوتبایت، زیاتر هەستت بە بوونم دەکرد، بەڵام ئەوە ئاخی لەدەستچووونە.

کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەکردی یا کەدەهاتمە سەردانت لەبەر خەم وخەفەتی خۆت قەت گوێت لەمن نەدەگرت، بە حەزرەت بووم ڕۆژێک لێم بپرسی ئەرێ لەو شارە گچکەیە تۆ چۆن دەژی؟ ئایا کەس دەناسیت؟ بەکورتی خانووەکەم ڕادەست کردۆتەوە و وازم لەکارەکەشم هێناوە، ژیان لە شوێنێکیتر تاقی دەکەمەوە. هیوادارم بە کوڕەکەت شادبیتەوە.

فەریدە

درۆی ئەو شاعیرەم پێخۆشە کە دەڵێت:
لە دیار ئاوێنە دەوەستم
مووە ڕەشەکانی قژم دەبینم
چۆن سپی دەبن..
ببوورە توانای نووسینم نەما، وا هەست دەکەم وزەم زۆر لێدەبات، ئێستا دەبێت لە ژوورەکەم بچمە دەرەوە، دەنا دەخنکێم، نامەکە بەکراوەیی دەهێڵمەوە، ئەگەر زیاترم پێنووسرا، ئەوە بۆت دەنووسم.
دیسان هاتمەوە، پێشتر کەمێک باسی ئەو پیاوەم بۆ کردیت کە ژنەکەی خۆی کوشتووە، ئەمن دەڵێم ئەو بەستەزمانە تۆ حەزدەکەی بۆ خۆت وشەیەکی ناشیرینی بۆ دانێ بۆ من کێشە نیە، ئەگەر بەبیرت بێت گوتم شتێکی لێ قەوما، نامەیەکی بۆ هاتبوو دوای ئەوە بەرببۆوە و سەری تەقیبوو، خۆی باسیکرد گوایە نامەیەکی لە خوشکێکی بۆ هاتووە و باسی ئەوەی بۆکردووە کە کەسوکاری هاوسەرەکەت برایەکیان کوشتووە، وێنەکەمان دیت گەنجێکی جوان بوو گوایە خوێندکاری زانکۆ بووە، دەڵێت هەر کە نامەکەم خوێندەوە پێش چاوم تاریک بوو، گوناحە بڕواناکەم ئەو پیاوە زۆر بژی لە بەر برینەکەی سەری ناڵێم ئەو هیچ نیە 6 تەقەڵیان دووریتەوە، بێ شوێن، بێ کەس، ئەمن پێم خۆش نیە خەڵکانێک هەن ژیان و کێشەکەیان هێندە خراپە، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی من، ڕاستی ئەمنیش مرۆڤم ئەوە کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر ژیانم هەیە و دەڵێم ئەمن باشترم کە وادەڵێی هێزت زیاتر دەبێت، کەسی وای لێیە تا ئێستا 8 ساڵە لەژوورێیە و ماوەی بەندیەکەی دیاری نەکراوە، مراد و یونس لەبەرئەوەی بە

لێکدانەوەی خۆیان کاتێ دەچنە دەرەوە لێرە قازانج دەکەن ، فشەیان بە هەموو شتێک دێت، ئەوەش وای کردووە کەشێکی خەمرەوێنیان بۆ خۆیان درووستکردووە. ئەوان دەڵێن کە چووینە دەرەوە دەرگەکانی ژیانمان بۆ دەکەوێتە سەر پشت، بای ئەوەندەمان هەیە حەز و ئاواتەکانی خۆمان بێنینە دی، نازانم ئەو تاقەتەیان لە کوێ بوو، هێندە پێبکەن، وەرزش و نانخواردن خەمی گەورەیانە، گوناحم دەگاتێ ئەگەر ئەو ڕاستیەش نەڵێم سۆزیان زۆر لەسەر من هەیە، لەلایەنی مادیشەوە زۆر یارمەتیم دەدەن، هەرچەندە ئەمن قەت داوام نەکردووە، بەڵام چونکە ئەوان نیازی چاکەکەیان هەیە بۆیە دەزانن پێویستیەکانی من پڕ بکەنەوە، سەیرە لێرەش یەکتریان ناسیە و هەریەکەی خەڵکی کیشوەرێکە، کەچی وادەزانی جمکن، نە بێ یەکتر هەڵدەکەن و نە لەیەکتریش تووڕە دەبن، هەندەک شت زۆر بێ مانایە کەچی ئەوان بە سەعات پێی پێدەکەنن.
شەماڵ، بیرۆکراتیەت لێرە بە چەند ڕستەیەکی کورت حوکم دەکات، ئەوەی تائێستا ئەمن دیتوومە و تێیگەیشتووم ئەو سیستەمە هاوسەرگیریەکی لەنێوان دیکتاتۆر و دیموکراتیەت درووستکردووە و یەک منداڵیشیان هەیە جێگرەوەیانە و دڵیشی ناشکێنن ئەویش بیرۆکراتیەتە، ئەو بەڕێزەش کاتە بێزاریەکانی لێرە بەسەر دەبات و بەشەرە دەروونیەکەی هەرەسمان پێدەهێنێ و لەو دیو شووشەکانەوە سەیرمان دەکات، تێگەیشتن لێرە بۆمن زۆر سەخت بوو تا بەرنامەیەکم دیتەوە بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی ئێرە بدەم، تووشی چەندان کێشە بووم، بە ڕستە ئاسانە، بەڵام بەکردار زۆر ماندووت دەکات، دەبێ نەبیتە برادەری کەس و دوژمنایەتی کەسیش نەکەیت، باشترە بزانن لەسەر چی گیراویت، بەڵام پلانی داهاتووت نەزانن، نەکەویتە گەمەی زۆرینە و کەمینەوە،

هاهاهاهاها.. باشە بۆ چی باسی ئێرە بۆ تۆ دەکەم؟! وەک بڵێیت وابزانم کە تۆش دێیتە ئێرە، تکایە ببوورە.

لەگەڵ ئەوەش جیهانێکی مەترسیداری پیاوی تێدایە. ڕۆژانە ئەو چیرۆک و داستانانەت گوێ لێدەبێ کە پڕاوپڕن لە ڕق بەرامبەر بە ئافرەت، من زۆر خەمیان لێدەخۆم، لە لایەکیتر وا هەستدەکەم سەنگەرگرتنی فیمەنیستەکانیش بێ تام بووە لە ستاندەوەی مافی پیاو و بەژنکردنی کۆمەڵگە، مەبەستم ئەوەیە دەیانەوێ کۆمەڵگەی یەک ڕەگەزی دروست بکەن بەبێ گوێ دانە هەست و نەستی پیاو، ئەو ڕۆژە لەدیار تەلەفزیۆن دانیشتبووین، فیمەنیستێک ئەوها قسەی دەکرد و داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە تائێستا لە پێشکەوتووترین وڵاتی ئەوروپادا نایەکسانی کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکرێ، نموونەشی بۆ قسەکانی نایەکسانی موچە بوو لە نێوان پیاو و ژندا، یەکێک لە بەندیەکان کە لەوێ دانیشتبوو کە ئێستا کاتی ئەوە نیە بڵێم لەسەر چی گیراوە بۆ ئەوەی لەبابەتەکەم دوور نەکەومەوە، باسی خۆی کرد:

((ئەمن ئەو کاتەی کە لەگەڵ ژنەکەم لێک جودابووینەوە، باری دەروونی ئەو زۆر خراپ بوو، کە لەگەڵی ڕادەوەستایت بۆنی مەی لێدەهات، بەماوەیەکی کورت چەندان پیاوی گۆڕی، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستم بە خراپی باری دەروونیی منداڵەکانم دەکرد و بێ بەرگیان پێوە دیاربوو، کە لەدادگە داوام کرد با منداڵەکان لای من بژین ، ئەمن ئامادەم بەخێویان بکەم کەی دایکیان دەیەوێ بیانبینێ با بێ، دادگە ڕازی نەبوو، گوتیان دەبێ لای دایکیان بن و چۆنیەتی دیتنەکەشیان بۆ هاوێشتمە ناو بەرنامەوە)).

شەماڵ! ئەمن ئەگەرچی حەزم لەو پیاوە نیە، بەڵام ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە حەزەوە نیە، یا بێیت و بڵێیت دادگە دووربین بووە، ئەوە نیە باوکێکی خراپ دەرچوو ئێستا لە بەندیخانەیە. ئەمن لەو ڕوانگەوە سەیری کێشەکە ناکەم، با سەرەتا ئەووت پێبڵێم لەووتەی خۆم لەبەندیخانەم، باوەڕم بە قسەی ئەو دکتۆرە هێناوە کە سەرەتا پێیگوتم: لە لایەنی دەروونییەوە ئەوە قبول بکە کە تۆ لێرەی و ئەوەش لەمن وەرگرە، دەکرێ هەموو کەسێک بێتە ئێرە، جا هەڵخەلەتاو بێ یا هەڵخەلەتێنەر، تاوانبار بێ یا بێتاوان، دەبێ ئەوە بزانیت کە ئێستا تۆ لێرەیت.

هاوڕاییەکەم لەگەڵ ئەو پیاوە ئەوەیە، کە منداڵ لەکاتی جودابوونەوەی دایک و باوک، دەبێ بدرێتە ئەو کەسەی کە توانای بەخێوکردنی منداڵەکەی هەیە، (مەبەستم لایەنی مادی نیە) یاسا لەسەر حالەتەکە دابنرێ، نەک یاسایەکی گشتی هەبێ، کە پێتەری هیچ و پوچ لە منداڵەکەمانی دا، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە سوسانیش دایکێکی باش نەبوو، دەنا چۆن لەگەڵ پیاوێکی ئەوها دادەنیشێ، خۆ من پێشتر لە ڕێی دادگەوە کێشەی بە خێوکردنی منداڵەکەم چارەسەر نەکردبوو، هەرچەندە پێمخۆش بوو ئالان لەگەڵ من بێ، بەڵام ڕێزم لە دایکایەتی سوسان گرت و ئاسوودەیی منداڵەکەشم ڕەچاو کرد. باشە کە سوسان زانی پێتەر ئەو پیاوەیە، ئایا باشتر نەبوو بەخێوکردنی ئالانی خستبایەوە ئەستۆی من؟ ئایا ئەمن تووشی ئەو هەموو کێشەیە دەبووم؟ دەبێت پێوەری یاسا مرۆڤ بوون بێت نەک نێر و مێ.

دووبارە سڵاو و خۆشەویستیم بۆ تۆ و ئازیزان

ئامانج

ئەو نـامەیە و دوا نـامەی ئامـانج نـزیکەی دوو سـاڵ نێوانیـان هەیە، قسـەم زۆر هەیە لەسـەر نـامەی یەکەم، چـونکە بە دواداچـوونێکی زۆرم بـۆ کـرد، لەرووی یاسایی و کۆمەڵایەتیەوە، کاک سابیر پـارێزەرە و دەرچووی پۆلۆنیـایە، پیـاوێکی ڕاستگۆیە، ئەو گـوتی دووجـار دلێـرم دیتـووە، بەڵام نـاتوانم بلێم دەیناسـم، ئەو لەوێ هەولێکی زۆریداوە شەهادەکەی وەرگێڕێ و ئەو خـاڵانەی کە پێویستن پـڕی بکاتەوە، بە خۆی دەڵـێ مەرجەکانیـان مانـدوویان کـردم، بۆیە چەنـد کـارێکیتری کـردووە دوور لە پـارێزەریەکەی، بەڵام بـاش بـوو برادەرانـی باوەڕیـان پێهنـاو نەیانهێشت ئەو توانـایە باشە ون بـێ، یونسیشم دیـت کە لەنـزیکەوە ئاگـاداری بارودۆخی ئامانج بـوو، بەکورتیەکەی لە قسەکانی ئەوان گەیشـتمە ئەو ئەنجـامە کە تێگەیشتن لە سیستەمی کۆمەڵگەیەکیتر سەخت و ئاڵۆزە، هەرچەنـدە ئەمن لە گەشـتی کتێـب دریغـیم نەکـردوە کە لەبـارەی بەنـدیەکەی ئامـانجەوە هەنـدەک پرسیارم لە یونس کرد، کاک سابیریش لەوێ بوو، یونس وای وەلامدایەوە:

یاسا بۆ گشت وەک یەکە، بەڵام هەموو کەس بە هەمان سزا نـاگیرێ، بەوهـۆیەوە هەر کەسـە و بە گـوێرەی تـاوان و وردەکـاریی تـاوانەکەی سزا دەدرێ، بـۆیە تـۆ ناتوانیت بلێیت بۆ فلان کەس و فلانە کەس هەمان کاریان کرد کەچی سزاکانیان جودایە، وردەکاری زۆرە، قسەی خۆت و پارێزەر و هەتا دوایی، دیاربوو لە بارەی تـاوان وسزاوە لەگەڵ کـاک سـابیر بـووە وتوێژیـان ، ئەگەر دادوەرێکی ڕاست بم، دەڵـێم قسـە و بەڵگەکـانی یـونس زیـاتر سـەرنجی مرۆڤیـان ڕادەکێشـا لەوەی کـاک

سابیر، بە زمانە جادەییەکەی خۆمان یونس دیاربوو تێیدا کولأبوو ، بە شەرمەوە ئەو پرسیارەم کرد:

+ ئامانج زۆر باسی سۆسیال دەکات، هەرچەندە کاک سابیر بۆی روون کردوومەتەوە، بەلأم هەر حەزم دەکرد زانیاریم زیاتر بێت.

-سۆسیال، مەبەستی دلێر ئەو شوێنە نیە کە پارە بە بێ کار و پەککەوتەکان دەدەن ، بەڵکو مەبەستی ئەو شوێنەیە کە واتاکەی خزمەتگوزاریی کۆمەلأیەتیە، کار و شوێنی دانیشتنیان جودایە.

+ئایا هیوایەک هەیە ئەو منداڵە وەرگرینەوە؟

-ئێمە نا، دلێر سزاکەی زۆر ماوە، بەلأم سەرکەوت گوتی سوسان وازی لە پیاوەکەی هیناوە و ئێستا کار دەکات، لەوانەیە بتوانێ وەریبگرێتەوە، ئەگەر پارێزەرێکی باشی هەبێ.

ئەمنیش ئەوەم دەزانی، هاوینێ سەرکەوت بەبۆنەی کۆچکردنی بابم هاتە لام وگوتی: سوسان هەوڵێکی زۆر دەدات و ئێستا تەندرووستی زۆر باشە و دایک و خوشکەکی لە لای دەژین، لە هەوڵی ئەوەدایە ئالان وەرگرێتەوە..

بەس چی کردوە؟ گەیشتۆتە کوێ؟ نەیاندەزانی.

دانیشتن لەگەڵ یونس تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو، خۆزگە ئەو هەڵەیەم نەدەکرد، کاک سابیرم بانگ نەدەکرد، جگە لە پرسیار و روونکردنەوەی یاسا کە زۆر بێزارکەر بوو، لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو هەستم دەکرد وەک بڵێیت دەیەوێ یونس بە درۆزن دەربێنێ، ئاخر قسەکانی کاک سابیر زۆر سەیر بوون، منیان لە بابەتە گرنگەکە دوور دەخستەوە، دیارە یونس لێی بە ئاگابوو، بۆیە گوتی: ببوورە ئەمن بۆ ئەوە نەهاتووم باسی یاسا بکەم، من خەمی هاوڕێیەک

گەیانـدوومیە ئێـرە، ئێسـتاش دەبـێ بـڕۆم، خەڵکـم لەگەڵـدایە لە نـاو بـازار چاوڕوانم دەکەن.

❊❊❊❊

یـونس نـامەکەی بەجێهێشـت و ڕۆیشـت، باشـبوو ئێـوارە لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەکەی ئاواتەوە قسەی لەگەڵم کرد وبەڵێنی پێدام دوای دوو هەفتەیتر کە گەڕاوە یەکتر ببینـین، بە مەرجێـک ئەگەر نـامەم بـۆ ئامـانج هەبـێ،(لەنـاوی دڵێـر و ئامـانج هەڵەی دەکـرد)، داوای لێبـووردنم لێکـرد لەجیـاتی کـاک سـابیر و هیـوام خواست دڵگران نەبووبێ، وەڵامەکی خۆشی دامەوە:

لە شێوەی کـاک سـابیر زۆرن، ئەوانە لەبەر ئەوەی هاتنیـان بـۆ ئەورووپـا تووشـی تێکشـکانی کـردن، بـۆیە بە دوای تۆڵەسـەندنەوەن، هەر بـۆیەش دانیشـتنەکەی ئـێمەی تێکـدا، نەوێـرام بڵـێم یـونس ڕاست دەکەیت، چـونکە کـاک سـابیر گـوتی: ئەوروپـا حەزی لە کەسـانی ئەوهـایە دەرمـانفرۆش و دز و بەڕاسـتی لەگەڵیـان نەجوولێیتەوە، مـافی پەنـابەرییش نـادات بە ئێمە کە ڕاستگۆ بـووین. بە یونسم گوت بەداخەوە ماوەکە کورت بوو، دەنا کاک سابیر مرۆڤەکی زۆر چاکە و کارەکەی خۆی خۆش دەوێ، بۆیە زیاتر حەزی لێبوو قسەت لەگەڵ بکات.

بـا لە نامەکـان دوور نەکەویـنەوە، کە کـردمەوە دوو نـامە بـوون دیـار بـوو بە سادەیی لێکی جوداکردبوونەوە.

سڵاو شەماڵ!

ئەمن لە سەرەخۆشیکردن زۆر خراپم، دەزانم خەڵکی ئێمە بەگشتی لەو حالەتانە دەچێتەوە قاوغە عەشائیریەکەی و کۆمەڵێک قسە دەکات کە بەخۆشی باوەڕی پێی نیە، ئەمن هەر وەک خۆمم و فاتیحەش نازانم، مردنیشم بە پرۆسەیەکی ئاسایی وەرگرتووە و بەتایبەتی لەکاتێکدا بە ڕێرەوە سرووشتیەکەی خۆیدا دەڕوات، واتە لەدایک بوون و گەشەکردن و لەناوچوون، تۆ دەبێت دڵت بەوە خۆش بێت کە باوکت پیاوەکی باش بوو، لەوەش دەگەم ئێستا ژیان بۆ دایکت زۆر سەختر دەبێ کە نزیکترین هاوڕێ ژیانی خۆی لەدەستداوە، بەڵام....

شەماڵ گیان! کە لەژیانە ئاساییەکەم بووم، دراوسێیەکمان وابزانم 76 ساڵ بوو، کە سڵاومان لێدەکرد و دەمانگوت چۆنیت؟ دەیگوت: لەگۆڕ نزیکتر دەبمەوە. هەرچەندە زۆرمان پێدەگوت کە وا بیر نەکاتەوە، کەچی کە جاری دوایی تووشی دەبوویت هەمان وەڵامی دەداوە، بەس شتێکی هەبوو بۆمن زۆر سەرنجڕاکێش بوو ئەویش خاوێنیەکەی بوو، ڕۆژێک سوسان وەک دڵدانەوەیەک پێیگوت: خاوێنیەکەت نیشانەی ئەوەیە کە تەندروستیت باشە. گوتی: نەخێر ئەوە پەیوەندی بەتەندروستیمەوە نیە، ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەگەر لەناکاو مردم، بۆنەکەم ئەو خەڵکە ئازار نەدات کە لاشەکەم دەگوازنەوە. چەند جوانە ئەو مرۆڤە دوای مردنیشی بیر لەوانیتر دەکاتەوە.

ئەمن لای خۆم باوەڕێکم لا دروست بووە، کە کۆمەڵگەی ئێمە لە قۆناغێکی ژەنگگرتوودا چەقیوە، باوک، دایک. باپیر و داپیر، پێشەنگیی ئەو زەمەنە دەکەن، بەهەر شێوەیەک بێ دەیانەوێ نەریتەکانیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، بەبەردەوامی لە پلانداناندن، دەستیان لەهەموو ئەو خاڵانەدا هەیە کە تاک وکۆمەڵ بەرەو پێش دەبەن، ڕاستە دەسەڵاتی سەرکوتکەر پێویستی بەو هێزە هەیە

و هێزیشی دەداتێ، دیوەخانیشی بۆ دروست دەکات و حەز دەکات هەموو کات زیندوو بێ، لەبەر ئەوەی داواکاریی نوێیان نیە، ئەوان دەیانەوێ کۆمەڵگە لەسەر ریتمە کۆنەکە بژی، شەماڵ گیان! دەزانم حەزت لەو قسانە نیە، یاخود لەوانەیە کاتەکەی گونجاو نەبێ، چاوت ماچ دەکەم و هیوادارم خەم و پەژارە ئازارت نەدەن.

ئەمن پێم سەیرە کە ئامانج وا بیر دەکاتەوە، لەوەش دەگەم کە ئایدلۆژیا بابەتە روحیەکان دەکوژێ، چۆن ئەو لەوە ڕاست دەکات کە دەبێ ئێمە قبولی مردن بکەین، ئەوەندەش دەکەوێتەوە هەڵەوە کە بۆ خۆی قبولی دواکەوتن ناکات، هۆیەکەش ئەوەیە لێکۆڵینەوەکانمان سیاسین نەک کۆمەڵایەتی، بەکورتیەکەی کە سیاسی بێ دەڵێن ئێمە دواکەوتوو نین بەڵکو داگیرکەر وای لێکردووین، بەڵام لەڕوانگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە هەڵە و کەماسیەکان دیاری دەکەیت و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێیت، قسەیەکیش دەکەم دەکرێ بۆ شوێنی من کەمێک قورس بێ، ئەوەی من تێبینیم کردووە بەشێک لە سیاسیەکان قینی کۆنیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە لەدڵدایە و دەیانەوێ تۆڵەیان لێبکەنەوە، بەو واتایەی کە ئەوان خەباتیان کردووە خەڵکەکە سەیرکەر بووە، ئەمن هەموو ئەو قسە و هەڕەشانەی ڕۆژانە دەکرێ لەسەر دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بەهیچ دەزانم لە ئاستی قسەی ئەو کۆمەڵناسە بێگانەیەی کە گوتی ئەگەر کورد دەیەوێ ببێ بە دەوڵەت دەبێ نەخوێندەواری لەناو ببات، بۆیە ئەمنیش هەموو هێزی خۆم خستۆتەگەڕ و لەڕووی پەروەردەوە، ئەگەر مێژوو غەدرم لێنەکات ئەوە جێپەنجەم لەو بوارە دیارە، بەڵام کە نامەم نووسی هەوڵدەدەم بەدوور و درێژی ئەو بابەتەی لەگەڵ

باس بکەم، ئەمن رقم لە وتوێژی نامە و تەلەفۆنە، بۆ خۆم حەز لە قسەکردنی ڕوو بەڕوو دەکەم، ئێوەش هۆیەکەی دەزانن، لەڕووی دەروونیەوە سەلمێندراوە، هاوڕێیەکم هەیە دەڵێ جیاوازیەکەی وەک چێژی دەقیکی شانۆیی وایە لەنێوان خوێندنەوە و بینیندا، ببوورن کاتم بردن، باسەیری نامەی دووەمی بکەین.

سڵاو شەماڵ گیان!

برا ئەمن لێرە بە کەمی گوێم  لە دەنگی ئازیزانم دەبێ، بۆیە زیاتر لە بازنەی خۆمدا دەخولێمەوە. ئەو ڕۆمانەی کافکا(پرۆسێس) ڕێک ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێ کە هەموو تاکێک لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە دەسەلات دیاری کردووە، بەڵام لێرە دەسەلات، بە یاسا، بازنەکەی تەسکتر کردۆتەوە و قاچ و زارتی کۆت کردووە،  قاچت... بۆیە هیچ هیوایەکم بە دەرچوون نەماوە، چونکە واهەستدەکەم هەندەک شت ئەوە ناهێنێ ئاگادارت بکەنەوە، برا لەو کۆمەڵگەیە  پێشکەوتوودا دەژیم، تەکنەلۆژیا دەتخەوێنێ و بەئاگاشت دەهێنێ، کەچی پەیوەندی ئێمە بە جیهانی دەرەوە لەشێوە سەرەتاییەکانە، نامە من بە جیهانی دەرەوە دەبەستێتەوە.
بێ باوەڕیم لە دین و ئایدلۆژیا تەنیاترم دەکات، دەربارەی دین باوەڕم نەگۆڕە کە تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتووە مرۆڤ پێویستی بەوە نیە باوەڕ بە دروستکەرێک بکات، بەس وەک مەسەلەیەکی روحی و کەسایەتی ڕێزی لێدەگرم و لەوە پەشیمانم ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەوڵم دابێت بە زۆر ئەو باوەڕە لە کەسێکیتر بستێنمەوە و لە دڵەوە داوای لێبوردنیان لێدەکەم، چونکە چۆن دەمەوێ دینداری تایبەت بە ژیانی تاکەکانەوە بێ، ئەوهاش بۆ بێباوەڕەکان بم،  ئێمە لەبەر ئەوەی دژی دینین، وا دەزانین تەنها دین تووشی قەیران بووە، کەچی

وانیە، ئایدلۆژیاش تووشی قەیران بووە، بەڵام بە شێوەیەکی جودا، یەکێک بە پشت بەستانی بە تیئوری (دنیا بەرەو خراپتر دەچێ) وادەزانێ تەنهابە تێکدان کە ناوی ناوە ئاخیر زەمان کێشەکە چارە دەکرێ، (دەزانی ئێمەش لەو قوتابخانەیە ڕزگارمان نەبووە و لەژێر کاریگەری دین بیر دەکەینەوە کەدنیا بەرە و خراپ بوون دەچێ) خەریک بوو لێم تێک بچێ باسی چیم دەکرد هاهاهاها، ئەمن گەیشتیمە ئەو بڕوایە دەبێ بیروڕا لەناو کۆمەڵگە لە دایک بێ و گەشەبکات، واتە خۆی پێویستی بە چی هەیە.

وێنە، موسیک، وەرزش لە ژیانی تایبەتیمان نامۆیە و کە لێماندەپرسن ئارەزووت چیە؟ لاڵ دەبین، ئێمە تائێستاش وادەزانین کۆمەڵگە تەنها بە سیاسەت دەگۆڕێ.

تۆ سەیری ئەدەبی خۆمانت کردووە! ژینگەی تێدا مردووە، دەکرێ بڵێیت هەمان کەشی کتێبە ئاینیەکانە، ئەمن درەنگ ئەوەم زانی کە مارکسیەتیش بەو بابەتە گرنگە ڕانەگەیشت، هەر بۆیە ئێمەش لە پێشمەرگایەتی لەتێکدانی سرووشت دریغیمان نەدەکرد ، چونکە لایەنە دینی و فیکریەکە ئەو کولتورەی بۆ دروست نەکردبووین، تا بزانین نازی سرووشت بکێشین، کەچی لە وڵاتی چین دا بودیستەکان بەرامبەر بە سروشت لەماویستەکان جوانترن، دەزانیت ئێمەش بەدەردی دیندارەکان چووبووین؟! واماندەزانی وەڵامی هەموو شتێک لە مارکسیەتدا هەیە، بۆیە توانای گەڕانمان نەبوو، وەک چۆن ئیسلامیەکان دەڵێن وەڵامی هەموو شتێک لە قورئاندا هەیە.

شەماڵ گیان! ماوەیەک بەر لە ئێستا لەگەل بەندێک قسەم دەکرد، کە دوای چەندان ساڵ هێشتا ماوەی زیندانیەکەی دیاری نەکراوە، بۆخۆشی نازانێ کەی

مـاوەکەی دیاریـدەکریّ، کەچـی ئەو مـرۆڤە لە نـاو بەنـدیخانەدا بـۆ پـاریّزەری دەخویّنیّ، کە لیّمپرسی چی وای لیّکردیت بیر لەو کارە بکەیتەوە ؟

+هیوا

-بەڵام لە بەر ئەوەی تـۆ تاوانبـاری، ئەگەر دەریـش بچیـت نـاتوانی ئەو کـارە بکەیت؟

+هیـوا لە دەسـتبدەم دەمـرم، ئەمـن کـاریّکی مەحـال دەکەم، بـۆ ئەوەی دەرگەی چـاوەڕوان نەکـراو لە خـۆم بـکەمەوە، بەڵام وەک دەڵـیّن هەر کاریّـک بـکەم زانیاریەکەم پیّیە.

ئەو مرۆڤە ژیانی گۆڕیم و بە گژ ئەو ڕوانینەمدا چوومەوە کە ئەمن دڵی خۆم بەوە دەداوە، بـاری من باشترە لە خەڵکانەکیتر، گـوتی ئەو قسـەیە وا دەکـات ئیّمە ترسنۆک بین، هەوڵبدە تواناکانی خۆت تاقیبکەوە و بیـر لە خەلکانیتر مەکەوە، دەنـا دەبیت بە کـۆیلە. بـۆیە وەک هەواڵیّکـی خـۆش ئیسـتا دەسـتم بە خویّنـدنی کۆمەڵـناسی کردووە و ئەگەر لیّرەش تەواوی نەکەم ئەوا لە دەرەوە تەواوی دەکەم. لەگەڵ بەندیّک وتویّژمان دەکرد باسی ئەفلاتـونی برادەرتـی کـرد، بەبیـرت دیّت؟! کـاتی خـۆی چەنـد وتەیەکـی ئەوت لە بەر بـوو زوو زوو دەتگـوتەوە، هاهاهاها، ئەوە هەر بۆخۆشـی بـوو، لە کتیّبـی کۆمـار گـوایە سـوکرات دەڵـیّ: بـۆ ئەوەی شارەکەمان بپاریّزین، دەبیّ پاسەوانی ئەوها دروست بکەیـن بـۆ دوژمن دڕبیّ و بـۆ خەڵـکەکەی خۆشـمان بەوەفـا. گـوتم: ببـورە ئەو پەروەردەیە دەشـیّ بـۆ ئـاژەڵ سـەرکەوتووبیّ، لەئـاژەلیش سـەگ سـەرکەوتووترین نمـوونەیە، بەڵام بـۆ مـرۆڤ ناشیّ.

شـــەماڵ گیـــان! ئێمەشـــیان لەپێشـــمەرگایەتی ئەوهـــا پەروەردە دەکـــرد کە خۆشەویسـتیمان بـۆ کەسـوکار و ئـازیزان نەبـێ و لەسـەر تەرمـی هاوڕێکانمـان بازبدەین، لە جیاتی ئەوە خۆشەویستیەکەمان بدەین بە حزب و بە چاوی حزبیش خاکمان خۆشبوێ، دەرئەنجامەکەش دەبینی و بزانم چۆن چاکسازیم بۆ دەکەیت؟ پرسیارە ترسناکەکە ئەوەیە، شۆڕشگێڕ هەیە لە دنیا ببێ بە دەسەڵاتدار و ئەوە قبـوڵ بکـات پێـی بڵێـی دەمەوێ چاکسـازی دەرونیـت بـۆ بـکەم؟! لە کاتێکـدا لێکۆڵینەوەکـانی دنیـا ئەوەیـان یەکلاکـردۆتەوە ئەو مرۆڤـانەی لە جەنـگ بـوون، ئازاری دەروونییان بەرکەوتووە.

لەگەڵ مامۆسـتاکەم گفتوگـۆیەکی خۆشـمان بـوو، خـۆزگە لەوێ دەبوویـت، هاهاهاها... ببوورە، مەبەستم بەندیخانە نیە، بەڵکو پۆلەکەمان با چاکتر بڵێم گفتوگۆکە.

-ئایا دروشمی خەباتی چینایەتی دروشمێکی مرۆڤایەتیە؟

+نەخێـر، ئەوە تێڕوانینێکـی هەڵەیە، لە کـۆمەڵگەیەک کە چەوسـانەوە هەبـوو کەواتە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و نەبـوونی ئـارامیەک هەیە بۆ گشت، ئەو دەسەڵاتەی کە دیەوێ ئەو بارودۆخە ڕاگرێ دەبێتە دیکتـاتۆر، لەوحـالەتەدا کێشەکە دەبێتە گشتی نەک چینایەتی، مارکسیەت هات هەژارەکانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان پێوەرگرێ.

-ئەمن هاوڕانیم، چونکە ململانێی چینایەتی لە ناو هەموو کۆمەڵگەکاندا بە زەقی بوونی هەیە.

+بەڵام تۆ سوود لە دابەشکردنی کۆمەڵگە وەرناگریت، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتدارە سوود لەو دابەشکردنە وەردەگرێ، دەکرێ تێکۆشان لەسەر ئەو بناغەیە بنیات بنرێ کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێ.
سەرەتا حەزم لێنەدەکرد وامدەزانی دژی مارکسیەتە، بەڵام دوایی زیاتر شارەزایی بووم، کە بۆ ئەو زانست گرنگە نەک کەسەکە، جارێک باسی مارکسی کرد و گوتی:
-مارکس گەر وەک کۆمەڵناسێک بیخوێنیەوە، مرۆڤێکی زۆر سەرنجڕاکێشە.
پرسیارێکم هەبوو لەمێژبوو بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕام، بۆچی ئەدەبیاتی چەپەکانیش زمانی زبری تێدایە، ئایا سەرچاوەکەی بۆ مارکس و لینین دەگەڕێتەوە؟
+بە داخەوە کە ئەوە هەڵەیەکی گەورەی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ سیاسیانە کۆمەڵگا بگۆڕن، چونکە ئەوەت لەبیر نەچێ، زمانی شۆڕشگێر زیاتر زبرە لەوەی شیکردنەوەی زانستی بێ، کاتێ مارکس و ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە، دەخوێنیتەوە، ئاگاداری ئەو خاڵە بە.
ئەو قسەیەم پەیوەندی بە مامۆستاکەمەوە نیە، بەڵام ئەمن ناتوانم وەک مرۆڤێکی سیاسی بیربکەمەوە، چونکە دەوروبەرێکی سیاسیم نیە بەڵکو زیاتر کۆمەڵایەتیە، بەس هەندەک جار هەست دەکەم لە ئازارەکان نزیکتر دەبمەوە، ئەو ئەقلیەتە ئازارم دەدات کە هاوڵاتیەک ڕێژەی هاوڵاتیبوونی خۆی پێزیاتربێ لە یەکێکیتر! یا خود دڵت بەوە خۆش بێ کەهاوڵاتیەکیتر بکوژرێ یا بڕژێتەوە، بەس لەبەر ئەوەی هەمان بیر و ڕای تۆی نیە، لە پێناسەی کۆمەڵگەی مودێرندا ڕێزگرتنت لە ئەرک و مافی خۆت بە هاووڵاتیبوونت دیاری دەکات، ئەمن وای بۆ دەچم کە پێویستە خۆمان فێری کولتوری یەکتر قبوڵکردن بکەین و نەبین بەو پەندە

عەرەبیە کە دەڵێ: باڵندەکان لەسەر شێوەی خۆیان دەنیشنەوە، ئێمەش واین هیچ گروپ و ڕێکخراو و دینێکی ئەویتر قبوڵ ناکات.

شەماڵ گیان! ئەمن کەم ئاگاداری کوردستانم، چونکە بۆمان نیە ئەنتەرنێت بەکاربهێنین و کەناڵە کوردیەکانیشمان نیە، مۆبایلیش قەدەغەیە، هەرچەندە پێشتر لە بابەتی ڕۆژنامە و سایتەکان و تەلەفیزۆن بێزار بووم، بەڵام کە واقیعەکەت قبوڵ کرد، هەنگاوەکانیش ڕێچکەیەکیتر بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، وەک ئەو برادەرەم کە نەخۆش کەوت جغارەی تەرک کرد گوتی: ئەگەر نەخۆشیەکە نەبووایە قەت جغارەم پێ تەرک نەدەکرا، ئەمنیش ئەوهامە وا هەستدەکەم ئەگەر ئێرە نەبووایە قەت هێندە کاتم بۆ خوێندنەوە نەدەبوو، لە بیرم چوو، دوا هەواڵی خۆمت بۆ باس بکەم، دەی ئێمە هەر واین، بەر لە دەست پێکردنی هەواڵەکە پێشەکیەک باس دەکەین.

چەند ساڵێکە گرنگیەکی زۆر بە بابەتی کشتوکاڵ دەدەم، کێ هۆکار بوو ؟ بۆت باس ناکەم، چیرۆکەکەی درێژە. چەندان کتێبم لەسەر خوێندەوە، مامۆستاکەشم زۆر هانم دەدات، ئەو دەڵێ خۆ ساغکردنەوە لەسەر بابەتێک باشترە لەو پەرت و بڵاویەی کە تۆ تێیکەوتوویت، کتێبێکی بۆ هێناوم باسی ئەزموونی چەند وڵاتێک دەکات کە قۆناغی گواستنەوەیان چۆن بووە لە کشوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی، باس لەوە دەکات ئەو گواستنەوە خێرایە سوودی بۆ ڕاگرتنی جەنگ هەبووە، بەڵام لە داهاتوودا زیانێکی زۆری دەبێ، گرنگە کۆمەڵگە بە پێویستیەکانی خۆی پێشبکەوێ، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین پیشەسازی گرنگترە لە کشتوکاڵ، چونکە پەرەپێدانی کشتوکاڵ واتە پاراستنی ژینگەیەکی خاوێن و بەرهەمێکی پڕ

سوود و کەسکایەکی جوان و چەندان خاڵی ئەرێنیتر لە هەمووشیان گرنگتر نە پچڕانی پەیوەندی مرۆڤە بە خاکەکەیەوە.
دەوڵەت دەبێ ڕێز لەو کارانە بگرێ کە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی دەیانکات.
بەهەرحال ئەو کتێبەم لەبەردەستە بۆ وەرگێڕان و ڤیچۆکەکم ماوە، لەدەرفەتێکی نزیک بۆت دەنێرم و خەمی چاوپێداخشاندن و چاپ کردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی تۆ.
کاتی ڕۆیشتنی یەکجارەکی یونس نزیک بۆتەوە، هەوڵبدە کە هاتە لات پەیوەندیت پێیەوە هەبێ، ئەگەر حەزتکرد هەواڵم بزانیت، چونکە ئەو دەمدۆزێتەوە.

ماچ و خۆشەویستیم بۆ گشت

ئامانج

* * * *

حەزناکەم قسە لەسەر بیروڕاکانی ئامانج بکەم، چونکە لە پێوەری بەڵێ و نەخێر چوونەتەدەرێ، وەک دەڵێن ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ، بەڵام دوا هەواڵی زۆر دڵخۆشی کردم.
ئەمن کە ئێستا دانیشتووم دوا پەرەگراف دەنووسمەوە، خۆم دادگایی دەکەم بەر لە هەموو خەڵکێکیتر، نێوانیەکم بۆ بۆچوونێک لە ژیان دانا کە پێویستی نەدەکرد یا چاکتر بڵێم نێوانیان نەبوو، ئەگەر باشتریش بیڵێم ئەوە نەمتوانی بیانکەمە یەک ڕستە. ئەویش ئەمن بڕوام وابوو بۆئەوەی سەرکەوتووبیت لە ژیاندا، تەنها بە هەوڵ و تێکۆشان سەردەکەویت، وام دەزانی ڕستەکەیتر وەهمێکی کۆمەڵایەتیە کە

دەڵێ ژیان هەلە ئەگەر نەیقۆزیتەوە سەرکەوتوو نابیت، تازە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە دەبا ئەوها بیرم بکردبایەوە، ڕاستە ژیان هەوڵ وتێکۆشانە، بەلام قۆستنەوەی فرستەکان ڕێژەی سەرکەوتنەکەت دیاری دەکەن، ئەگەر وام بیر بکردبایەوە قەت هێندە ویژدانم ئازاری نەدەدام، ئەمن نامەوێ بچمە سەر باسی خۆم، هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە لای ئامانج، کە گەشتی یەکەمم بۆ ئەوروپا کرد، لەچەند برادەرێکم پرسی گوتم ئەمن برادەرێکی منداڵیم کێشەیەکی کۆمەلایەتی تووشبووە و هەر کەباسی کێشەکەم کرد گوتیان هەر باسیشی مەکە گوتم بۆ؟ گوتیان: ئەو کەسانە حەیای ئێمەشیان بردوە و تکات لێدەکەین لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی ناسروایت زیانت پێدەگەینێ. بۆشم ڕوونکردنەوە کە برادەکەم تاوانباریش بێ لەسەر تاوانێک گیراوە کە تووش بووە، زۆربەی ئەو نموونانەی کە ئێوە دەیهێننەوە خەڵکانێکن پیشەیان دزی و تاوانە، هاوڕێکەی من مرۆڤێکی جوانە، بەزیرەکی خۆیان هەلەکەیان لەبار بردم، جاری دووەم هێندە ئەو شار و ئەو شاریان پێکردم، بەهیچ ڕانەگەیشتم، جاری سێیەم دایکمم لەگەڵدابوو لەبەر دکتۆر و نەخۆشخانە بە هیچ ڕانەگەیشتم، کە چی ئێستا دانیشتووم و ویژدانی خۆم ئازار دەدەم، چونکە گومان لە قسەکانی خۆم دەکەم، دەکرا شتێک بکەم. ئەوە نزیکەی دووساڵە لە دوای نامەی دووەم کە چاوم بەو کوڕە کەوت کە یونسی ناو بوو

- بۆ شتێک بۆ دلێر ناکەیت؟

+ چی بۆ بکەم، کەنەمکردووە؟

- برا تۆ ئەگەر بێت و لە هەواڵی بپرسیت، مانای وانیە تۆ کارێکت بۆ ئەو کردووە، بەڵکو دەچێتە ئاسوودەکردنی ویژدانەوە.

+ تۆ چۆن دەتوانیت گومان لە خۆشەویستیی من بۆ ئامانج بکەیت ؟
- خەڵکانی وەک تۆ بیرەوەری ئازاریان دەدات.
+ئاشکراتر..
- ئێوەمانان کە سەیری ڕابردووی خۆتان دەکەن، بۆشاییەک دەبینن و دەتانەوێ پڕیبکەنەوە.
+ با سنوورێک هەبێ.
تا دەهات قسەکانمان بەرە و ناخۆشی دەچوون، دوایی تێگەیشتم کە یونس هەر بۆ ئەوە هاتبوو شەڕبکات، نەک هەواڵی ئامانج بەمن بگەیەنێ .
- باشە کە دەزانیت ئەو دلێرەی کە بەندە هەمان ئەو ئامانجەیە کە تۆ دەیناسی بۆ خانەنشینیەکی بۆ وەرناگریت.
+ گومانم هەبووایە کە ئامانج و دلێر یەک کەسایەتی نین، ئەوە دڵنیابە لەگەڵ تۆ دانەدەنیشتم، بەڵام کە خۆی داوای خانەنشینی نەکات چۆن دەتوانم بۆی بکەم.
- هەر حەزتان لەوەیە خەڵک لێتان بپاڕێتەوە، دەنا ئەو کارە بە پاسەوانەکەت دەکرێ، بەڵام کێشەی ئێوە ئەوەیە کە چێژ لە چاوشکانی خەڵک وەردەگرن.
ڕاستیەکەی هەستم نەدەکرد وتوێژ دەکەین، بەڵکو دزێک هاتووە یەخەم ڕادەکێشێ و داوای شتێکم لێدەکات کە ئەو مافی قسەکردنیشی تێدا نیە، بەڵام چی بکەم ئەو تاکە پەیوەندیمە کەبە ئامانجم دەبەستێتەوە! ئەویش نەرم و نیانیەکەی من دەقۆزێتەوە...
+ئەمن کارێک ناکەم بزانم بۆنی گەندەڵی لێبێ و ناوم لەکەداربکات.
- ئەو قسەیشمان قبوڵە، باشە دلێر پێشمەرگە نەبووە؟ ئایا دایک و باوک و براکەی زیندانی سیاسی نین؟

+دوایی بە دواداچوونی بۆ دەکەم تکایە، با بێینەوە سەر ئامانج.

ئەمن نەمویست لەگەڵ ئەو بچمە ناو ئەو وردەکاریانەوە، دەنا دەتوانن بشپرسن براکەی ئامانج خانەنشینی وەرگرتووە، بۆ خۆشی گوتی: وا خەریکم بۆ دایک و باوکم وەرگرم.
-با قسەکەم تەواو بکەم، ئایا تۆ و برادەرەکانت زۆربەتان هەر بەو قسانەی کە ڕۆژانە دەیکەن، بەری ڕەنج و خەباتی ئەوان ناخۆن، گیانە تۆ لەجیاتی ژیانی ئەو کۆبکەیتەوە و خۆتی تێدا بکەیتە پاڵەوان، بڕۆ ئەو کارە بۆ خانەوادەکەی بکە بەقەولی خۆتان گوتەنی هەقی خۆیەتی.
+ تۆ ئەگەر دەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە، تکایە چۆن دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەی دروست بکەین؟
- خۆت بە کاری مەحاڵ خەریک مەکە، تۆ خانەنشینیەکت بۆ نەکردوون، کە بەتەلەفۆنێک پێت دەکرێ، ئەوێ وڵاتی ئێمە نیە بە پارە و خزم خزمێنە کار بکرێ.
هیچ چارەم نەما لەگەڵی زۆری ئازار دام، لە خەفەتان ئەو پرسیارەم لێکرد کە باجێکی گەورەم دا:
+ تۆ کوڕێکی زیرەکی بەس وابزانم لەسەر دزی گیرابوویت.
- بەڵی ڕاستە، تۆش لەوێ بوویتایە پێکەوە لەژووری دەبووین، بەڵام تۆ لەسەر مولکی گشتی، ئەمنیش لەسەر دزینی بانک.
هەستاو بێ ماڵئاوایی بەجێیهێشتم، ئەو نامەیەی کە بۆ ئامانجم نووسیبوو لە پێش خۆی دانابوو ئەویشی بەجێهێشت، بۆیە دڵنیام بۆ شەڕ هاتبوو نەک بۆ

سەردان، لەگەڵ ئەوەش کە تەلەفۆنم بۆ ئاوات کرد، گوێم لێبوو دەنگەک گوتی: بڵێ گەڕایتەوە. خۆ ئەگەر بگەڕابایەوە ئاواتیش دەیزانی وا بڵێ، کە چوومە ماڵی ئاوات لەوە گەیشتم هەموو بەزمەکە لە بن سەری ئاوات بووە و ئەویش یونسی هانداوە کە بێ ئەو قسانە بکات، ئاخر ئاوات زۆر کەس بەگێلی دادەنێ، ئەوە هیچ ئەمن باوەڕم بەوە نیە کە کەس گێل بێ، هەر کەسەو لە لایەنەک زیرەکە، ئاواتیش لەوەی کە باوەڕت پێ بێنێ زۆر بە توانایە، کە داوای ئەدرێسی یونسم کرد گوتی یونس گوتوویەتی مەیدێ، دوو نامەم داوەتێ بۆ ئامانجی بنێرێ کە تێیدا بارودۆخەکەم بەگشتی بۆ باسکردووە، گومانم هەیە کە ناردبی، لە کۆی ئەو هەموو شتە لەوە دەترسم دڵی ئامانجیان لە من ڕەنجاندبێ.
زۆر سەیرە وەک ڕاچڵەکانێک لە خەودا حەزم چووە ئەو چیرۆکەی کە کاتی خۆی ئامانج لەسەر ئاواتی نووسیبوو. ئێوە بەچی دادگاییم دەکەن، ئازادن، بەڵام ئەمن حەزدەکەم وەک وەفایەک ناوی ئەو نووسینە بکەمە بە (بەڵێ ئەمن هاوڕێتم)، چەند تێبینیەکم لەسەر نووسینەکە هەیە، ئایا ئامانج بۆچی بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی بۆ زولێخای خوشکی ناردوە؟ باشە خۆ ئەو دەزانی خوشکەکەی خوێندەواریەکی باشی نیە؟ نۆ منداڵ و کرێچی و بە هیچ ڕاناگا، کە داوای نووسینەکانی ئامانجم لێکرد، زۆر بەکزی دامێ، چەند گوناح بوو کە لێم پرسی قەت لە ئامانجت پرسیە بۆ نووسینەکانی بۆ تۆ دەنێرێ؟ چۆن دڵم دێ، دیارە سەبووریی بە من دێ، با زاڵم نەبم ئەوەی کە دەیزانم بیڵێم، دەزانم زۆری خۆشدەوێ و زەمەنی هەرزەکاری هیوایەکی زۆری پێی هەبوو، بەڵام کە باوکی هیواکەی کوشت تەنها رەحم و خۆشەویستی بوو پێکی دەبەستانەوە، لەگەڵ هەموو شتەکیش لەوە ناگەم بۆ ئامانج بەشێک لە نووسینەکانی بۆ ئەو دەنارد، وەک

گوتم لە هەندەک شوێن ئەمن گومانی ئەوەم لا دروست دەبوو کە ئامانج تووشی شیزوفرێندی بووە، بۆیە لە نێوان ڕۆمان و بیرەوەریدا لێمتێک چوو، ئەمن ناتوانم ڕۆمان بنووسم، بەڵام مامۆستا نەسرین ئەحمەد کە مامۆستای زانکۆیە و دۆستێکی نزیکی سروەی خوشکمە یارمەتەیەکی زۆری داوم، هەر ئەویش کردی بە پرۆژەیەکی خۆبەخشیی خۆی، دەستخۆشی لێدەکەم، هەر ئەویش گوتی ئەو شێوازە نووسینە زۆر لە نووسەرەکان بەکاری دێنن لەزمان، ئەمن، گۆتی، ئەو، نازانم چی بێژارن، هەندەک نووسەر هەن مردوو دێنن و ڕووداوێکی پێدەگێڕنەوە، گرنگ کۆی ڕووداوەکەیە، دەنا ئەمن هاوڕانیم کە هاوڕێیەکەت کێشەیەکی دەروونی هەبێ، بە پێچەوانەوە ئەو زۆر ئاگادارە، هەندەک چیرۆک کە ئامانج نووسیبوونی لەبەر کرچ و کاڵی، وەلای نان، ڕاستیەکەی ئەمن پێم خۆش بوو بڵاویان بکەینەوە، یەکەم لە بەرئەوەی هی ئامانج بوون دووەم چی تێدا با خەڵک وەک چیرۆکنووسێکی سەرنەکەوتوو بیناسن، بەڵام مامۆستا زۆر ماندوو بوو بە تانوپۆی نووسینەکە بۆیە دڵم نەشکاند، بەڵام ناوی کتێبەکەم زۆر پێناخۆش بوو، کە بەرەو چاپیشم نارد هەر پێم قبوڵ نەکرا، دووبارە تەلەفۆنم بۆ مامۆستا نەسرین کردەوە، گووتی مەترسە، ئەوە ئەگەر ببێ بە پرسیاریش، وەڵامدانەوەی ئاسانە، زۆری ئەو گومان و تێبینیانەم بەڕاشکاوی لە نامەکە بۆ ئامانج ناردووە، بەڵام گومانم هەیە بە دەستی گەیشتبێ، لەوانەیە ڕۆژێک ئەو کتێبە وەک میوانێکی چاوەڕوان نەکراو خۆی بە ماڵەکەیدا بکات..

تەواو

سروە پێنووسەکەی لێوەرگرتم و نووسی:
ببوورە هاوڕێم ئەمن و تۆ لەزەمەنێک
ژیاین کە مرۆڤەکان وایان دەزانی ڕاستی و
هەڵە یەک ڕووی هەیە، وامان دەزانی
مرۆڤ ئایدلۆژیایە بە بێ روح، تۆ هەڵە
نەبوویت، ئەمنیش هەڵە نەبووم، بەس
ئێمە تێکنەدەگەیشتین، هەر کەسە و
بەدوای ناسنامەی خۆیدا وێل بوو، بەڵام
کەم کەس پێی دەگات، چونکە نەریت
ڕەگی ئەو کۆمەڵگەیەی تائێستاشی
لەگەڵدا بێت کۆنکریت کردووە